

گولا
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی سی و یەکەم (١٤٤٦)- (١٣)ی ک

ئەگەر سەرنج لە لێدوانەکانی ترەمپ بدەین کە هێشتا نەگەیشتووەتە کۆشکی سپی و نەبووەتە سەرۆك هەست بەو توندئاژۆییە دەکەین کە مەبەستێتی، لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو لە کۆشکی سپی جێبەجێیان بکات

ترەمپ هێزێکی لە ڕاددە بەدەری هەیە و بە ملیۆنان هەواداری هەیە و، بەوشێوەیە بیر دەکاتەوە کە ئەو توانایەی هەیە هەموو ڕێککەوتنەکان و دامەزراوەکان هەڵبوەشێنێتەوە

وای دەبینێت، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك "نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی" هیچ بەها و سوودێکیان بۆ ئەمریکا نییە

## هەفتەی داهاتوو

# سوێندی دەستبەکاربوونی ترەمپ دەبێتە تەلقین بۆ سیستمی لیبڕالیی نێودەوڵەتی




# سەردانەکەمان بۆ ئۆردۆن

## لە ٤ی ئایاری ٢٠١٤

١٤٤

لەسەر بانگهێشتی شا عەبدوڵڵای شای ئۆردۆن، ڕۆژی ٤ی ئایاری ٢٠١٤ بە سەردانێکی فەرمی سەردانی شانشینی ئۆردۆنمان کرد. ڕۆژی دواتر بۆ نانی نیوەڕۆ میوانی شا عەبدوڵڵا بووین. دانیشتنێکی زۆر دۆستانە و کراوەمان هەبوو و گفتوگۆیەکی زۆرمان لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوانمان کرد. لە بەشێکی کۆبوونەوەکەدا شای ئۆردۆن ئامادەیی تەواوی خۆی و وڵاتەکەی نیشان دا بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان و زۆر بە پەرۆش بوو بۆ یارمەتیدانی هەولێر و بەغدا لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. لە سەردانەکەدا، شای ئۆردۆن وەک میوان مامەڵەی لەگەڵ نەدەکردین، بەڵکوو وەک برا و دۆستێک لەگەڵمان جووڵایەوە.

ئێوارەی ڕۆژی ٦ی ئایاری ٢٠١٤، مانۆڕێکی سەربازی هەبوو. بە هەلیکۆپتەر سەردانی شوێنی بەڕێوەچوونی مانۆڕەکەمان کرد، کە شا عەبدوڵڵا خۆی هەلیکۆپتەری لێخوڕی و منیش لەگەڵی سوار بووم. مانۆڕێکی بەرفراوانی سەربازی بوو و هەموو جۆرە چەکێکی تێدا بەکار هێنرا (هێزی ئاسمانی و زرێپۆش و تۆپخانە و هێزی پیادە) لە ڕووی تەکنیکییەوە زۆر ڕێکوپێک بوو، بەڵام بەلای منەوە خاڵی هەرەگرنگ بریتی بوو لە بوونی متمانە لە نێوان شا و ئەفسەر و سەربازەکاندا. بەکارهێنانی ئەم هەموو چەکە جۆراوجۆرە و ژمارەیەکی زۆری سەرباز بەدڵنیاییەوە هێمای متمانە و بڕوایەکی بەهێز بوو لە نێوانیاندا، ئەگەر متمانە نەبووایە، شا بە ئاسانی نەیدەتوانی بەو سادەیی و ساکارییە لەناو سەرباز و ئەو هەموو هێزە و چەکەدا ئامادە بێت.

## چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی بەرگی یەکەم لە کتێبی (قسەتان لەگەڵ دەکەم وتاری هزری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ) ی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (محەمەد خۆشناو) کەوتە بەردیدی نووسەر و خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە کۆکراوەی چەندین وتارو باری سەرنج و تێڕوانینی خودی نووسەرە بەرامبەر کێشە و بابەت و باس و خواسی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، لێزانانە شۆڕبووەتەوە بۆ قووڵایی ڕاستی و دروستیی بابەتەکان بە تێکڕای جیاوازییەکانەوە، دەردەدڵیی خۆی لەم بارەوە خستووەتە ڕوو.

محەمەد خۆشناوی نووسەری ئەم کتێبە ڕاستگۆیانە و دوور لە هەڵچوون و ئینتیمای حزبایەتی کێشەکان دەست نیشان دەکات، بەرگری لە هیچ نادروستییەك ناکات، هەموو وتارەکان کوردانە نووسراون، دیارە ئەم خاڵەش لە نووسین و دەربڕیندا زۆر گرنگ و پیشەییانەیە، یەکێکە لە سیفەتەکانی هەر شرۆڤەکارێکی ڕاستگۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دنیادا، وتار و بابەتەکان هەمەجۆر و فرەجیاوازن، لەم کتێبەدا نووسەر لە هەندێ بواردا هەڵوێست و قسەی خۆی هەیە، لەوانە چۆتە ناو بەراوردکردنی سیاسەتی ئابووری و سەربازی و دیبلۆماسی لەنێوان هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران و بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی کورد و وڵاتانی دیکە.

ئەم کتێبەی خۆشناو(٥٢٤) لاپەڕەی قەبارە گەورە و دەیان ناونیشان لەخۆدەگرێت، لە بابەتێکدا کە بەناونیشانی (کارگەی دروستکردنی بێ هیوایی!) ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێك قەیران و گیروگرفتدا تێدەپەڕێت، کە هەموویان دەستکردی خۆیەتی، هەر لە سیاسەتی ئابووری و خراپیی ئیدارەدان و لێکترازانی نێوماڵ و نەبوونی متمانە بە دەسەڵات و حزبەکان و بێتوانایی هەندێك لە بەرپرسان، بەڵام ئەگەر ئیرادەیەکی بوێر هەبێت دەتوانێت ئەو قەیرانانە تێپەڕێنێت، لە بابەتێکی دیکەدا محەمەد خۆشناو دێتە سەر ئەوەی کاتێك جاهیلێك دەبێتە خاوەن ملیۆنان دۆلار، لەمەدا ئاماژە بەوە دەکات کە جێی داخە کەسێکی نەفام و نەخوێندەوار خاوەنی ملیۆنان دۆلار بێت، کەسێکیش بێت بە ژیانی کتێبێك بەڵکو ڕۆژنامەیەکیشی نەخوێندبێتەوە، ئەم داخە زیاتر ڕۆشنبیران هەستی پێ دەکەن، کەسێکی فێرخوازی ڕۆشنبیر کە زیاتر لە هەزار کتێبی خوێندۆتەوە، کەچی بێ پارەیە و جاری وا هەیە بە نەخۆشی و نەتوانینی چارەسەرکردن دەمرێت.

لەبەر چی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جێگەی متمانە نین؟ نووسەر دێتە سەر بابەتێکی گرنگ، کە لەبەرچی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن لە کوردستاندا فەشەلیان هێناوە بۆ گۆڕینی ڕای خەڵك و ئەو کاریگەرییەی نییە، کە دەبێت هەبێت، بۆیە ئەو فەشەل و لاوازیی کاریگەرە هەر لە کوردستان نییە، بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیشدا هەیە! هۆکارەکەیشی زۆرن لەوانە ئاستی نزمیی هۆشیاری و یادوەریی تاك تێیدا کورت و لاوازە، لە کەشوهەوایەکدا دابەشبوونی قووڵی سیاسی و نەبوونی متمانەیەکی کەڵەکەبوو بە حزبەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیان و هێرشکردنی بەردەوام بۆ سەر یەکدی و کێشەی لابەلای دوور لە خەمی خەڵك و نیشتمان هەیە، هۆکارێکی دیکە نزمیی ئاستی زۆرێك لە ڕۆژنامەڤانە لە ڕووی ڕۆشنبیری و بەردەوامبوون لەسەر بابەتی سواو و دووبارە و لاواز، جگە لە پابەندنەبوونی هەندێ نووسەر بە بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقی.. بابەتەکان زۆرن و فرە لایەنن، دەستخۆشی بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس (محەمەد خۆشناو) بۆ ئەم کتێبە بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

دکتۆر محەمەد ئیحسان :



**سەرۆک بارزانی مەرجەعی یەکەمی کوردە و جێگەی متمانەو باوەڕی ئەورووپا و ئەمریکا و هەموو دنیایە، چونکە کەسێکی ڕاستگۆ و دادپەروەر و ئاشتیخوازە**

ڕێبوار تاڵەبانی :



**دانانی دەستووری هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی کابینەی دەیەم گرنگییەکی زۆری بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە**

پ. د. یوسف حەمە ساڵح :



**پاراستنی کۆمەڵگە و قەوارەی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی گەنجەکانەوە لە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان دەست پێدەکات**

پرۆفیسۆر دکتۆر مونا یوخنا یاقۆ :



**سەرۆک بارزانی هەمیشە لەگەڵ دادپەروەری و پاراستنی مافی پێکهاتەکان بووە**




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

پ.ی.د.گەیلان محەمەد تاڵەبانی :



**دابەشکردنی ئایینی ئیسلام بۆ سیاسەت و عیبادات کارێکی نارەوایە و هۆکاری گێرەشێوێنی و تێکدانی بارودۆخی کۆمەڵگەیە**



بریار پیرداود مەخمووری: :

**داوا لە هەموو کچێک دەکەم، لە پاڵ خوێندن پەرە بە بەهرەکانیان بدەن**

**ژیریی دەستکرد داهاتووی نیشاندانی تەلەڤزیۆن دەگۆڕدرێت**




**ڕێنمایی خۆراکی بۆ ئافرەتی دووگیان**



سرووشت عومەر :

**منداڵان فێرگەکان هەڵدەبژێرن بۆ یاریکردن لەوێشەوە بەهرەکانیان دەردەکەوێت**





**هونەرمەندان**

**بۆ کۆچی دوایی**

**زاهیر عەبدوڵڵا**

**چی دەڵێن**







٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥

# سوێندی دەستبەکاربوونی ترەمپ دەبێتە تەلقینی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی و پلۆتۆکراسی جێگەی بیرۆکراسییەت دەگرێتەوە

بۆ دەبێت گەورەترین مەترسیی سیاسی بۆ ساڵی ٢٠٢٥، بە دووبارە دانانەوەی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا هەژمار بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بیرمەند و توێژەرانی هەموو دەوڵەت و نەتەوەکانی جیهانی سەرقاڵ کردووە، ئەوجا ئەگەر بیرمەند و توێژەران بە توێژی دەستەبژێر «The Elite Group» هەژمار بکرێن، ئەوا دۆناڵد ترەمپ بە پلەی یەکەم دژی ئەو دەستەبژێرەیە و بە پێچەوانەوەش زۆر بە زۆری دەستەبژێرانی ئەم جیهانەش لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن کە «دۆناڵد ترەمپ لەم خولەی سەرۆکایەتی ئەمریکا نەخشە بۆ ئەوە دادەڕێژێت، گۆڕانکارییەکان بەردەوامییان هەبێت و جیهان بە شێوازی تازە کاروبارەکانی بەڕێوە بچێت».

فرانسیس فۆکۆیاما کە لە ساڵی ١٩٩٢ کتێبی «کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ - The End of History and the Last Man» بڵاو کردەوە و، لەو کتێبەدا مژدەی ئەوەی بە مرۆڤایەتی دا، کە دوای شکستی کۆمۆنیزم و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان، ئیدی «سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دەبێتە تەنیا سیستم کە دوایین مرۆڤ ئازاد دەکات و مێژووی تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئازادی کۆتایی دێت»، دوای ٣٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەیدا لە ساڵی ٢٠٢٢ کتێبی « لیبراڵیزم و کێشە و نارەزاییەکانی - Liberalism and Its Discontents» بڵاو کردەوە، دەیەوێت لەوە ئاگادارمان بکاتەوە کە لە سەرانسەری جیهاندا سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە پاشەکشەدایە و لە بەرانبەردا سیستمەکانی «تۆتالیتاریالیزم و دیکتاتۆریەت و لیبراڵ دیموکراتیی ناساخڵەم» لە هەڵشکاندایە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حزب و سەرکردەی پۆپۆلیستی ڕاست و چەپ زیاتر دەردەکەون». فۆکۆیاما ئومێدی خۆی بۆ دووبارە ژیانەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو، کاتێك دۆناڵد ترەمپ هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٠ی دۆڕاند، جارێکی دیکە گەلی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ، یان کەسێکی هاوشێوەی دۆناڵد ترەمپ هەڵنابژێرێتەوە، بەڵام هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٤ نەك تەنیا ئومێدەکەی فۆکۆیامای پێچەوانە کردەوە، بەڵکو کۆی ئەو ڕاپرسییانەشی بۆ ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکای ئەمجارە لەلایەن ناوەندەکانی ڕاپرسی و دامەزراوەی میدیا گەورەکان و کەناڵە بەناوبانگەکانی جیهانیش ئەنجام درابوون، هەمووی «لنگەوقووچ» کردەوە و بە یەکجار هەموو جیهانی تووشی شۆك کرد.

فۆکۆیاما، لە دوایین پەنێلیدا کە لە «ئامۆژگای نیشتمانی بۆ دیراسەتی سیاسی» لە تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن بۆی ساز کرابوو، بە شێوەیەکی زمنی ددان بەوەدا دەنێت کە «خەڵك بەگشتی» وەك توێژی دەستەبژێر بیر ناکاتەوە، ئەوجا ئەگەر کۆڵەگەی فەلسەفی لیبراڵ دیموکراتی ئەوە بێت «ئەوەی خەڵك دەیڵێت و دەنگدەر لەسەر سندوقی دەنگدان هەڵیدەبژێرێت، هەر ئەوە ڕاستە»، ئەوا ئەو قسەیەی فۆکۆیاما بێمانا دەبێت کە دەڵێت: «زۆربەی ئەوانەی دەنگیان بە ترەمپ داوە، کەسانی ئاسایین و، ڕێژەی ئەو خەڵکانەی لە ئەمریکا بڕوانامەی زانکۆیان نییە لە سەرووی ٦٠٪»ن، ئەم ڕاشکاوییەی فۆکۆیاما ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە وەك تۆماس فریدمان زۆر جوان ئاماژەی پێ کردووە و دەڵێت: «کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا هێندەی لە ڕێگەی ئایپادەکانیانەوە چاودێریی پشکەکانی بازاڕی پشکەکان دەکەن، نیو هێندە ئاگایان لە خواست و داخوازییەکانی گەلی ئەمریکا نییە و، خەڵك لە دۆڵێکە و سیاسییەکان لە دۆڵێکی دیکە»، بەڵام هەڵبژاردنی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٤ ی ئەمریکا ئەوەی سەلماندەوە کە توێژی دەستەبژێریش وەك سیاسییەکان لە دۆڵێکن و خەڵکی ئاسایی لە دۆڵێکی دیکەن و، ئاگایان لە خواست و داواکاری و کێشەی خەڵك نییە و تەنیا خەریکی داتاشینی قسەی زل و ماکیاژکردنی لیبراڵ دیموکراتین، کە خەڵکی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەڕاستی لێی بێزار بووە.

ئایان بریمەر، زانایەکی زانستی سیاسەتە و دامەزرێنەر و سەرۆکی گرووپی دامەزراوەی «ئۆراسیا»یە بۆ مەترسییە سیاسییەکان و خاوەنی دامەزراوەی میدیایی «سفر گرووپ GZERO»ـە، لە سەرەتای هەر ساڵێك ڕاپۆرتێکی مەزندەبۆکراو بۆ مەترسییەکانی

**هەڵبژاردنی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٤ ی ئەمریکا ئەوەی سەلماندەوە کە توێژی دەستەبژێریش وەک سیاسییەکان لە دۆڵێکن و خەڵکی ئاسایی لە دۆڵێکی دیکەن و، ئاگایان لە خواست و داواکاری و کێشەی خەڵک نییە و تەنیا خەریکی داتاشینی قسەی زل و ماکیاژکردنی لیبراڵ دیموکراتین**

**خاڵی لە هەموویان مەترسیدارتر کە هەموو باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا لێی ترساون، ئەوەیە کە لە ناو سیستمی سیاسی و حوکمڕانیی ئەمریکادا چاودێری و هاوسەنگی** (Check and Balances) **نەمێنێت**

**توێژەران و بیرمەندان هەڵکشانی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا وەک مەترسییەکی گەورە سەیر دەکەن، بەتایبەتی کە ئێستا لە بەرژەوەندیی ڕووسیا هێزەکانی کۆریای باکوور لە بەرەکانی جەنگدا هەن و لە دژی هێرشەکانی ئۆکرانیا بەرگری لە ڕووسیا دەکەن**

ساڵی داهاتوو بڵاو دەکاتەوە. بۆ ئەمساڵ (٢٠٢٥) لە ڕاپۆرتەکەیدا یەکەمین مەترسیی بە ئیفلیج بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان داناوە و بەوە دیاریی کردووە کە چیتر «ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، سندوقی نەقدی نێودەوڵەتی، بانکی نێودەوڵەتی و.. هتد» ڕەنگدانەوەی سەرەکیی هاوسەنگیی نێودەوڵەتی نابن، بەمەش جیهان تووشی چەقبەستنی جیوسیاسیی گەورە دەبێت لە ناو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و نائومێدییەکی گەورە «Great Depression» باڵ بەسەر کۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەکێشێت.

لە دیمانەیەکدا کە لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٥) کە دامەزراوەی میدیایی خۆبەخش «TED» لەسەر ڕاپۆرتی «مەترسییەکانی ٢٠٢٥» لەگەڵی ساز دابوو، هۆکاری سەرەکیی بۆ مەترسیی یەکەم کە «سیستمی جیهانی»یە، بە دەستبەکاربوونی ترەمپ وەك سەرۆکی نوێی ئەمریکا گرێ دادەتەوە. بریمەر وای دەبینێت، ئیدارەی ئەم جارەی ترەمپ زۆر لە ئیدارەی ساڵی ٢٠١٧ جیاوازتر و بەهێزتر دەبێت و تیمی ئیدارەی ئەم جارەی ترەمپ پێك دێت لە کۆمەڵێك هەرزەکاری سیاسی، کە زۆر ملکەچی فەرمانەکانی ترەمپ دەبن و ئەو چی بوێت، ئەوە دەکەن، ئەم جارە کەسایەتیی گرنگی وەك مایك پێنس جێگری سەرۆك و مایك پۆمپیۆ وەزیری دەرەوە لە ستافەکەیدا نین، هەتا ترەمپ ناچار بێت دەست بە کەواکەیانەوە بگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیارێك دەربکات، لەمەش زیاتر خاڵی لە هەموویان مەترسیدارتر کە هەموو باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا لێی ترساون، ئەوەیە کە لە ناو سیستمی سیاسی و حوکمڕانیی ئەمریکادا چاودێری و هاوسەنگی (Check and Balances) نەمێنێت، لەبەر ئەوەی ئەم جارە کۆمارییەکان لە کۆنگرێس و سەنات زۆرینەن و دادگای فیدڕاڵییش دەستەمۆ کراوە لەلایەن ترەمپەوە، بۆیە ترسی گەورە ئەوەیە دامەزراوە و وزارەتە خاوەن دەسەڵاتەکانی وەك «نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدڕاڵی، وەزارتی داد، وەزارەتی خزمەتگوزاری و داهاتی ناوخۆ» ئەمانە هەمووی بە سیاسی بکات. ئەم ئیدارە ملکەچە، زەمینەی ئەوە بۆ ترەمپ خۆش دەکات، کە بڕیاری سەیر بدات، وەك کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکخراوەکانی «تەندروستیی جیهانی، بازرگانیی جیهانی، ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەشوهەوا»، کە ئەمانە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانن و بەم هەنگاوانەی ترەمپ هیچ هاوسەنگییەکی جیهانیی تێدا نامێنێت و بێجگە لە باڵادەستبوونی ئابووریی ئەمریکا هەردوو دامەزراوەی بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی نەقدی نێودەوڵەتی بایەخیان نامێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستمی نوێی جیهان» یان پێی دەگوترێت «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی»، کە ئەمریکا لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە سەرۆکایەتیی دەکات، دەبێتە کۆپییەکی بێ ناوەرۆك و چیتر کاری پێ ناکرێت.

لە لایەکی دیکەوە مەترسیی ئەوە هەیە کە ترەمپ مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ ئەو هەوڵانە بگرێتەبەر کە لەسەر ئاستی جیهان دەدرێن، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت دەرهاویشتە خراپەکانی زیرەکیی دەستکرد زیان بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت، بۆیە ئەگەری زۆرە ئەو ڕێککەوتنەی جۆزێف بایدن لەگەڵ سەرۆکی حەوت کۆمپانیای گەورەی تەکنەلۆژیای بواری زیرەکیی دەستکرد واژۆی کردووە، بۆ ئەوەی باشتر ئاراستەی ئەم تەکنەلۆژیایە ڕێك بخرێت، ئەویش هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەك چۆن لە پابەندبوون بە ڕێککەوتنی پاریس بۆ گۆڕینی کەشوهەوا هاتە دەرەوە.

### کۆتایی پێهێنانی شەڕەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا – ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

### ١

### شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا

ئاراستەی گشتیی بۆچوونەکان بۆ شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠٢٥ بەرەو ئەوە دەچێت، دوای دەستبەکاربوونی ترەمپ بە ماوەیەکی کەم گوێبیستی ئاگربەستی ئەم شەڕە دەبین. ئەمانوئێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا بەم دواییە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «پێویستە ڤۆلۆدمێر زیلنسکی سەرۆکی

**لە ناو هەموو هاوپەیمانەکانی ئەمریکادا، ئیسرائیل تەنیا دەوڵەتە کە خۆشحاڵە بە دەستبەکاربوونی ئیدارەی تازەی ترەمپ و هیچ نیگەرانییەکی لەبارەیەوە نییە**

**ترەمپ، «مایک هاکابی» دەستنیشان کردووە بۆ باڵیۆزی داهاتووی ئەمریکا لە ئیسرائیل، کە بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە کێشەی فەلەستین و نیشتمانێک بەناوی فەلەستین نییە**

**چاودێران و توێژەرانی سیاسی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕایان وایە لە ناو واقیعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئیسرائیل ڕۆڵی ئەمریکایەکی بچووک دەگێڕێت**



ئۆكرانیا واقیعییانە بیر بكاتەوە و دەستبەرداری بەشێك لە خاكەكەی بێت بۆ ڕووسیا»، بەشی زۆری توێژەران و شرۆڤەوانانی سیاسی پێیان وایە ئەم بۆچوونەی ماكرۆن، بۆچوونی دۆناڵد ترەمپیشە و دەیەوێت شەڕەكە كۆتایی پێ بهێنێت و ئەگەر لەلایەن ئۆكرانیاوە ئاگربەست ڕەت كرایەوە، ئەوا ترەمپ ئەو یارمەتییە لۆژیستی و سەربازییانەی هاوكاریی ئۆكرانیای پێ دەكرد، هەمووی ڕابگرێت، ئەگەر فلادیمیر پۆتینیش ڕەتی كردەوە، ئەوا سزاكانی سەر ڕووسیا زۆر توندتر دەكاتەوە.

توێژەران و بیرمەندان هەڵكشانی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆكرانیا وەك مەترسییەكی گەورە سەیر دەكەن، بەتایبەتی كە ئێستا لە بەرژەوەندیی ڕووسیا هێزەكانی كۆریای باكوور لە بەرەكانی جەنگدا هەن و لە دژی هێرشەكانی ئۆكرانیا بەرگری لە ڕووسیا دەكەن، هەروەها ئاستی هاوكارییەكانی ئەمریكاش گەیشتووەتە ئەو ئاستەی كە ڕۆكێتی «ئەتاكمز — AT-MACMS» دوورمەودا بدرێتە هیزەكانی ئۆكرانیا بۆ ئەوەی شارە دوورەكانی ڕووسیای پێ بوردمان بكات، ئەمە زەنگێكی مەترسیدارە بۆ ئەوەی ئەو هێڵانە ببەزێنرێت كە ڕووسیا بە هێڵی سووری دەزانێت و پەنا بۆ بەكارهێنانی چەكی ئەتۆمی بەرێت.

لەو كاتەشی تیمی ئاسایشی نەتەوەیی ئیدارەی بایدن سەرقاڵی ئەوەن خۆیان كۆ بكەنەوە و كۆشكی سپی بەجێ بهێڵن، ئەوا یەكێك لە ستراتیژە گەورەكانی ئەمریكا بۆ شەڕی ئۆكرانیا ڕووبەڕووی هێرشێكی ڕەخنەگرانەی

توند بووەتەوە و، هۆکاری بارودۆخی ئۆکرانیاش لەم شەڕەی لەگەڵ ڕووسیا دەگێڕنەوە بۆ ئەو شێوازە خراپەی ئیدارەی بایدن هاوکاریی ئۆکرانیای کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کۆمارییەکان هەر لە دەستپێکی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە ئەو شێوازەی ئیدارەی بایدنیان ڕەت کردووەتەوە کە هاوکاریی ئۆکرانیای پێ کراوە. لەم بارەیەوە سیناتۆر ئادەم کینزجر سیناتۆری کۆمارییەکان و بین هۆدجز ژەنەڕاڵ و فەرماندەی پێشووی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەورووپا، پێکەوە لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٤ وتارێکی هاوبەشیان لە سایتی CNN بڵاو کردووەتەوە و تیایدا دەڵێن: «لە زۆربەی کاتەکانی ئەم شەڕەدا ڕووسیا هەڕەشەی هەڵکشانی ئەم شەڕەی کردووە و بە ڕێگەی هێرشکردنە سەر دەوڵەتانی ناو هاوپەیمانیی ناتۆ، یان بە کارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، بەڵام ئەم هەموو ئەم هەڕەشانە فێڵێك بوون ڕووسیا لە دەوڵەتانی ناتۆی کردووە، لە کاتێکدا هێزەکانی ئۆکرانیا بەو پەڕی ورەوە بەرگرییان لە خاکەکەی خۆیان دەکرد، ئەگەر هەر لەسەرەتاوە ئەو چەکانەی ئۆکرانیا داوای دەکردن بۆیانی دابین بکردایە، ئەوا شەڕەکە ئاوا درێژەی نەدەکێشا و زوو کۆتایی دەهات».

هینری کیسجنەر لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣ و لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤوس کە هێشتا شەڕەکە ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕیبوو، پێشنیاری ئەوەی کرد، لەسەر ئەمری واقیعی بەرەکانی شەڕی ئێستای نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا ئاگربەست ڕابگەیەندرێت و گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی دانوستاندنی ئاشتییانە دەست پێ بکرێت، بەڵام ئەم پێشنیارەی کیسنجەر کە دەکرێت پێی بڵێین «ئەقڵی کۆمارییەکان» لەلایەن ئیدارەی بایدن و زیلنسکییەوە ڕەت کرایەوە، بەڵام مەزندەکان هەمووی بەو ئاراستەیەن کە ئەولەوییەتی سیاسەتی کۆمارییەکان لە ئیدارەی تازەی ترەمپدا جێبەجێکردنی پێشنیارەکەی کیسنجەر دەبێت و، ئۆکرانیا ناچار دەکەن بە ئاگربەست ڕازی بێت و دەستبەرداری بەشێك لە خاکەکەی ببێت، بەتایبەتی ئەو سێ هەرێمەی کە ڕووسیا وەك خاکی خۆی داوایان دەکات.

## ٢
## شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە ناو هەموو هاوپەیمانەکانی ئەمریکادا، ئیسرائیل تەنیا دەوڵەتە کە خۆشحاڵە بە دەستبەکاربوونی ئیدارەی تازەی ترەمپ و هیچ نیگەرانییەکی لەبارەیەوە نییە، لەمەش زیاتر ترەمپ، «مایك هاکابی» دەستنیشان کردووە بۆ باڵیۆزی داهاتووی ئەمریکا لە ئیسرائیل، کە بە هیچ شێوەیەك بڕوای بە کێشەی فەلەستین و نیشتمانێك بەناوی فەلەستین نییە، لەمەش زیاتر لە دوایین دیمانەی لەگەڵ کەناڵی ٧ی ئیسرائیل ڕاشکاوانە گوتی: «ناتوانم شتێك بڵێم کە باوەڕم پێی نییە، بۆیە هەرگیز ئامادە نیم چەمکی «کەرتی ڕۆژئاوا» بەکار بهێنم، شتێك بەم ناوەوە نییە بۆیە من باس لە «یەهودا و سامرە» دەکەم کە دوو ناوی ئیسرائیلین.

دانانی مایك هاکابی بە باڵیۆزی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل ڕاشکاوانە واتە ئەو جوگرافیایەی دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینی لە ناوەڕاستی فەلەستین لەسەر دامەزراوە دەدرێتەوە بە ئیسرائیل، وەك هاکابی دەڵێت «شتێك نامێنێت بەناوی «کێشە و نیشتمانی فەلەستین». دۆناڵد ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا ددانی بەوەدا نا، کە بەرزاییەکانی جۆلان بەشێکن لە خاکی ئیسرائیل و باڵیۆزخانەکەشی لە تەلئەبیبەوە گواستەوە قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل، ئەم جارەش کە هەر لە سەرەتاوە نکۆڵی لەوە دەکەن، جوگرافیایەك هەبێت بەناوی «کەرتی ڕۆژئاوا»، ئەوا مانای ئەوەیە دەبێت مەحموود عەباس و دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین خۆیان ئامادە بکەن، چۆن مەکسیك و کەندا خۆیان ئامادە کردووە، مامەڵە لەگەڵ ئیدارە تازەکەی ترەمپ بکەن، ئەوا دەبێت ئەوانیش بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ترەمپ بکەن کە نەتانیاهۆی پێ ڕازی دەبێت.

بانگەشەی ترەمپ بۆ ئەوەی «کەنەدا» ببێتە بەشێك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، دوای کردووە کە دورگەی «گرینلاند» کە گەورەترین دوورگەیە لە جیهاندا دانیمارك پێی بفرۆشێت، لەمەش زیاتر دووبارە داوای وەرگرتنەوەی کەناڵی «پەناما» دەکاتەوە، ئەمە

**پێش شەڕی غەززە لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ کۆماری ئیسلامیی ئێران گەورەترین هێزی هەرێمی بوو کە باڵادەستییەکی زۆر گەورەی زیاتر لە «ئیسرائیل، میسر، عەرەبستانی سعودی و تورکیا» بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو**

**ئێران چیتر ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژییە هەرێمییەوە سەیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، کە پێشتر ڕۆڵی تێدا دەگێڕا، دەبێت بکشێتەوە ناو سنوورەکانی خۆی و تەرکیز لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی خۆی بکاتەوە**

**بۆ ئێران جێگەی نیگەرانییە و مەزندەی ئەوە دەکرێت چیتر ترەمپ ڕێگە نەدات کەشتیی نەوتهەڵگر بەبێ ئاڵا بە دەریا و ئۆقیانووسەکاندا بسووڕێتەوە و نەوتی ئێران بە قاچاخ بفرۆشێت**

لەو ڕوانگەیەوەیە کە هیچ هێزێك لە ئێستای جیهاندا هاوتای هێزی سەربازی و ئیمکانیاتی ئەمریکا نییە و ئەوەی دەیڵێت، دەبێت جێبەجێ بکرێت، دەبێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بەو شێوەیە جیهان بەڕێوە بچێت کە ترەمپ مەبەستیەتی.

چاودێران و توێژەرانی سیاسی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕایان وایە لە ناو واقیعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئیسرائیل ڕۆڵی ئەمریکایەکی بچووك دەگێڕێت، هیچ دەوڵەتێك لە ناوچەکەدا هاوتای هێز و ئیمکانیاتی هێزی سەربازی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ئیسرائیل نییە، هەر بۆیە ئیسرائیل خۆی کات و شوێنی شەڕەکان دیاری دەکات و کەی بیەوێت و چ لایەنێکی بیەوێت، هێرشی دەکاتە سەر و، براوەی یەکەم و بێوێنەی شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیسرائیلە.

پێش شەڕی غەززە لە ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ کۆماری ئیسلامیی ئێران گەورەترین هێزی هەرێمی بوو کە باڵادەستییەکی زۆر گەورەی زیاتر لە «ئیسرائیل، میسر، عەرەبستانی سعودی و تورکیا» بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو، دوو گرووپی بەرەی مقاوەمە «حزبوڵڵا و حوسییەکان» هەر یەکەیان هێندەی دەوڵەتێکی گەورە چەکی پێشکەوتوو و ڕۆکێت و درۆنیان لەبەردەست بوو، سووریای ئەسەد ڕێرەوێکی باش بوو بۆ گرێدانەوەی بەیرووت بە تارانەوە و گەیاندنی چەك بۆ حزبوڵڵا، بەڵام لە ماوەی یەك ساڵدا ئەم هاوکێشەیە گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەسەردا هات، هێزەکانی حزبوڵڵا بە تەواوی تێك شکێندران و سەرکردەکانیان کوژران، بزووتنەوەی حەماس نەمان، ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامیی فەلەستینیش ئێستا لە گەورەترین کێشەدایە، حوسییەکان لە پەل و پۆ خراون، سەرباری هەموو ئەمانەش پێش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد گورزی کاریگەری لە سوپای پاسداران داوە و ڕووخانی ئەسەدیشی بەدوادا هات، ئیتر ئێران چیتر ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژییە هەرێمییەوە سەیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، کە پێشتر ڕۆڵی تێدا دەگێڕا، دەبێت بکشێتەوە ناو سنوورەکانی خۆی و تەرکیز لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی خۆی بکاتەوە.

تورکیا بە گەڕانەوەی ترەمپ زۆر دڵخۆشە و گرەوی گەورەی لەسەر ترەمپ گرێ داوە، بەڵام بۆ ئێران جێگەی نیگەرانییە و مەزندەی ئەوە دەکرێت چیتر ترەمپ ڕێگە نەدات کەشتیی نەوتهەڵگر بەبێ ئاڵا بە دەریا و ئۆقیانووسەکاندا بسووڕێتەوە و نەوتی ئێران بە قاچاخ بفرۆشێت. لەوانەیە دوای کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا، ڕووسیاش ئەو متمانەیەی جارانی نەمابێت کە بەرگری لە هاوپەیمانەکانی بکات، لەم چوارچێوەیەدا زۆر زەحمەتە کە ئێستا باس لە پرۆسەی ئاگربەستی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بکرێت، ڕۆژئاواش ئەوەی پیشان داوە کە دەکرێت بەشێك لە خاکی ئۆکرانیا بۆ ڕووسیا دەستی لێ هەڵبگیرێت، لەوانەیە ڕووسیا بکەوێتە قۆناغێکی دیکە و نەیەوێت «کوڕی خۆی بکاتە قوربانی کچی هیچ کەسێك»، بۆیە چاوەڕێی ئەوە ناکرێت پۆتین بۆ بەرژەوەندیی ئێران بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ بخاتە مەترسییەوە، بۆیە هەوڵەکانی ترەمپ بەو ئاراستەیە دەکەونە گەڕ کە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بکات بەو شێوەیەی خۆی مەبەستێتی، نەك ڕێککەوتنی نێوان دوو دەوڵەت کە جۆرێك لە هاوسەنگیی تێدا بێت و هەردوولا خۆیان بە براوە بزانن.

عێراق و هەرێمی کوردستان

لە قۆناغی داهاتووی ئیدارەی تازەی ترەمپدا

ئەوەی هەتا ئێستا هەموو بیرمەندان و توێژەران بەوانەشی لایەنگریی دۆناڵد ترەمپ دەکەن، ئاشکرایە و لەسەری هاوڕان، ئەوەیە کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەرۆکە ئەوەیە کە «ناتوانرێت پێشبینیی ئەوە بکرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات و چۆن بڕیار دروست دەکات»، لایەنێکی دیکەش وەك ئایان بریمەر زاراوەیەکی جوانی بۆ داتاشیوە، جیهان لە سەردەمی ترەمپ بەرەو سفر گرووپ (GZERO) بە کردەیی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمەش بەو مانایەی بێجگە لە یەك گرووپ کە ناوی ئەمریکایە، ئیدی لە جیهاندا گرووپی دیکە بەناوی «G٧» یان «G٢٠» نامێنێت، لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی جیهانیش بێجگە لە بڕیاری ئیدارەی ترەمپ «ئەگەر بۆی بچێتە سەر»، هیچ بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی

**چاوەڕێی ئەوە ناکرێت پۆتین بۆ بەرژەوەندیی ئێران بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ بخاتە مەترسییەوە، بۆیە هەوڵەکانی ترەمپ بەو ئاراستەیە دەکەونە گەڕ کە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بکات بەو شێوەیەی خۆی مەبەستێتی، نەک ڕێککەوتنی نێوان دوو دەوڵەت کە جۆرێک لە هاوسەنگیی تێدا بێت**

**ترەمپ» دەبێتە ئەو «دوایین مرۆڤ» Last man ـەی کە فۆکۆیاما لە کتێبی کۆتایی مێژوو ئاماژەی پێ کردووە، بەڵام ئەم جارە ئەو دوایین مرۆڤە نابێتە «سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی»، بەڵکو دەبێتە چەکوشێک وەک چەکوشەکەی» نیچە» بۆ تێکشکاندنی هەموو بەهاکانی لیبڕاڵ دیموکراتی**

نێودەوڵەتی بایەخی نابێت. واتە دروست «ترەمپ» دەبێتە ئەو «دوایین مرۆڤ» Last man ەی کە فۆکۆیاما لە کتێبی کۆتایی مێژوو ئاماژەی پێ کردووە، بەڵام ئەم جارە ئەو دوایین مرۆڤە نابێتە «سیستمی لیبراڵ دیموکراتی»، بەڵکو دەبێتە چەکوشێك وەك چەکوشەکەی «نیچە» بۆ تێکشکاندنی هەموو بەهاکانی لیبراڵ دیموکراتی.

یۆڤال نوح هەراری لە پەنێلێکدا لە هیندستان و دەربارەی مەترسییەکانی ترەمپ هەڵوەستە لەسەر ئەو دروشمەی ترەمپ دەکات کە لە هەڵبژاردنی ئەم جارەشدا جەختی لەسەر کردووە و دەڵێت: «ئەمریکایەکی مەزنتر بونیاد دەنێینەوە «Make America Great Again»، لەسەر ئەم درووشمە هەڵوەستە دەکات و دەپرسێت: ئایا دەبێت لە بیرکردنەوەی ترەمپدا «ئەمریکایەکی مەزنتر» لەم ئەمریکایەی ئێستا چیِ بێت؟ لە ئێستادا ئەمریکا:

- خاوەنی گەورەترین ئیمکانیەتی تەکنەلۆژیای سەربازی و هێزی سەربازییە.
- ئابووریی ئەمریکا ٢٠٪ زیاتری هەموو ئابووریی جیهان پێکدەهێنێت.
- تێکڕای پێشکەوتن و داهێنانەکانی زیرەکیی دەستکرد لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکادایە و سلیکۆن ڤالی ئیمپراتۆریەتی زیرەکیی دەستکردە لە جیهاندا.

هەراری جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەمریکای مەزنتر» کە ئێستا ئەم هەموو ئیمکانیەت و هێزەی لەبەردەستدایە و لەسەر ئاستی ناوخۆش ترەمپ زۆرینەی کۆنگرێس و سەنات و دادگای فیدراڵی لە پشتە، پێدەچێت هەنگاو بۆ ئەوە هەڵبگرێت ئەمریکا بە شێوازێکی دیکە سەرکردایەتیی جیهان بکات و جیهان بەڕێوەبەریت.

لە ئێستادا -هەروەك لەماوەی خولی سەرۆکایەتی یەکەمدا بینیمان- دۆناڵد ترەمپ هەتا کێشەکانی نیوەی خۆرئاوای هەسارەی زەوی چارەسەر نەکات، هەنگاوی زۆر گەورە بۆ کێشەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا هەڵناگرێت، ئەو کێشە سەرەکییانەی نیوەی خۆرئاوا بریتین لە:

١- لکاندنی کەندا بە ئەمریکاوە.

٢- کڕینی دوورگەی گرینلاند لە دانیمارك.

٣- ڕێککەوتن لەگەڵ مەکسیك بۆ دوورکەوتنەوە لە بازاڕەکانی چین و چارەسەری کێشەی پەنابەری نایاسایی.

٤- گێڕانەوەی دەسەڵاتی تەواوی ئەمریکا بۆ سەر کەناڵی پەناما.

٥- گۆڕینی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا کە لە ئێستادا ئیلۆن ماسك داوای دەکات و بەریتانیا نازانێت چۆن وەڵامی بداتەوە.

توێژەران و بیرمەندان وای دەبینین لە شەش مانگ تا ساڵی یەکەمی ماوەی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکادا ئەم کێشانە بەشی زۆریان بەوجۆرە کۆتاییان دێت، کە ترەمپ مەبەستێتی، ئەگەر ئەو مەزندانە بەو جۆرە هاتنەدی، ئەوا دەبێت دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە) بەو جۆرە مامەڵە بکەن، کە هیچ هاودژییەك لەگەڵ سیاسەتی تازەی ئەمریکا بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نەکات.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و بە پشتبەستن بەو سیاسەتەی لە ٢٠١٧-٢٠٢١ بەرانبەر عێراق پیادەی کردووە، هەست دەکرێت سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرێت کە عێراق سەقامگیر بێت و حکومەتی عێراقی وەڵامدەرەوەیەکی ئەرێنی و ئەکتیڤی هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی چەکی گرووپە چەکدارە شیعە وەلاییەکان و، بە خێرایی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق چارەسەر بکرێت و پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوان هەولێر و بەغدا بونیاد بنرێتەوە.

بۆ هەرێمی کوردستان کە هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لایەنێکی خێر و کاریگەر بووە بۆ ئەوەی عێراقی نوێ عێراقێکی سەقامگیر و پەرلەمانی و فرەیی و فیدراڵی بێت، کارێکی قورس نابێت کە بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت کە لەگەڵ کۆی پرۆسەی ئاشتی و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەك بگرێتەوە، حکومەتی عێراقیش ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەیەی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکانی داهاتوو بکات، ئەگەری زۆرە کە کارتەکانی لەگەڵ کارتی نەیارانی ترەمپ تێکەڵ نەکرێت.

**دۆناڵد ترەمپ هەتا کێشەکانی نیوەی خۆرئاوای هەسارەی زەوی چارەسەر نەکات، هەنگاوی زۆر گەورە بۆ کێشەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا هەڵناگات**

**بۆ هەرێمی کوردستان کە هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لایەنێکی خێر و کاریگەر بووە بۆ ئەوەی عێراقی نوێ عێراقێکی سەقامگیر و پەرلەمانی و فرەیی و فیدراڵی بێت، کارێکی قورس نابێت کە بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت کە لەگەڵ کۆی پرۆسەی ئاشتی و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک بگرێتەوە**

**فرانسیس فۆکۆیاما**
**لە پەنێڵکدا لە تۆکیۆ:**

# دۆناڵد ترەمپ تەنیا نەخۆشییەکە نییە، بەڵکو هۆکاری نەخۆشییەکەشە

**فرانسیس فۆکایاما، بیرمەندی ناسراوی جیهانی هەر لە دوای خۆپیشاندانەکانی «وۆڵ ستریت» لە ٢٠٠٨ـەوە، زۆر بە ڕاشکاوی کاری لەسەر «ئایندەی مێژوو»ی سیتمی لیبراڵ دیموکراتی کردووە و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە دامەزراوەکانی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی بەرەو «لەبەریەکهەڵوەشانی سیاسی — Political Decay» هەنگاو هەڵدەگرن و، چیتر ناتوانن شکۆی تاک بپارێزن، بۆیە سیستمی دیموکراتی لە سەرانسەری جیهاندا لە پاشەکشەدایە. لەدوای هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپیش لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ لە چەندین کۆڕ و پەنێڵدا ڕای خۆی زۆر بە ڕاشکاوی لەسەر چوار ساڵی داهاتووی ئەمریکا خستووەتە ڕوو، کە لێرەدا ئەم بەشەی بڵاو دەکەینەوە.**



هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ بۆ دووبارە سەرۆکایەتیکردنی ئەمریکا، کە گەورەترین ڕووداوی ئەو ساڵە بوو، یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر ئایندەی لیبراڵ دیموکراتی دەبێت.

ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە مەزندە نەکراو بوو، ئەمە بۆ سێهەمین جارە ئەو دەزگایانەی ڕاپرسی بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکەن، بە هەڵەدا دەچن. ڕاپرسییەکانی ئەمجارە پێیان وابوو کە ململانێیەکی زۆر توند لە نێوان کامیلا هاریس و دۆناڵد ترەمپ دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلاکەرەوە بوو بۆ دۆناڵد ترەمپ و لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردووی مێژووی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا سەرکەوتنی لەمجۆرە بوونی نەبووە و، ئێستا کۆمارییەکان هەر دوو ئەنجومەنی «کۆنگرێس و سەنات»یان لەبەردەستە، ئەمە بێجگە لەوەی ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی «٢٠١٧-٢٠٢١» ئەندامانی دادگای فیدراڵی گۆڕیبوو بۆ کەسانی کۆنێرڤاتیف، بۆیە ئێستا دادگای فیدراڵیش لە بەرژەوەندیی دۆناڵد ترەمپدایە.

ترەمپ تەنیا سەرۆکە لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی دەستاوەدەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات ڕاوەستاوە. دوای ئەوەی لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٠ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دۆڕاند، ئامادە نەبوو لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکات، ئەمەش ئاماژەیەکی زۆر ترسناکە بۆ ئایندەی سیتمی لیبراڵ دیموکراتی کە بناغەکەی دەستاوەدەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتە.

لە ماوەی ساڵانی ٢٠٢٠ هەتا ٢٠٢٤، ترەمپ توانی قەناعەت بە ٧٠٪ی ئەندامانی پارتی کۆماری بکات، کە جۆزێف بایدن سەرۆکی شەرعیی ئەمریکا نییە لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ی بە ساختەکاری بردووەتەوە و، لە ماوەی چوارساڵی ڕابردوو «٢٠٢٠-٢٠٢٤» گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەسەردا هاتووە و زۆر ڕادیکاڵتر لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی لە «٢٠١٧-٢٠٢١»، ئەگەر سەرنج لە لێدوانەکانی ترەمپ بدەین کە هێشتا نەگەیشتووەتە کۆشکی سپی و نەبووەتە سەرۆک هەست بەو توندئاژۆییە دەکەین کە مەبەستێتی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو لە

کۆشکی سپی جێبەجێیان بکات، هەر بۆ نموونە:

• لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، بۆ ڕێگرتن لە پەنابەرانی نایاسایی دیوار لە نێوان «ئەمریکا و مەکسیك» دروست دەکات، بەڵام لە ئێستا بانگەشەی ئەوە دەکات، پەنابەرانی نایاسایی دیپۆرت دەکاتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون و ژمارەشیان لە سەرووی ١١ ملیۆن پەنابەرە.

• بانگەشە بۆ ئەوە دەکات پێناسەی گومرگی لە ڕێژەی ١٠٪ بەرز بکاتەوە بۆ ٢٠٪، ئەم بەرزکردنەوەیە تەنیا دژی دەوڵەتە ڕکابەرەکانی وەك «چین» نییە، بەڵکو دەوڵەتە دۆست و هاوپەیمانەکانیشی دەگرێتەوە، وەك کۆریای باشوور و ژاپۆنیش.

• هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی «ناتۆ» زۆر تووڕەیە و پێی وایە دەوڵەتانی ئەندامانی ناتۆ وەك پێویست پابەند نین بەو بودجەی کە پێویستە بۆ ناتۆ تەرخان بکرێت، لەبەرانبەر ئەوەی ناتۆ دەیانپارێزێت.

ئیدارەی ئەمجارەی ترەمپ جیاوازترە لە ئیدارەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی، دەستی والاترە بۆ ئەوەی ستافی کابینەکەی لەو کەسانە هەڵبژێرێت کە وەلای تەواویان بۆ خودی ترەمپ هەیە، ئەگەر سەرنج لەو ستافە بدەین کە دەستنیشانی کردوون بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا، ئەم خەڵکانە دەبینین:

١- ئەلیزا ستفانیك، کاندید بۆ باڵیۆزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- مارکۆ ڕۆبیۆ، کاندید بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

٣- تولسی جابەرد، بۆ سەرۆکی هەواڵگریی نیشتمانی.

ئەمانە لەگەڵ ئەوەی زۆر دژی سیاسەتی دەرەوە و لیبراڵ دیموکراتی ئەمریکان، بەڵام هێشتا لەوانەی دیکە باشترن بۆ نموونە:

- «بیت هیجست»ی پێشکەشکاری کەناڵی «فوکس نیوز»ی کاندید کردبوو بۆ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، ئەم کاندیدکردنە بووەتە هۆی تووڕەبوونی خەڵکی، لایان سەیرە کەسێکی لەو جۆرە گەورەترین دامەزراوەی مەدەنی و سەربازیی وڵاتێکی گەورەی وەك ئەمریکا بەڕێوە بەرێت کە «پێنتاگۆنە».

- «ڕوبەرت Fکەنەدی» کاندید کردووە بۆ پۆستی وەزارەتی تەندروستی و خزمەتگوزاری، ئەم کەسە نەك هەر بڕوای بە زانست نییە، بەڵکو دژە زانستە و لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ بڕوای بە دروستکردنی ڤاکیسن نەبووە و بە تیۆری پیلانگێڕی لە قەڵەمی داوە، ئێستا ئەم کەسە دەبێتە بەرپرسی تەندروستیی هەموو خەڵکی ئەمریکا.

- «مات گیز»ی کاندید کرد بوو، بۆ پۆستی داواکاری گشتی و وەزیری دادی ئەمریکا، ئەم کەسایەتییە هێندە بێ مانا بوو، بووە هۆی بێزاری و تووڕەیی لە ناوەندەکانی هەر دوو حزبی کۆماری و دیموکراتی و دۆناڵد ترەمپ ناچار کرا، لە ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤، کاندیدکردنەکەی بکێشێتەوە.

بە کورتی دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکی ئەمریکا، ئەم دەرهاویشتە خراپانە بە دوای خۆیدا دەهێنێت:

١- دووبارە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ دەبێتە فاکتەرێکی هاندەر بۆ پاشەکشەی دیموکراتی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا و دەبێتە فاکتەرێك بۆ سەرکەوتن و گەشەسەندنی حزب و سەرکردە پۆپۆلیستییەکان لە تەواوی جیهاندا.

٢- سیستمی لیبراڵی جیهانی گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت و چیتر وەك ئەو سیستەمەی ئێستا نامێنێتەوە.

٣- جەمسەرگری لەناوخۆی سیاسەتی ئەمریکا قووڵتر دەکاتەوە، بە شێوەیەکی زۆر پۆپۆلیستانە سواری ئەو شەپۆلە دەنگدەرانە دەبێت، کە دژی دەستەبژێر و دامەزراوەکان هەنگاو هەڵدەگرێت.

٤- هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکا «بێجگە لە ئیسرائیل» نیگەرانن لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ، لەبەر ئەوەی ترەمپ وا سەیر دەکات، ئەمریکا چیتر پێویستی بە هاوپەیمانەکانی نییە، بۆیە نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمریکای سەردەمی ترەمپ بکەن.

ماوەتەوە بڵێم، دۆناڵد ترەمپ تەنیا «پەتا و نەخۆشییەك» نییە ڕووی کردبێتە سیاسەتی دەوڵەتێکی سوپەر پاوەری وەك ئەمریکا، بەڵکو لە یەك کاتدا هۆکاری نەخۆشییەکەشە.

**هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر ئایندەی لیبراڵ دیموکراتی دەبێت**

**ترەمپ تەنیا سەرۆکە لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات ڕاوەستاوە**

**ئەگەر سەرنج لە لێدوانەکانی ترەمپ بدەین کە هێشتا نەگەیشتووەتە کۆشکی سپی و نەبووەتە سەرۆك هەست بەو توندئاژۆییە دەکەین کە مەبەستێتی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو لە کۆشکی سپی جێبەجێیان بکات**

**هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکا «بێجگە لە ئیسرائیل» نیگەرانن لە دووبارە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ، لەبەر ئەوەی ترەمپ وا سەیر دەکات، ئەمریکا چیتر پێویستی بە هاوپەیمانەکانی نییە**

**مارگرێت ماکمیلیان**
ئوستادی مێژوو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد:

# میراتی ترەمپ دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاریی بەردەوام لە شێوازی بەڕێوەبردنی جیهاندا

**مارگرێت ماکمیلیان، ئوستادی مێژووە لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانیا و نووسەری هەر دوو کتێبی «شەڕ: چۆن کێشەکان شێوەی ئێمە دیاری دەکەن، ئەو شەڕەی کۆتایی بە ئاشتی هێنا: ڕێگەی ساڵی ١٩١٤»، لە دوایین توێژینەوەیدا بە ناونیشانی «ئەزموونێکی تاقەتپڕووکێن: ئایا سیستمێکی جیهانیی پرکێشە دەتوانێت لە سەرکردەیەکی تێکدەر ڕزگاری ببێت؟» لە ژمارەی کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠٢٥ گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوی کردووەتەوە، لەبەر گرنگیی بابەتەکە پوختەیەکی بڵاو دەکەینەوە.**



لە پێنجی نۆڤەمبەری پارەوە کە جارێکی دیکە دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرایەوە، زۆر زەحمەتە بتوانین هیچ شرۆڤەیەکی بۆ بکەین، ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ چیرۆکە کلاسیکییە خەیاڵییەکەی ئیسحاق ئاسیمۆڤ، کە هەر لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی بە ناوی دامەزراوە «Foundation» بڵاوی کردووە، لەم چیرۆکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بە ئاستی بەرزی ماتماتیك کە داتاکانی ئامار دەکات بە یاسا، دەتوانێت ڕەفتارەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکرێت و لە کارەساتەکانی داهاتوو بمانپارێزێت، بۆ ئەوەی بتوانین بۆ چەند سەدەیەك حوکمڕانییەکی باش و سەقامگیر پیادە بکەین، بەڵام دەرکەوتنی هێستر « Mule» هەموو گریمانەکانی ئاسیمۆڤ لەبەریەك هەڵوەشان و شکستیان هێنا، لەبەر ئەوەی ئەم کائینە تازەیە هێزێکی لە ڕادە بەدەری هەیە و بە ملیۆنها هەواداری هەیە. ئەو هەڕەشەی ئەوەی دەکرد، بە شێوەیەکی مەزندە بۆ نەکراو کۆتایی بە سیستم «سیستمی گەردوونی» بهێنێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا دۆناڵد ترەمپ هێستری ئەم سەردەمەی ئێمەیە؟ ئەمەش لەبەر ئەوەیە ترەمپ هێزێکی لە ڕادە بەدەری هەیە و بە ملیۆنەها هەواداری هەیە و، بەوشێوەیە بیر دەکاتەوە کە ئەو توانایەی هەیە هەموو ڕێککەوتنەکان و دامەزراوەکان هەڵبوەشێنێتەوە، ئاراستەی ڕووداوەکان بگۆڕێت و ئەمریکایەکی جیاواز لە جیهانێکی جیاوازدا بونیاد بنێتەوە.

لە ئیدارەی تازەی ترەمپدا، کۆمارییەکان باڵادەستیی هەر دوو ئەنجومەنی «کۆنگریس و سەنات»یان هەیە، دادگای فیدراڵی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندایە، ئایا ئەم هێزە گەورەیە دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاریی گەورە لە حکومەتی ئەمریکادا و تیایدا سەروەریی یاساش پارێزراو بێت؟

ئەوەی لە لێدوانەکانی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراودا گوێمان لێی دەبێت، وەڵامێکی گەشبینانەمان بۆ ئەو پرسیارە ناداتێ، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەوەیە:

١. دەیەوێت هەموو دامەزراوە و ئاژانسە سەربەخۆکانی ئەمریکا بگێڕێتەوە بۆ چەتری «Fiefdoms» واتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

٢. دەیەوێت سوپا بکاتە دامەزراوەیەکی سیاسی و پرۆفیشناڵیی لێ دابماڵێت.

٣. ڕەتکردنەوەی هەموو کاندیدێکی دەستنیشانکراو لەلایەن کۆنگرێسەوە ئەگەر خۆی پەسەندی نەکات.

٤. زۆر بە ئاشکرا چۆن ڕەخنەی توند لە

نەیارەکانی دەگرێت، بە هەمان شێوە ڕەخنەی توند لە هاوپەیمانەکانیشی دەگرێت.

٥. ترەمپ وای دەبینێت، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك «نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی» هیچ بەها و سوودێکیان بۆ ئەمریکا نییە.

ئاسیمۆڤ کە زانایەکە تەنیا مامەڵەی لەگەڵ یەکێك لە پرسیارە سەرەکییەکان کردبوو، سەبارەت بەوەی ئایا تاکێکی بەتوانا دەتوانێت ئاراستەی مێژوو بگۆڕێت و کۆتایی بەم سیستەمەی ئێستا بهێنێت، یان ئایا پێویستە ئەم سیستەمە بە هەر شێوەیەك بێت، بگۆڕێت و نەمێنت.

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەلایەن زانایان و مێژوونووسانەوە وەڵامی جیاوازی حەشار داوە. زانایان زیاتر کار لەسەر داتای ئەو ئامارانە دەکەن کە گەورەیی ماتماتیك دەیانکاتە یاسا، بەڵام مێژوونووسان کار لەسەر کەسێتیی کاراکتەرە سیاسییەکان دەکەن و بە هەندی وەردەگرن، هەروەك چۆن گەورە مێژوونووسی ئینگلیزی «ئاین کرۆشۆ Ian Kershaw»، بایۆگرافییەکی زۆر سەرنجڕاکێشی لەسەر هیتلەر نووسیوە، هەروەها «ستیفن کۆکتین Stephen Kotkin» بایۆگرافیایەکی زۆر گرنگی لەسەر جۆزێف ستالین نووسیوە، بۆیە مێژوونووسان بە بەردەوامی هەست دەکەن کە پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان باڵانسی تاکە بەهێزەکان و ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە هەیە کە لە دەوریانن.

ڕاستە هەر سەرکردەیەك بەرهەمی سەردەمەکەی خۆیەتی، بەڵام بۆچوون و تێڕوانینیان، یان گریمانە و پلانەکانیان بۆ ئەوەی چۆن کاروبارەکان بەڕێوە بچن جیاوازە، ئەو سەرکردانەی هێزێکی لە ڕادەبەدەریان لەبەر دەستە، ئەو جا ئەو هێزە هێزێکی ئایدیۆلۆژییە، یان هێزی دەوڵەتە، ئەوان بڕیار دەدەن کۆمەڵگەکانیان ئەم ڕێگەیە بگرنەبەر، یان ڕێگەیەکی دیکە، ڕاشکاوانەتر ئەو ئەزموونەی سەرکردەکان کەڵکەی دەکەن بڕیار لەسەر شێوازی ئەو بڕیارە دەدەن کە ئەوان دروستی دەکەن و وەریدەگرن.

هەر بۆ نموونە پوتین کە ئێستا خەون بە پەترۆسی یەکەم و ئیمپراتۆریەتی ڕووسیاوە دەبینێت، لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا ئەفسەرێکی هەواڵگریی لاو بوو، نوێنەرایەتیی یەکێتیی سۆڤیەتی دەکرد لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بەڵام کاتێك یەکێتیی سۆڤیەت لەبەریەك هەڵوەشا، تەنیا ئەو گەنجە بوو کە بە کولەمەرگی ژیانی بەسەر دەبرد، ئەو بە چاوی خۆی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی بینیوە، هەروەها ئەوەشی بینیوە ئەو کۆمارانەی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەت بوون هەلی هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتیان قۆستەوە و وەکو ئۆکرانیا سەربەخۆییان ڕاگەیاند، ئەمانە بوونە خۆراکی ئارەزووەکانی پوتین بۆ ئەوەی ئەو خاکەی ڕووسیا «وەك میراتگری سۆڤیەت» لەدەستی داوە، دووبارە بیانگێڕێتەوە. ئەو بڕوای بەوەیە کە خۆیشی میراتگری ئەو سەرکردە گەورانەیە وەك «پەترۆسی مەزن، جوزێف ستالین» کە توانییان ئیمپراتۆریەتێکی گەورە دروست بکەن و بیپارێزن.

کێشەی سەرەکیی ئەم سەرکردە مەزنانە ئەوەیە ددان بە هەڵەی خۆیاندا نانێن، ڕاوێژی کەس قبووڵ ناکەن، هەر بۆیە پوتین کە بڕیاری هەڵگیرسانی شەڕی لەگەڵ ئۆکرانیا داوە و زیاتر لە ٧٠٠ هەزار کەسی وڵاتەکەی بە کوشتن داوە، خۆی بە هەڵە نازانێت. هیتلەر کە گەلەکەی خۆی لەبەریەك هەڵوەشاند، یان ماوتسی تۆنگ کە دەیان ملیۆنی کەسی گەلەکەی لە پێناوی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆیدا بەکوشت دا، ددانی بە هەڵەی خۆیدا نەنا.

کەسایەتی و تایبەتمەندیی سەرکردەکان لە ئاراستەی ڕووداوەکانی مێژوودا گرنگییان هەیە، هەر بۆ نموونە ئەگەر وینستون چەرچل لە ساڵی ١٩٣١ لەو ڕووداوەی هاتووچۆ کە لە نیویۆرك بەسەریدا هات بمردایە، ئایا مەزندە کرا لە ساڵی ١٩٤١ دوای کەوتنی فەرەنسا، بڕیاری ئەوەی بدایە درێژە بە شەڕ بدات لە دژی هیتلەر؟ بە ڕاستی قورسە بیر لەوە بکەینەوە کە کەسایەتییەکی وەك «نیڤیل چامبەرلین» کە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بووە و چەرچل هەڵبژاردنی بردەوە، بیتوانیایە ئەو بڕیارە بدات. لە ناو ئەڵمانیا سەرکردەی ناسیۆنالیزمی زۆر بوون، بەڵام ئەگەر هیتلەر لە بەرەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بکوژرایە، ئایا مەزندە دەکرا سەرکردەیەکی دیکەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیا بتوانێت بەو جۆرە ئەڵمانییەکان قەناعەت پێ

**ترەمپ هێزێکی لە ڕادەبەدەری هەیە و بە ملیۆنان هەواداری هەیە و، بەوشێوەیە بیر دەکاتەوە کە ئەو توانایەی هەیە هەموو ڕێککەوتنەکان و دامەزراوەکان هەڵبوەشێنێتەوە**

**ترەمپ وای دەبینێت، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك «نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی» هیچ بەها و سوودێکیان بۆ ئەمریکا نییە**

**زانایان زیاتر کار لەسەر داتای ئەو ئامارانە دەکەن کە گەورەیی ماتماتیک دەیانکاتە یاسا، بەڵام مێژوونووسان کار لەسەر کەسێتیی کاراکتەرە سیاسییەکان دەکەن و بە هەندی وەردەگرن**

**پۆتین کە ئێستا خەون بە پەترۆسی یەکەم و ئیمپراتۆریەتی ڕووسیاوە دەبینێت، لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا ئەفسەرێکی هەواڵگریی لاو بوو**

**پۆتین کە بڕیاری هەڵگیرسانی شەڕی لەگەڵ ئۆکرانیا داوە و زیاتر لە ٧٠٠ هەزار کەسی وڵاتەکەی بە کوشتن داوە، خۆی بە هەڵە نازانێت**

**لایەنێکی دیکە کە سەرکردە دەتوانێت گۆڕانکاری لە ئاراستەی مێژوودا بکات، دروستکردنی قەناعەتە لای خەڵک و پاراستنی متمانەی خەڵکە بە بڕیار و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان**

**کاتێک مارتن لۆسەر نووسینە بەناوبانگەکەی لە ساڵی ١٥١٧ بڵاو کردەوە و کردەوەکانی کەنیسەی شەرمەزار کرد، کەنیسە پووکایەوە**

**لە چەند ڕۆژی داهاتوو کە دۆناڵد ترەمپ دەچێتە ئۆفیسەکەی لە کۆشکی سپی، نازانرێت ڕەفتارەکانی دەبێتە هۆکاری ئەوەی پلەی گەرمای سیاسەتی نێودەوڵەتی زیاتر بەرز دەبێتەوە، یان وردە وردە نزم دەبێتەوە و هەنگاو بۆ سەقامگیری و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان هەڵدەگرێت**

بکات و لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە؟ بە هەمان شێوە ستالین کە لە سەردەمی خۆیدا ئەو هەموو کۆمەڵگە زۆرەملێیەی جووتیارانی دروست کرد، ئایا دوای ستالین توانییان درێژەی پێ بدەن؟ کۆکتین نووسیویەتی لەگەڵ نەمانی ستالین ئەو کۆمەڵگەیانەش کۆتاییان هات.

لە حاڵەتی ئێستای ترەمپدا کە لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا و خاوەنی ئەو هێزە لە ڕادە بەدەرەیە و هەڕەشەی زۆر توند دەکات، ئەگەر ئەو ستافەی لەگەڵی کارەکان بەڕێوە دەبەن، ڕاستگۆیانە پشتگیریی بکەن، ئەوا «میراتی ترەمپ دەبێتە شێوازێکی بەردەوامی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردنی جیهاندا».

لایەنێکی دیکە کە سەرکردە دەتوانێت گۆڕانکاری لە ئاراستەی مێژوودا بکات، دروستکردنی قەناعەتە لای خەڵك و پاراستنی متمانەی خەڵکە بە بڕیار و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، هەر بۆ نموونە:

- لە سەرەتای سەدەی شانزە «١٥٠٠» کەنیسەی کاسۆلیکی بە ئاستێك دەوڵەمەند و بەهێز بوون کە مەزندە دەکرا بۆ چەند سەدەیەکی داهاتووش لە ڕۆژئاوا باڵادەست بن، بەڵام بە هۆی داهێنانی چاپخانە و بڵاوبوونەوەی چاپکراوەکانەوە، کەنیسە پرۆسەی خوێندن و فێرکردنی لە دەست دا، هەروەها بە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە زنجیرەی هەرەمی کەنیسەدا کە دیکۆمێنیتی لیخۆشبوون «صك الغفران»ی دەفرۆشت، متمانەی ئاکارییشیان لەدەست دا، هەر بۆیە کاتێك مارتن لۆسەر نووسینە بەناوبانگەکەی لە ساڵی ١٥١٧ بڵاو کردەوە و کردەوەکانی کەنیسەی شەرمەزار کرد، کەنیسە پووکایەوە.

- لینین کە دامەزرێنەری یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان بوو، لە سەردەمی خۆیدا بەختی هەبوو، بەڵام توانی بەختیش بۆخۆی دروست بکات، بە دروشمێکی سادە «نان، ئاشتی، خاك» توانی لە ڕێگەی حزبی بەلشەڤیکەوە لە چەند ناوچەیەکی گرنگی ڕووسیا پشتگیری بۆ خۆی دروست بکات و توانی لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دەسەڵات بگرێتە دەست.

- بینتۆ مۆسۆلینی، کە توانی لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو بە پێکهێنانی حکومەتێکی تازە، ئابووریی ئیتالیا ببووژێنێتەوە و گەیاندیە ئەوەی ئابووریی ئیتالیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جێگەی بایەخی نیودەوڵەتی بێت، ئەو وەرچەرخانە نەك هەر لەسەر ئاستی ئیتالیا پێشوازی لێ کرا و خەڵك پشتگیریی کرد، بەڵکو بووە هاندەر بۆ ئەوەی لاسایی بکرێتەوە، هەر بۆ نموونە لەسەر ئاستی بەریتانیا «ئۆزوالد موزلی» یەکێتیی فاشیزمی بەریتانیای دامەزراند، لەسەر ئاستی ئەمریکاش «هیو لۆنگ و چارلز کافلین» هەمان کاریان کرد.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەیەك بۆ سەرنجڕاکێشانی شێوازی گوتاری دۆناڵد ترەمپ بکەین، دەبینین سەرنجڕاکێشیی گوتارەکانی ترەمپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی ترەمپ، لەوەدا بوو کە توانی ببێتە «دەربڕی» ئەو خواستەی کە خەڵك هەیبوو، ئەو سیاسەتی بەو جۆرە داڕشت کە هاوتەریب بوو لەگەڵ بێزاری و نائومیدبوونی خەڵك لە کۆی دامەزراوەکانی حکومەتی ئەمریکادا، زۆر زیرەکانە وەك خۆی دیاردەی نائومێدبوونی» Resentment» دەستنیشان کرد.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە ترەمپ بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، دەبێت دەوڵەتانی هاوپەیمان باجی ئەوە بدەن کە ئەمریکا دەیانپارێزێت، ئەمە لە خوێندنەوەی دروستەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەستی کردووە ئەمریکییەکان بێزار بوون لەوەی چیتر ڕۆڵی پۆلیس لە جیهاندا بگێڕن.

لە چەند ڕۆژی داهاتوو کە دۆناڵد ترەمپ دەچێتە ئۆفیسەکەی لە کۆشکی سپی، نازانرێت ڕەفتارەکانی دەبێتە هۆکاری ئەوەی پلەی گەرمای سیاسەتی نێودەوڵەتی زیاتر بەرز دەبێتەوە، یان وردە وردە نزم دەبێتەوە و هەنگاو بۆ سەقامگیری و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان هەڵدەگرێت. بۆیە لێرەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکە خەیاڵییەکەی ئیسحاق ئاسیمۆڤ کە ئەو پێی وایە سەرەنجام هێسترەکە دێتە ژێر بار و دەگەڕێتەوە بۆ هەسارە بچووکەی خۆی و دووبارە سیستمی گەردوونی دەگەڕێتەوە جێگەی خۆی، ئەمە چیرۆکێکی خەیاڵی بوو، نازانین ترەمپ دێتە ژێر بار و سیستمی جیهانی دەگەڕێتەوە، یان نا.



ئایان بریمەر
سەرۆکی دامەزراوەی ئۆراسیا بۆ مەترسییە سیاسییەکان:

# هەوڵەکانی ترەمپ بۆ ئەوەیە چیک و بلانس نەهێڵێت و وەزارەتە گرنگەکانی ئەمریکا بە سیاسی بکات

ئایان بریمەر، زانایەکی سیاسیی ئەمریکا و بزنێسمانێکە کە لەبواری مەترسییە سیاسییەکان کار دەکات و دامەزرێنەر و سەرۆکی دامەزراوەی «گرووپی ئۆراسیا»یە، کە کار لەسەر مەترسییە سیاسییەکان و ڕاوێژپێدان دەکات، هەروەها دامەزرێنەری دامەزراوەی سفر گرووپە «GZERO» وەك ئاماژەیەك بۆ نەمانی گرووپەکانی هاوشێوەی «G7 یان G20» لە جیهاندا، هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ نەمانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی و لە سەرووی هەموو شیانەوە ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان. دامەزراوەی گرووپی ئۆراسیا ساڵانە لە سەرەتای ساڵدا ڕاپۆرتێك بڵاو دەکاتەوە، سەبارەت بەو مەترسییانەی کە مەزندە دەکرێت لەو ساڵەدا مرۆڤایەتی ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بۆ ئەمساڵیش (٢٠٢٥) ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە، تیایدا ئاماژە بە مەترسییەکان دەکات و لە سەرووی هەمووشیانەوە مەترسیی دووبارە هەڵبژارنەوە و دووبارە دەستبەکاربوونەوەی ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا. لێرەدا پوختەی ڕاپۆرتەکەی بڵاو دەکەینەوە.

دۆناڵد ترەمپ، کەسایەتییەکی جیاوازە، تەنانەت لایەنگرانی و ئەوانەشی پشتگیری دەکەن، دەڵێن «ناتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین، چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات و چۆن بڕیار دەدات»، بەمەش هەموو لایەکی تووشی سەرسووڕمان کردووە، سەرەنجامیش هەر بەو جۆرە کار دەکات و هەر بەوجۆرە بڕیار دەدات کە خۆی مەبەستێتی.

ئەم خولەی سەرۆکایەتی ترەمپ زۆر جیاواز دەبێت لە خولی یەکەمی (٢٠١٧-٢٠٢١)، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی هاوپەیمان و ڕکەبارەکانی لاوازن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بە تەواوەتی پارتی کۆماری کۆنترۆڵ کردووە و پێویستی بە هاوکاریی هیچ کەسێکی کۆمارییەکان نییە، یان وەك دەڵێن پێویستی بەوە نییە دەست بە کەوای «Cattails»ی هیچ کەسێکەوە بگرێت.

لەم ئیدارەیەدا خەڵکانی لێهاتووی وەك مایك پێنس«Mike Pence» یان مایك پۆمپیۆ «Mike Pompeo» بوونیان نابێت، هەتا کاریگەرییان لەسەر هەبێت، بەپێچەوانەوە کۆمەڵێك هەرزەکاری سیاسیی ئیدارەکەی پێکدەهێنن کە زۆر یەکگرتوو دەبن و وەلای تەواویان بۆ ترەمپ دەبێت.

خاڵی مەترسیدار لە سەرۆکایەتیی ئەمجارەی ترەمپ کە بە درێژایی مێژووی باوکانی دامەزرێنەر لێی ترساون، ئەوەیە کە ناو سیستمی سیاسیی ئەمریکادا پرۆسەی چاودێری و هاوسەنگی «check and balances» نەمێنێت، لە ئێستادا ترەمپ چاوی لەسەر ئەوەیە کە وەزارەت و دامەزراوە خاوەن دەسەڵاتەکان وەك «نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی — FBI، وەزارەتی داد — DJO، وەزارەتی خزمەتگوزاری و داهاتی ناوخۆ — IRS» بە سیاسی بکات، ترەمپ بە جۆرێك سەیری ئەم دامەزراوانە دەکات کە وەك چەکێك لەلایەن دیموکراتەکانەوە لەدژی ئەو بەکارهێنراون بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن و دەستگیری بکەن.

ئەوەی پێی دەگوترێت «سیاسەتی ئابووریی ترەمپ» زۆر لە سیاسەتی ئابووریی ئیدارەی جۆزیف بایدن جیاواز دەبێت، ئەمەش لەو خاڵەوە مەترسی لێدەکرێت، کە ئابووریی ئەمریکا زۆر گەورەیە و کاریگەری لەسەر ئابووریی جیهان زۆر زیاتر دەبێت لەوەی کە ئێستا هەیە و، ئامانجێتی پێناسەی گومرگی زیاد بکات و، دەیەوێت ئەم زیادکرنە وەك ئامێرێکی سیاسی بە کار بهێنێت بۆ ئامانجەکانی ئابووری و ئاسایشی نیشتمانی، ئەم کارەی ترەمپ کە مەزندەی ئەوە لێدەکرێت، ببێتە هۆکاری هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی بازاڕ، بەڵام دوای ڕوودانی ئەمەش ترەمپ بێباکانە دێت و دەڵێت: «ئەمانە هیچ ڕاست نین».

لەسەر دیپۆرتکردنەوەی پەنابەری نایاسایی، پێموایە زۆر بە گرنگی کاری لەسەر دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە یەکێك لە هۆکارەکانی بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوە بوو کە بانگەشەی بۆ ئەم پرسە دەکرد و بایدن و هاریس زۆر کەمتر باسیان دەکرد، بۆیە هەوڵەکانی ترەمپ ئەو ئاراستەیە دەبن دەست بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی نایاسایی بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانن هەموویان پێکەوە دیپۆرت بکەنەوە کە ژمارەیان لە نێوان ١٥-٢٠ ملیۆن پەنابەرە، بەڵکو پرۆسەیەکی لەسەرخۆی هەنگاو بە هەنگاو دەبێت، لەوانەیە لە ساڵی یەکەمی ئیدارەکەیدا ملیۆنێك دیپۆرت بکاتەوە، لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو ٤-٥ ملیۆنی دیکە دیپۆرت بکاتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، بەڵام ئەمەش دەرهاویشتەی نەرێنی بۆ ئابووری و بازاڕ و نرخی کار دەبێت.

**هەوڵەکانی ترەمپ ئەو ئاراستەیە دەبن دەست بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی نایاسایی بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانن هەموویان پێکەوە دیپۆرت بکەنەوە کە ژمارەیان لە نێوان ١٥-٢٠ ملیۆن پەنابەرە**

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا مەترسیەکی دیکەیە کە ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە لە ئەمساڵدا (٢٠٢٥)، لەگەڵ ئەوەی من ناخوازم ئەوە ببینم، بەڵام ئۆکرانیا بەرەو دابەشبوون دەچێت، ئەمانوئێك ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا ڕاشکاوانە بە ڤلادمێر زیلنسکی سەرۆکی ئۆکرانیای ڕاگەیاندووە «دەبێت واقیعییانە بیر بکاتەوە و دەستبەرداری بەشێك لە خاکەکەی ببێت»، کە ئەمە تێڕوانینی دۆناڵد ترەمپیشە.

ئۆکرانییەکان لەو ڕاستییە تێگەیشتوون، دوای ناردنی هێزەکانی کۆریای باکوور بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ بەرژەوەندیی ڕووسیا، چیتر ناتوانن بەو جۆرە درێژە بە شەڕەکە بدەن و، زیانێکی زۆری گیانی و ماددییان پێکەوتووە، لە ئێستادا پێویستیان بە ئاگربەستێکە بۆ ئەوەی پشوویەك بدەن. ترەمپ مەبەستێتی ئەم ئاگربەستە دروست بێت، بۆ ئەمەش بە ڕاشکاوانە بە هەر دوولا (ئۆکرانیا و ڕووسیا)ی ڕاگەیاندووە، ئەگەر ئۆکرانیا ئاگربەست ڕەت بکاتەوە ئەوا یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا ڕادەگرێت، ئەگەر ڕووسیاش ئاگربەست ڕەت بکاتەوە، سزاکانی لەسەر زۆر توندتر دەکرێت.

**ئەگەر ئۆکرانیا ئاگربەست ڕەت بکاتەوە ئەوا یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا ڕادەگرێت، ئەگەر ڕووسیاش ئاگربەست ڕەت بکاتەوە، سزاکانی لەسەر زۆر توندتر دەکرێت**

ئەوەی لەم پرسەدا مایەی نیگەرانی و هەڵوەستە لەسەر کردنە، ئەوەیە کە ئەگەری زۆرە ئەو ئاگربەستە لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا دروست بێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە، دوای ئاگربەست لەسەر مێزی دانوستاندن دابنیشن و کێشەکە بە ئاشتییانە چارەسەر بکەن، بەڵکو لە ماوەی ئەم ئاگربەستەدا هەر دوولا باشتر خۆیان پڕچەك دەکەن، بۆ ئەوەی خولێکی دیکەی شەڕەکە توندتر دەست پێبکەنەوە.

کێشە و شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئیدارەی داهاتووی ترەمپ ئالنگارییەکی زۆر گەورە دەبێت، بۆ ئەمساڵ لە هاوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە پێچەوانەی ساڵی

ڕابردوو کە چاودێریی ئەوەمان دەکرد، چۆن شەڕەکە لە غەززەوە فراوان دەبێت بۆ باشووری لوبنان و حزبوڵڵا، ئێستا ئەم شەڕانە بەرەو کۆتایی دەچن و ترەمپیش مەبەستێتی ئەو شەڕانە کۆتاییان بێت.

لەناو ئەم هاوکێشە تازەیەدا ئیسرائیل براوەی سەرەکی بووە، هەست بە باڵادەستییەکی سەربازیی زۆر گەورە دەکات، هەر بۆیە هەرچی بوێت، دەیکات و هەر خۆیشی ئاراستە و شێواز و کاتی گونجاوی شەڕەکان دیاری دەکات.

ئەوەی پێی دەگوترێت «بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی» و ئێران پشتگیریی دەکرد، دوو گرووپ کە بریتن لە «حزبوڵڵا و حوسییەکان» کە لە هەموو گرووپەکانی دیکەی سەربەخۆتر بوون، بە تەواوەتی تێکشکاون، بە نەمانی ڕژێمی ئەسەد چیدیکە ناتوانرێت چەك بگاتە دەستی حزبوڵڵا کە لە ئێستا بە تەواوەتی تێکشکاوە و سەرکردەکانی زۆربەیان لە ناوچوون، هەروەها بزووتنەوەی حەماس بە تەواوەتی لە گۆڕەپانەکە بوونی نەما، گرووپی جیهادی ئیسلامیی فەلەستین لە گەورەترین کێشەدایە، بۆیە ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی چیتر ئێران نەتوانێت بیر لەو ستراتیژە هەرێمییە بکاتەوە، کە پێشتر ڕۆڵی گەورەی تێدا گێڕا و باڵادەستیی گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە زۆر لە «تورکیا، ئیسرائیل، میسر، عەرەبستانی سعودیە» لە ناوچەکەدا باڵادەستتر بێت، بەڵام لە ئێستا بارودۆخی ئێران لە باردۆخی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشانی ساڵی ١٩٨٩ دەچێت کە بە کردەیی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی لە دەست دا، ئەمەش وەك دەڵێن ئیمپراتۆریەتەکەی ڕووت کردەوە «The emperor has no clothes».

**بە نەمانی ڕژێمی ئەسەد چیدیکە ناتوانرێت چەک بگاتە دەستی حزبوڵڵا کە لە ئێستا بە تەواوەتی تێکشکاوە و سەرکردەکانی زۆربەیان لە ناوچوون**

ئیسرائیل بە تەنیا توانی بەشێکی زۆر لە هێزەکانی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی و سوپای پاسداران تێکبشکێنێت، بەڵام بە تەنیا ناتوانێت هێزە ئەتۆمییەکەی ئێران تێکبکێشت، بۆ ئەمەیان پێویستی بە هاوکاریی ئەمریکا هەیە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، لە کاتێکدا ئامانجی ترەمپ ئەوەیە کۆتایی بە شەڕەکان بێت، ئایا خۆی لە شەڕێکی دیکەوە دەگلێنێت، کە نازانرێت چۆن کۆتایی دێت؟ لەگەڵ ئەوەی مەزندە ناکرێت، چۆن مامەڵە دەکات و چ بڕیارێك دەدات، بەڵام مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە چەند هەنگاوێکی زۆر توند بەرانبەر ئێران بگرێتە بەر بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکات بەو جۆرە لەگەڵ ئەمریکا بگاتە ڕێککەوتن وەك ئەوەی ترەمپ دەیەوێت، بۆ ئەمەش زۆر بە توندی ڕێگە لەو کەشتییە بارهەڵگرە نەوتییانە دەگرێت کە بە بێ ئاڵا لە دەریاکانەوە نەوتی ئێرانی بە قاچاخ دەفرۆشن، ئەمەش گورزێکی کوشندە لە ئابووریی ئێران دەوەشێنێت. لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی ئێران یاخیبوون هەیە، بەتایبەتی لە «سیستان و بلوجستان» بۆیە لەوانەیە یارمەتیی ئەو جووڵانەوانە بدەن و کێشەی گرنگ بۆ ئێران دروست بکەن. هەر چەند من قەت مەزندەی ئەوە ناکەم، دۆناڵد ترەمپ بە لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکات، بە شێوازی ئاشتییانەی هاوسەنگ بگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەربگرێت، ئەمە پرسێکە هەرگیز گرەوی لەسەر ناکرێت، بەپێچەوانەوە بارودۆخەکە ئاڵۆز دەبێت و دوور نیە کە بە شێوازی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە.

**ئیسرائیل بە تەنیا توانی بەشێکی زۆر لە هێزەکانی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی و سوپای پاسداران تێکبشکێنێت، بەڵام بە تەنیا ناتوانێت هێزە ئەتۆمییەکەی ئێران تێکبکێشت، بۆ ئەمەیان پێویستی بە هاوکاریی ئەمریکا هەیە**

خاڵێکی دیکە کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، مەترسیی دانانی سنوورێکە بۆ زیرەکیی دەستکرد، بۆ ئەوەی خەڵکانی خراپ بۆ مەبەستی تایبەتی و دوژمنکارانەی خۆیان سوودی لێوەر نەگرن، هەروەك چۆن ساڵی پار کۆمەڵێك خەڵك دووبارە ئەندازەی ئای تی چاتی لاما «Llama chat»یان دارشتەوە، کە بەکاریان هێنابوو بۆ ئەوەی چۆن زەرنیخ «Arsenic» بۆ کوشتنی خەڵك بە کار بهێنرێت، یان پرسیاری ئەوەیان لێکردبوو، چۆن بتوانرێت سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکاری کۆمپانیایەك تیرۆر بکرێت، ئەمانەش زۆر جێگەی مەترسین.

لەسەردەمی ئیدارەی جۆزێف بایدن، ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی حەوت کۆمپانیای گەورەی تەکنەلۆژی کرابوو، کە لە بواری زیرەکیی دەستکرد کار دەکەن، پێدەچێ ئیدارەی تازەی ترەمپ ئەو ڕێککەوتنە هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەك چۆن لە ئێستاوە بانگەشەی ئەوە دەکات لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی «WHO» و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی «WTO» و ڕێککەوتنی پاریس بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا» دەکشێتەوە.



**سام ئاڵتمان**

**بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای OpenAI :**

# بەم نزیکانە شێوازەکانی زیرەکیی دەستکرد وەک یاریدەردەری شەخسیی سەربەخۆ کار دەکەن و لە بری ئێمە چەند ئەرکێک ئەنجام دەدەن

**سام ئەڵتمان، پێشەنکار و وەبەرهێنەری گەورەی بواری زیرەکیی دەستکرد و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گەورە کۆمپانیای «OpenAI»ی زیرەکیی دەستکرد، پێشبینیی ئەوە دەکات، لە ئەمساڵدا (٢٠٢٥) مرۆڤایەتی لەگەڵ جۆرێکی دیکەی زیرەکیی دەستکرد ئاشنا ببێت، ئەویش سۆپەر زیرەکیی دەستکرد «ASI» ـە، لەم وتارەدا باس لەو پێشکەوتنە دەکات و ئەمەش دەقەکەیەتی.**

لە چەند دەیەی داهاتوودا توانای ئەنجامدانی ئەو شتانە بەدەست دەهێنین، کە وەك سیحر دەهاتنە بەرچاوی باوك و باپیرانمان، ئەمە دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵام بە ڕاددەیەکی گەورە لە بەرەوپێشچووندایە. بە تێپەڕبوونی کات خەڵکی توانایەکی زیاتریان بەدەست هێناوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و لە ئێستادا توانای ئەنجامدانی ئەو شتانەمان هەیە کە نەوەکانی پێش خۆمان بە مەحاڵیان دەزانی.

ئێمە بەتواناترین، نەك بە هۆی گۆڕانکارییە بۆماییەکانەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سوود لە بونیادی بنەڕەتیی کۆمەڵگە وەردەگرین، کە بووەتە بونیادێکی ژیرتر و بەتواناتر لە هەر تاکە کەسێك لە ئێمەدا و بە مانایەکی گرنگ، دەکرێت بڵێین خودی کۆمەڵگە خۆی بووەتە شێوەیەك لە شێوەکانی زیرەکیی پێشکەوتوو. باوك و باپیرانمان و نەوەکانی پێش ئەوانیش شتی مەزنیان بنیات نا و بەدەستیان هێنا، ئەوانیش بەشدار بوون لەو بەرەوپێشچوونە مرۆییەی لە ئێستادا لێی بەهرەمەندین. زیرەکیی دەستکرد

ئەو ئامرازانە بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات کە بە هۆیانەوە دەتوانێت کێشە دژوارەکان چارەسەر بکات و هاوکار دەبن لە بەدیهێنانی دۆزینەوەی زیاتر و زیادکردنیان بۆ ئەو دەستکەوتانەی تا ئێستا بەدی هاتوون، چیرۆکی بەرەوپێشچوون بەردەوام دەبێت، منداڵەکانمان توانای ئەنجامدانی ئەو شتانەیان دەبێت کە ئێمە لە ئاستیاندا دەستەوەستانین.

ئەمە بە شێوەیەکی کتوپڕ ڕوو نادات، بەڵام بەم نزیکانە دەتوانین کار لەگەڵ زیرەکیی دەستکرددا بکەین کە هاوکارمان دەبن لە بەدیهێنانی زۆرێك لەو دەستکەوتانەی ئەگەر ژیری دەستکرد نەبووایە، توانای هێنانە ئارایانمان نەبوو، لە کۆتاییدا هەر یەکێك لە ئێمە تیمێکی شەخسیی ژیری دەستکردی دەبێت، کە پڕ دەبن لە شارەزایانی ڤێرچواڵی لە بوارە جیاوازەکاندا و پێکەوە کار دەکەن بۆ دروستکردنی نزیکەی هەر شتێك کە بتوانین وێنای بکەین، هەروەها منداڵەکانمان مامۆستای ڤێرچواڵییان دەبێت کە دەتوانن بە هەر زمان و لە هەر بابەتێك و بە هەر خێراییەکی کە پێویستیان پێی بێت، فێرکاریی تایبەت دەستەبەر بکەن. دەکرێت وێنای بیرۆکەی هاوشێوە بکەین بۆ باشترین چاودێریی تەندروستی و توانای داڕشتنی هەر پڕۆگرامێك کە هەر کەسێك بتوانێت وێنای بکات و، بگرە دەتوانن کاری لەوە زیاتریش ئەنجام بدەن، بە هۆی ئەم توانا نوێیانەوە، دەتوانین بە چەشنێك خۆشگوزەرانیی هاوبەشمان هەبێت کە لە ڕۆژگاری ئێستادا وەك خەیاڵ و مەحاڵ دێنە بەرچاو و بۆی هەیە لە ئایندەدا ژیانی هەر کەسێك لە ژیانی هەر تاکەکەسێکی ئێستا باشتر بێت. ڕاستە مەرج نییە خۆشگوزەرانی بە تەنیا خەڵك خۆشبەخت بکات - چەندین دەوڵەمەند هەن بە دەست نائومێدییەوە دەناڵێنن-، بەڵام دەکرێت لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا ژیانی خەڵك بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکەن.

تێڕوانینێکی بەرتەسك هەیە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، دوای هەزاران ساڵ لە پێکەوە کۆکردنەوەی دۆزینەوەی زانستی و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا، فێربوون چۆن لم بتوێنینەوە و هەندێ خڵتە و خۆڵی بۆ زیاد بکەین و بە وردبینییەکی سەرسوڕهێنەر و بە قەبارەیەکی بچووك دایبڕێژینەوە و بیکەینە چیپی کۆمپیوتەر و وزەی پێدا ڕەت بکەین، لە کۆتاییدا ئەو سیستمانەیان لێ دروست بکەین کە توانایەکی زیاتر و زیاتریان هەیە لە بواری زیرەکیی دەستکرددا.

ڕەنگە ئەوەمان بۆ ڕوون ببێتەوە کە تاوەکو ئێستا ئەمە گرنگترین ڕاستی بێت لە تێکڕای مێژوودا و دەکرێت لە میانەی چەند هەزار ڕۆژدا بگەینە زیرەکییەکی باڵا، دەکرێت ئەمە کاتێکی زیاتری پێویست بێت، بەڵام دڵنیام لەوەی دەگەینە ئەم ئامانجە.

چۆن گەیشتینە دەرگا و دەروازەی هەنگاوی داهاتووی پەیوەست بە بەدیهێنانی گەشە و خۆشگوزەرانی؟

به سێ وشه: فێربوونی قووڵ سەرکەوت.

بە ١٥ وشە: فێربوونی قووڵ سەرکەوت، مەوداکەی بە شێوەیەکی پێشبینیکراو باشتر بوو، سەرچاوەی زیاترمان بۆ تەرخان کرد.

واقیعەکە ئەمەیە، مرۆڤایەتی خواریزیمی دۆزییەوە کە بە ڕاستی دەتوانێت فێری هەر دابەشکارییەکی داتاکان بێت (یان لە ڕاستیدا، فێری ئەو ڕێسا بنەڕەتییانە ببێت کە هەر دابەشکارییەکی داتاکان بەرهەم دەهێنێت) و بە ڕادەیەکی شۆکهێنەر لە وردبینی، تاوەکو توانای کۆمپیوتەر و داتاکان زیاتر بەردەست بن، ئەوا باشتر دەبن لە هاوکاریکردنی خەڵك لە چارەسەرکردنی کێشە سەختەکاندا و بە چاوپۆشین لەو ماوەیەی بیر لەم پرسە دەکەمەوە، ئەوا بە ڕاستی ناتوانم دەرك بە مەودای گرنگییەکەی بکەم.

هەرچۆنێك بێت، هێشتا زۆرێك لە وردەکارییەکان هەن کە پێویستە دەرکیان پێ بکەین، بەڵام هەڵەیە سەرنجەکانی خۆمان بە ئالنگارییەکی دیاریکراوەوە سەرقاڵ بکەین. فێربوونی قووڵ کار دەکات و سەرکەوتوو دەبێت و ئەو کێشانەشی کە ماونەتەوە چارەسەریان دەکەین. دەکرێت زۆر شت بڵێین لەبارەی ئەوانەی دواتر ڕوو دەدەن، بەڵام پرسی سەرەکی ئەوەیە کە مەودای زیرەکیی دەستکرد باشتر دەبێت، ئەمەش بۆی هەیە بەرەوپێشچوونی مانادار لە ژیانی دانیشتووانی تێکڕای جیهاندا بەدی بهێنێت.

**لە ئێستادا توانای ئەنجامدانی ئەو شتانەمان هەیە کە نەوەکانی پێش خۆمان بە مەحاڵیان دەزانی**

**خودی کۆمەڵگە خۆی بووەتە شێوەیەک لە شێوەکانی زیرەکیی پێشکەوتوو**

**زیرەکیی دەستکرد ئەو ئامرازانە بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات کە بە هۆیانەوە دەتوانێت کێشە دژوارەکان چارەسەر بکات**

**هێشتا زۆرێک لە وردەکارییەکان هەن کە پێویستە دەرکیان پێ بکەین، بەڵام هەڵەیە سەرنجەکانی خۆمان بە ئالنگارییەکی دیاریکراوەوە سەرقاڵ بکەین**

بەم نزیکانە شێوازەکانی زیرەکیی دەستکرد وەك یاریدەردەری شەخسیی سەربەخۆ کار دەکەن و لە بری ئێمە چەند ئەرکێك ئەنجام دەدەن، وەك ڕێکخستنی چاودێریی تەندروستی، لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی داهاتووشدا سیستمەکانی زیرەکیی دەستکرد بە چەشنێك بەرەو پێش دەچن، کە هاوکارمان دەبن لە داهێنانی سیستمی باشتردا بۆ نەوەی داهاتوو و هێنانەئارای پێشکەوتنی زانستی لە بوارە جیاوازەکاندا.

تەکنەلۆژیا ئێمەی لە چاخی بەردینەوە بۆ سەردەمی کشتوکاڵی و دواتر بۆ ڕۆژگاری پیشەسازی گواستەوە، لەم ڕووەوە ڕێگەی ڕۆژگاری ژیری بە توانای کۆمپوتەر و وزە و ویستی مرۆیی زەمینەسازیی بۆ کراوە.

ئەگەر بمانەوێت زیرەکیی دەستکرد بگەیەنینە دەستی زۆرترین کەس، ئەوا پێویستە تێچووی توانای کۆمپیوتەر و بەردەستخستنی کەم بکەینەوە، ئەمەش پێویستی بە وزە و چیپی زیاترە، بەڵام ئەگەر وەك پێویست بونیادی بنەڕەتی بەدی نەهێنین، ئەوا زیرەکیی دەستکرد دەبێتە سەرچاوەیەکی زۆر سنووردار و شەڕی لە پێناودا هەڵدەگیرسێت و بە زۆری دەبێتە ئامرازێك بەدەست دەوڵەمەندەکانەوە.

**ئایندە هێندە پرشنگدار دەبێت کە مەحاڵە بتوانین لە ڕێی نووسینەوە لە ئێستادا دادپەروەر بین لە ئاستیدا و، خۆشگوزەرانیی بەرفراوان خەسڵەتی جیاکەرەوەی ڕۆژگاری زیرەکیی دەبێت**

پێویستە بە وریایی، بەڵام بە قەناعەتەوە مامەڵە بکەین. ڕۆژگاری ژیری بەرەوپێشچوونێکی مەزنە و چەندین ئالنگاریی ئاڵۆز و مەترسیدار لەخۆ دەگرێت، واتە چیرۆکێکی سەرتاپا ئەرێنی نابێت، بەڵام لایەنە باشەکەی هێندە زۆرە کە ئێمە قەرزاری خۆمان و ئایندەین بۆ ئەوەی خۆمان فێر بکەین کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو مەترسییانەدا بکەین کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە.

پێم وایە ئایندە هێندە پرشنگدار دەبێت کە مەحاڵە بتوانین لە ڕێی نووسینەوە لە ئێستادا دادپەروەر بین لە ئاستیدا و، خۆشگوزەرانیی بەرفراوان خەسڵەتی جیاکەرەوەی ڕۆژگاری زیرەکیی دەبێت. ئەگەرچی ئەمە بە چەشنێکی پلە بە پلە ڕوو دەدات، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکان-چارەسەرکردنی کێشەکانی ژینگە، دروستکردنی کۆلۆنیاڵییەك لە بۆشایی ئاسماندا، دۆزینەوەی هەر بابەتێکی پەیوەست بە فیزیاوە- دەبنە شتێکی ئاسایی و بە هۆی ئەو زیرەکییەی کە نزیکەی هیچ سنوورێکی نییە و بە هۆی فەراهەمبوونی وزە و توانای بەدیهێنانی بیرۆکە مەزنەکان و توانای بەدیهێنانیانەوە، ئەوا دەتوانین کاری زۆر ئەنجام بدەین.

**بە چەشنی تەکنەلۆژیاکانی دیکە، زیرەکیی دەستکرد لایەنی نەرێنییشی دەبێت و پێویستە لە ئێستادا دەست بە کارکردن بکەین بۆ بەرفراوانکردنی سوودەکانی و کەمکردنەوەی زیانەکانی بۆ کەمترین مەودا**

بە چەشنی تەکنەلۆژیاکانی دیکە، زیرەکیی دەستکرد لایەنی نەرێنییشی دەبێت و پێویستە لە ئێستادا دەست بە کارکردن بکەین بۆ بەرفراوانکردنی سوودەکانی و کەمکردنەوەی زیانەکانی بۆ کەمترین مەودا، بۆ نموونە، دەکرێت ئەم تەکنەلۆژیایە گۆڕانکاریی گەورە لە بازاڕەکانی کاردا دروست بکات (بە باش و خراپەوە) لە ساڵانی داهاتوودا، بەڵام زۆرێك لە کارەکان بە ڕەوتێکی خاوتر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، وەك لەوەی زۆرینەی خەڵك بیری لێ دەکەنەوە. من ترسی ئەوەم نییە کارێك نەمێنێت کە نەکرێت ئەنجامی بدەین، ئەگەرچی لە ئێستاشدا وەك «کارێکی ڕاستەقینە» دەرناکەون. خەڵکی خواستێکی خۆڕسکی هەیە بۆ داهێنانکاری و بۆ ئەوەی بۆ یەکتر سوودبەخش بن. زیرەکیی دەستکرد بوارمان پێ دەدات بۆ زیادکردنی توانا تایبەتییەکانمان بە چەشنێك کە پێشتر ڕووی نەدابێت. کۆمەڵگە دەگەڕێنینەوە بۆ نێو جیهانێکی بەرفراوان و جارێکی دیکە دەتوانین هەوڵەکانمان بۆ ئەنجامدانی گەمە ئەرێنییەکان چڕ بکەینەوە.

زۆرێك لەو کارانەی لە ئێستادا ئەنجامیان دەدەین وەك کات کوشتن و کات بەفیڕۆدان لێیان دەڕوانرا لەلایەن کەسانی چەند سەد ساڵ پێش ئێستاوە، بەڵام کەس بەو شێوەیە لە ڕابردوو ناڕوانێت کە ئومێد و خۆزگەی ئەوەی هەبێت کاری داگیرساندنی گڵۆپی سەر شەقامەکان ئەنجام بدات، خۆ ئەگەر ئەو کەسانەی لە ڕابردوودا کاریان هەڵکردنی ڕووناکیی سەر شەقامەکان بوو لە جیهانی ئێستا بڕوانن، ئەوا پێیان وا دەبێت، ئەو خۆشگوزەرانییەی لە دەوریانە پێشتر قابیلی وێناکردن نەبووە، خۆ ئەگەر لە ئێستادا سەد ساڵ بچینە پێشەوە، ئەوا ناتوانین وێنای ئەو خۆشگوزەرانییە بکەین کە ئێمە لێی بەهرەمەندین.






# گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام دەبن

## عێراق لە نێوان دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەتداریدا






**عارف ڕوشدی***

ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

گۆڕانکارییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمنی قەومیی ئەو وڵاتە باڵادەستانەی ڕۆژئاوایە، کە هەوڵی گۆڕانکارییەکە دەدەن، ئەوان خۆیان دەزانن ئەمنی قەومی وڵاتەکەیان لەچیدا دەبیننەوە و بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەچیدایە، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدەن، گۆڕانکارییەکانیش بەو شێوەیە بێت کە خۆیان دەیانەوێت.

هەر دوو حزبی کۆماری و دیموکراتی لە ئەمریکا، دوای توێژینەوەیەکی ورد و ئەنجامێکی قووڵ، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە دەستهەڵگرتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەستهەڵگرتنە لە بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا، بۆیە هەموو ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەی لە غەززە و یەمەن و سووریا و باشووری لوبنان هەن و عێراقیش لێی بەدەر نییە، دواجار بەشێکن لەو پلان و بەرنامەڕێژییەی زلهێزەکانی جیهان کاری بۆ دەکەن.

ئەوەی لە ناوچەکە بەگشتی ڕوو دەدات، وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکی گەورەیە، بەشێك لەوانەی ئێستا و لە دوای **٢٠٠٣**ـوە حوکمڕانیی عێراق دەکەن، هێشتا لەو گۆڕانکارییە تێنەگەیشتوون و ناشیانەوێت لێی تێبگەن، بۆیەش ئەم بەشە بەر گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکە دەکەون، بێگومان هەر ئەو بەشەش خۆهەڵقورتێنەری ئەو کێشانەی ناوچەکەن، کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە عێراقەوە نییە، بەڵام بەو گۆڕانکارییانەی ڕوو دەدەن، گەلی عێراق بەگشتی سوودمەند دەبێت، چونکە ئەو بەشە خۆسەپێنەی حوکمڕانی دەکات، نەیتوانیوە لەگەڵ سەردەم و گۆڕانکارییەکان بژی و خۆی بگونجێنێت، کە هەر ئەوانیش هۆکاری ئەو هەموو وێرانکارییەن کە لە عێراقدا ڕوویان داوە و بەردەوامیش ڕوو دەدەن، بەڵام نەتەوەی کورد و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، بیرکردنەوە و جیهانبینی و تێڕوانینی بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم کراوەتر و فراوانترە، بۆیەش ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین، هەر گۆڕانکارییەك بێتە پێشەوە کورد دەتوانێت خۆی لەگەڵی بگونجێنێت، بە پێچەوانەی ئەوانەی نوێنەرایەتی ڕەوتی عروبە دەکەن بە دیوە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانیانەوە، چونکە کورد توندڕەو نییە، تەنانەت لە ڕووی نەتەوەییشەوە توندڕەو نەبووە، ئەگەریش توندڕەوییەك لەناو کورددا هەبووبێت،

**نەتەوەی کورد و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، بیرکردنەوە و جیهانبینی و تێڕوانینی بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم کراوەتر و فراوانترە**

**عێراق وڵاتێکە بە ستەم دروست کراوە، ستەمێک کە دەرهەق بە گەلی کوردستان کراوە و وڵاتەکەی کردووەتە گرێ کوێرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا ستەمەکەیش نەڕەوێتەوە، عێراق ناتوانێت بەرەو دەوڵەتبوون هەنگاو بنێت**

**تەنانەت ئەو گۆڕانكارییەی لە ٢٠٠٣ یش ڕووی دا، نەبووە هۆی دروستكردنی دەوڵەتێكی دەستووری، كە مافی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی كورد بەتایبەتی دابین بكات**

بەهۆی ئەوە بووە كە چەوسێندراوەتەوە و مافی لێ زەوت كراوە، ئەگەرنا هەرگیز ئەو توندڕەوییەی ڕەوتی عروبە لە عێراق هەیەتی، كورد نەیبووە.

عێراق وڵاتێكە بە ستەم دروست كراوە، ستەمێك كە دەرهەق بە گەلی كوردستان كراوە و وڵاتەكەی كردووەتە گرێ كوێرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا ستەمەكەیش نەڕەوێتەوە، عێراق ناتوانێت بەرەو دەوڵەتبوون هەنگاو بنێت، بەڵكو هەر دەسەڵاتدارێتییە، چونكە دەسەڵاتدارێتی لەگەڵ دەوڵەتداری دوو چەمك و دوو حوكمڕانیی جیاوازن. دەسەڵاتدارێتی عێراق لەوەتەی هەیە (چ پاشایەتی یان كۆماری بووبێت)، چ (دیموكراتی، یان دیكتاتۆری و تایەفی بووبێت)، هەرگیز دەوڵەتداریی نەبووە، ئینجا دەسەڵاتدارێتییەكەش لەلایەن كۆمەڵێك خەڵكی توندڕەوی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی بەڕێوە براوە و بەڕێوەبردنێكی لاسەنگ بووە.

ئەوەی لە عێراقدا بەدی كراوە هەمیشە كۆمەڵێك دەسەڵاتداری ناكۆك و ناتەبا هەبوون و حوكمی وڵاتەكەیان كردووە، تەنانەت ئەو گۆڕانكارییەی لە ٢٠٠٣ یش ڕووی دا، نەبووە هۆی دروستكردنی دەوڵەتێكی دەستووری، كە مافی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی كورد بەتایبەتی دابین بكات، بەپێچەوانەوە گەلی كورد و نەتەوە پێكهاتەكانی دیكەش، سوودیان لەو گۆڕانكارییە نەبینیوە، هاوكات گەلی عەرەب كە گەلێكی باڵادەست بووە لە عێراقدا، هەر لەنێوخۆشیاندا ناكۆكی مەزهەبیی و تایەفییان هەبووە و تا ئێستایش هەر بەردەوامن لەو ناكۆكییانە.

ئێستا لە عێراق مەترسییەك هەیە، چونكە لەناوچەكە و وڵاتانی دەوروبەری شەڕ و ململانێ هەیە، ئەو شەڕەی هەیە، شەڕێك نییە تەنیا ناوی شەڕی غەززە، یان شەڕی خواروی لوبنان، یان شەڕی سووریا بێت، بەڵكو شەڕێكی بەرنامە بۆ داڕێژراوە و دوو سێ پڕۆژەی هاوتەریبی یەكتر هەن، پڕۆژەی هێلی داود و پڕۆژەی پێكهاتەی ئیبراهیمی و پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و نوێ، هەموو ئەو پڕۆژانەش ئامانجی خۆیان هەیە، تا ئەم ئامانجانە بە كۆتایی نەیەن، ناكۆییەكانیش بە كۆتایی نایەن. عێراق لە چەقی ئەو گۆڕانكارییانە دەبێت كە نەخشە و ئامانجی پڕۆژەكانن، چونكە ئەو گرفتەی كە ناوی عێراقە، دەبێ بە چارەسەرێكی سەرپێی كۆتایی نەیەت، دەبێ عێراق لە دەسەڵاتدارێتییەوە ببێتە عێراقی دەوڵەتداری، یەكەم شتیش كە دەبێ بكرێت، مافی چارەی خۆنووسینی گەلی كوردە، ئینجا دەتوانرێت دەوڵەتداری لە عێراق بكرێت و پێكهاتە سەرەكییەكانی وڵاتەكە لە ماف و ئەركدا وەكو یەكتر بن، كە هەتا ئێستا وەكو یەكتر نین.

بۆچوونی جیاواز لەسەر گۆڕانكارییەكان هەن. ئەگەر پێمانوابێت بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێگە بە دروستبوونی دەوڵەتی دیكە و دەستكاریكردنی سنوور و نەخشەی جوگرافی ناوچەكە نەدات و پێویستە عێراق بە یەكگرتوویی بێمنێتەوە، دەبێ ئەو یەكگرتووییە ڕێوشوێنی تایبەتی هەبێت و مافی هەموو پێكهاتەكانی ناو عێراق بدرێت، بەتایبەتیش مافی گەلی كوردستان، ناكرێ هەروا باس لە یەكگرتوویی و یەكپارچەیی خاكی عێراق بكرێت و كوردیش كە دووەمین پێكهاتەی سەرەكیی وڵاتەكەیە، بچەوسێندرێتەوە و مافەكانی پێشێل بكرێت، ئینجا زامنكردنی ئەو یەكپارچەییەی عێراق، شێوازی حوكمڕانییەكەی فیدراڵی یان كۆنفیدراڵی یان ئیدارەدانی سەربەخۆ بێت، ئەگەرنا هەر جۆرە حوكمڕانییەكی دیكە لە عێراق بێ بەرهەم دەمێنێتەوە و كێشە و ناكۆكییەكانیش هەر بەردەوام دەبن.

ڕاستە عێراق لە ئێستادا دەستوورێكی هەیە و لە ١٥ی ئۆكتۆبەری ساڵی ٢٠٠٥دا عێراقییەكان بە گەلی كوردستانیشەوە، دەنگیان لەسەر داوە، بەڵام ئەو دەستوورە نەبووە بنەمای حوكمڕانییەكی دادپەروەرانە و بنەمایەكی پتەو بۆ دروستبوونی دەوڵەتدارییەكی ڕاستەقینە، بەڵكو دەستوور بەپێی میزاجی حوكمڕانەكانی عێراق كاری پێكراوە، كام بڕگە و مادەی دەستووری عێراق لە بەرژەوەندیی حوكمڕانییەتی عێراق بووبێت، جێبەجێ كراوە و هەر بڕگە و مادەیەكیش كە مافی گەلی كوردستانی تیایدا جێگیر كرابێت، پشتگوێ خراوە، چونكە باڵادەستەكانی عێراق ڕێزیان لە دەستوورەكە نەگرتووە، ئەگەرنا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا دەستووری عێراق، دەستوورێكی خراپ نییە، بەڵام هەمیشە دەستوور بۆ ئەو چەترانە بەكار هاتووە، كە خۆیان ویستوویانەتە بیكەنە سێبەر بۆ حوكمدارێتی خۆیان. بەپێی ئەو ڕێككەوتنانەی پێشتر هێزە ئۆپۆزیسیۆنەكانی دژبە ڕژێمی بەعس

**كام بڕگە و مادەی دەستووری عێراق لە بەرژەوەندیی حوكمڕانییەتی عێراق بووبێت، جێبەجێ كراوە و هەر بڕگە و مادەیەكیش كە مافی گەلی كوردستانی تیایدا جێگیر كرابێت، پشتگوێ خراوە**

مۆریان کردبوو، عێراقی دوای ۲۰۰۳ دەبوو وڵاتێکی جیاواز بێت لەو سەردەمەی کە بەعس حوکمڕانی دەکرد، بەڵام وا دەرنەچوو، شیعەکان کە حوکمڕانیی عێراقیان گرتەدەست بە نەفەسی تۆڵەکردنەوە مامەڵەیان کرد، ڕەنگە ئەوانیش پاساوی ئەوەیان هەبووبێت کە پێشتر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ستەمیان لێکراوە، بەڵام ئەو تۆڵەکردنەوەیە بە هەر بیانوویەك بووبێت، بووە هۆی ئازاردانی خەڵکی دیکە و ئەوەش دواجار عێراقی بەرەو وێرانبوونی زیاتر برد، ئەگەرچی بەرلە ئازادیی عێراقیش هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەڵێنی ئەوەیان دابوو، کە سەقامگیریی بەرقەرار بکەن، بەڵام ناکۆکیی نێوان هێزە سوننییەکانیش بووە هۆکارێکی دیکە بۆ ئەوەی شیعەکان باڵادەستتر بن، بەگشتیش برایانی شیعە لەدوای ئازادیی عێراقەوە سەلماندیان، کە ئەهلیەتی ئەوەیان نییە دەوڵەتداری بکەن و پێیانوایە ئەو بیروباوەڕەی لەڕووی مەزهەبییەوە هەیانە و سەرچاوەی ناکۆییەکانی نێوان شیعە و سوننەیە، هێندە دەهێنێت کە لە پێناویدا خۆیشیان بەخت بکەن، لەگەڵ هەموو ئەو ناکۆکییەشدا هەردوولا هەم شیعە و هەم سوننە لەسەر دژایەتیی کورد هاوڕان.

لە عێراقدا هێزی فرەچەشن هەیە، میلیشیا و گرووپی چەکداریی جۆراوجۆر هەیە، ئەوەش یەکێك لەو هۆکارانەیە کە نەیهێشتووە عێراق ببێتە دەوڵەت، هەر هێز و گرووپێك ئاڵایەکی هەڵگرتووە و سەربە تاقم و چینێکە، هەندێکیشیان لە دەرەوەی سنووری عێراقەوە فەرمانیان بۆ دێت. هێزە چەکدارەکانی عێراق سوپای دەوڵەت نین، تا ببێتە هێزێکی نیشتمانی، کە تەنیا ئاڵای وڵاتەکەی هەڵگرتبێت، کاتێکیش دەسەڵاتدارانی عێراق دەڵێن ئێمە سنوورمان بۆ ئەو هێزانە داناوە، لەڕاستیدا ئەوە ئەوان نین، کە ئەو سنوورەیان دانابێت، بەڵکو گوشارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکایە، کە ڕێگرییان لەو هێزانەی ناو عێراق کردووە، نەوەکو دەسەڵاتی عێراق، بۆیەش هێزە عێراقییە نادەستوورییەکان ئەگەرچی لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش دەنگیان لەسەر درابێت، بەڵام نیشتمانی نین و ئەجێندای دیکەیان هەیە و هەمیشە دەبنە ڕێگر لەبەردەم سەقامگیربوونی ئاشتی و ئارامی.

کورد دەیەوێت لەو وڵاتەی کە ناوی عێراقە، مافەکانی دەستەبەر بکرێت. دەیەوێت عێراق بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەیەکی یاسایی و دەستووری، کە خزمەتی هەموو عێراقییەکان بکات، ئەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر خۆیان بیانەوێت ئێمە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنینەوە، ئەگەرنا وەك جەنابی سەرۆك بارزانی فەرموویەتی «با دراوسێیەکی باش بین»، بەڵام لە عێراقی ئێستادا ئەو وڵاتە تەنیا یەك کێشەی نییە، بەڵکو کێشەی زۆری هەیە، ئەوەی پەیوەستە بە کێشەی کوردەوە، گەلی کوردستان تا بە مافەکانی نەگات، کێشەی لەگەڵ حوکمڕانیەتیی بەغدا بەردەوام دەبێت، هاوکات کێشەی میلیشیاکان و مەزهەبگەرایی و چەندین پێکهاتەی دیکەش لە عێراق هەیە. ئەو سیستەمە سیاسییەی کە خوازراوە لە عێراقدا دەبێ بە ڕێککەوتنی ئارەزوومەندانەی نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق بێت، بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر هێزێك دەسەڵاتی عێراق دەگرێتە ئەستۆ، لەسەرەتادا دان بە هەموو مافێکی نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراقدا دەنێت، کاتێکیش بەهێز دەبێت، ئیدی پێشێلی هەموو بەڵێنەکانی خۆی دەکات و هەوڵی چەوساندنەوەی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە دەدات.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا ئەو وڵاتانە ناگرێتەوە، کێشە و ئاڵۆزی و شەڕیان تیایە، تەنانەت تورکیا و ئێران و سعودیە و زۆر وڵاتی دیکەش دەگرێتەوە. بەپێی ئەوەی من سەرنجم دابێت، تورکیا لەو گۆڕانکارییانە سوودمەند دەبێت و ئێران دەچێتە قالبێکی دیاریکراو و وڵاتانی دیکەیش هەریەکەیان بەپێی پێگە و قەبارە و کاریگەرییەکەیان، بەشی خۆیان لەم گۆڕانکارییانە بەردەکەوێت. کورد وەك نەتەوەیەکی سەرەکی لە عێراقدا تا ئێستا توانیویەتی بە سیاسەتێکی عەقڵانی و هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زلهێزەکان بڕوات و هەرێمی کوردستان توانیویەتی ببێتە بەشێك لە هێزێکی ئەرێنی، بۆیەش ئەو گۆڕانکارییانەی پێشبینی دەکرێت ڕوو بدەن، لە بەرژەوەندیی کورددا دەبێت، چونکە کورد بەشێك بووە لە بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکە و تێکەڵی هیچ ئەجێندایەکیش نەبووە، کە زیانی بۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی دۆستی کورد هەبێت، لە بەرانبەردا ئەو وڵاتانەش گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە هەرێمی کوردستان بەردەبازی ئەو گۆڕانکارییانەی ناوچەکە دەبێت، کە بەڕێوەن.

**هەر هێز و گرووپێک ئاڵایەکی هەڵگرتووە و سەربە تاقم و چینێکە، هەندێکیشیان لە دەرەوەی سنووری عێراقەوە فەرمانیان بۆ دێت**

**گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا ئەو وڵاتانە ناگرێتەوە، کێشە و ئاڵۆزی و شەڕیان تیایە، تەنانەت تورکیا و ئێران و سعودیە و زۆر وڵاتی دیکەش دەگرێتەوە.**




## دکتۆر محەمەد ئیحسان

توێژەری سیاسی و ئەکادیمیست بۆ گوڵان :

# سەرۆک بارزانی مەرجەعی یەکەمی کوردە و جێگەی متمانەو باوەڕی ئەوروپا و ئەمریکا و هەموو دنیایە، چونکە کەسێکی ڕاستگۆ و دادپەروەر و ئاشتیخوازە

**گۆڤاری گوڵان لەسەر پرسی دەستبەکاربوونی ترامپ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، هەروەها پرسی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار، دیدارێکی لەگەڵ د.محەمەد ئیحسان توێژەری سیاسی و ئەکادیمیست ساز دا.**

*** جیهان چاوەڕێی ئەوەیە دوو هەفتەی دیکە دۆناڵد ترامپ جارێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆکی ئەمریکا، ئەوەی باسی دەکەن ئەم کەسایەتییە مەزاجییە و پرۆگرامێکی ئاشکرای نییە، ئایا بەپێی ئەزموونی خۆت، ترامپ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ئاڵۆزەدا دەکات؟**

- ترامپ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا زۆری نەماوە و لە ٢٠ی ئەم مانگە دەستبەکار دەبێت، من ناڵێم ترامپ مەزاجییە بەپێی ئەو بەدواداچوونەی من بۆم کردووە، بەڵکو تێڕوانینێکی دیکەی هەیە لە چاو سەرۆکەکانی دیکەی ئەمریکا بۆ ئەمریکا بۆ دنیا و بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ چارەسەری کێشەکان و کەسێکی ڕیاڵیستە لە سیاسەت، ئەگەرچی پێشان دوو تێگەیشتنی کلاسیکییان هەبوو، بەڵام لە پاشان تێگەیشتنەکان زۆر گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیتووە، کە چەندین مەفاهیمی دیکەی لێ هاتووەتەدی، بۆیە ترامپ کەسێکی کلاسیك ڕیاڵیستە کە خاوەن بیردۆزی واقیعییەتە لە هەڵسوکەوت لە سیاسەتدا و هەر چییەك بکات، دەڵێت چی بۆ من؟ چی بۆ تۆ؟ هەموو کات ئەوە مەبدەئی سەرەکیی ترامپە، ئەوەی گرنگە بۆی ئەوەیە چی قازانجی بۆ وڵاتەکەی هەیە و تا چەند ئەو کارانەی دەکرێت دەبێتە هۆی سەقامگیریی ئەمریکا، خاڵی دووەم ترامپ بۆچوونێکی دیکەی هەیە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جاران خاوەنی بیر و هزری لیبراڵ وا بیریان دەکردەوە کە دنیا دەکەینە گوندێکی بچووك، بەڵام ترامپ وا بیر ناکاتەوە، بەڵکو دەڵێت من شتێك ناکەم بۆ کەس و بۆ هیچ وڵاتێك بەبێ پارە، یان بەرژەوەندیی ئەمریکای تێدا نەبێت و لە واقیعیەتیش نیو ڕیاڵستە، هەروەها لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمڕۆ سێ پڕۆژە و پرۆگرام هەیە کە یەکەمیان پاشەکشەیەکی هەرەسی ئێرانە، دووەمیان سەرکەوتنێکی زۆر بەرزی ئیسرائیلە، سێیەم تورکیا ڕۆڵی لە ناوچەکە هەیە، ئەگەرچی تورکیا خۆی بە پێشکەوتوو و دەستڕۆیشتوو لە ناوچەکەدا دەردەخات، بەڵام ئەوەی تورکیا خۆی دەبینێت، بەو شێوەیە نییە، چونکە پڕۆژەکان بەتایبەتی ناپێورێت بەپێوەری سەربازی، بەڵکو هەموو پڕۆژە و بەرنامەکان لەسەر لایەنی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ناوبانگی نێودەوڵەتی و هێزێکی میدیایی و...تاد دەپێورێن، لەلایەکی دیکەوە ڕاستە تورکیا هێز و دەسەڵاتێکی هەیە، بەڵام ئەمەش بۆ ئەو وڵات و لایەنانەیە کە لەو لاوازترن، واتە بۆ ئێمەی باشووری کوردستان و بۆ پەکەکە و برادەرانی کوردی ڕۆژئاوا بەهێزە، ئەگینا بەرانبەر ئەورووپا و ئەمریکا و ڕووسیا و ئیسرائیل هیچ نییە و لاوازە، لەلای ترامپ و سیاسەتەکەی ئاسایش و پاراستنی ئیسرائیل بە پلەی یەکەمە، لەو چەند ڕۆژەی ماوە کە تا ترامپ دێتە سەر حوکم ئەو بارمتانە ئیسرائیل کە لەلای حەماسە دەبێت بگێڕدرێنەوە و ئازادیان بکەن. شانۆی سیاسیی حەماس لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان بە تەواوی کۆتایی دێت و میحوەری مقاوەمەتیش بە تەواوی کۆتایی هاتووە، لە ڕاستیدا میحوەری مقاوەمە هەر درۆ بوو، چونکە ئێران حەماسی بۆ خۆپاراستنی خۆی بەکار دەهێنا و لە ئەنجامی ئەو درۆیەدا غەززە وێران بوو و جەبهەی تەحریر بە تەواوی لەناو چوو و لوبنان وێران بوو و سووریا کە ئێران بە دەیان ملیار دۆلاری لێ خەرج کرد، ڕووخا. ئەوەی دەمێنێتەوە عێراقە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هاوکێشە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، من ناڵێم نەخشەی ناوچەکە دەگۆڕێت، بەڵام هاوسەنگیی هێز و سیستمی حوکمی وڵاتەکانی ناوچەکە و نیزامە سیاسییەکانی ناوچەکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا بەتایبەتی ترامپ هەوڵ دەدات کە ڕووسیا لە سووریا بکشێتەوە لە بەرانبەردا هاوکاریی دەکات بە جۆرێك لە شەڕی دژی ئۆکرانیا، ئەوەی دەمێنێتەوە شانۆی سیاسیی عێراقە کە بۆ هەر سێ میحوەر و پڕۆژەکانی لە ناوچەکەدا هەیە، چ بۆ تورکیا، چ بۆ ئێران، چ بۆ ئیسرائیل میحوەری سەرەکییە، بەڵام ئێران ویستی دەوڵەتی مزدەوەج لە عێراقدا دروست بکات (دەوڵەت لە ناو دەوڵەت)دا لەمەشدا فەشەلیان هێنا، بەڵام ئەوەی لە لوبنان و سووریا کراوە، ئەگەر عێراق ئاگاداری خۆی نەبێت، هەمان شێوەی بەسەر دێت و دەوڵەتەکە لەناو دەچێت، زۆری پێناچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرکردە و هەندێ دەموچاو لە عێراق و لە

**عێراق هەوڵ دەدات خۆی لە پەلاماری ئیسرائیل بپارێزێت، بەڵام ئیسرائیل مووشەکەکانی ١٩٩١ی لەبیر نەچووەتەوە و بە هەموو شێوەیەک عێراق لێی دەدرێت**

**چەند زوو حکومەتی هەرێمی کوردستان پێک بێت ئەوەندە هێز و توانای نێودەوڵەتی هاوکار و پاڵپشتی دەبێت**

**ترامپ کەسێکی کلاسیک ڕیاڵیستە کە خاوەن بیردۆزی واقیعییەتە لە هەڵسوکەوت لە سیاسەتدا و هەر چییەک بکات، دەڵێت چی بۆ من؟ چی بۆ تۆ؟**

**تورکیا بۆ ئێمەی باشووری کوردستان و بۆ یەکەکە و برادەرانی کوردی ڕۆژئاوا بەهێزە، بەرانبەر ئەوروپا و ئەمریکا و ڕووسیا و ئیسرائیل هیچ نییە و لاوازە**

**لە ڕاستیدا میحوەری مقاوەمە هەر درۆ بوو، چونکە ئێران حەماسی بۆ خۆپاراستنی خۆی بەکار دەهێنا و لە ئەنجامی ئەو درۆیەدا غەززە وێران بوو و جەبهەی تەحریر بە تەواوی لەناو چوو و لوبنان وێران بوو و سووریا کە ئێران بە دەیان ملیار دۆلاری لێ خەرج کرد، ڕووخا**

**هاوسەنگیی هێز و سیستمی حوکمی وڵاتەکانی ناوچەکە و نیزامە سیاسییەکانی ناوچەکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت**

**ئەوەی لە لوبنان و سووریا کراوە، ئەگەر عێراق ئاگاداری خۆی نەبێت، هەمان شێوەی بەسەر دێت و دەوڵەتەکە لەناو دەچێت**

ناو دەوڵەت و حوکمداریدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەوەی ئێستا لە سووریا دەبینرێت، بەشێکە لە دیمەنەکە و وەکو خۆی نامێنێت، بەڵام ئێستا پێویستە لەگەڵیان تەعامول و پەیوەندی بکەین، چونکە ئەحمەد شەرع بە ڕێگە و پاڵپشتی هەیمەنەی تورکی و بە بیری ئیخوان هاتووە، ئەگەرچی ئەو کەس و کۆمەڵە کەسە کە بەناوی تەحریر شام هاتوونەتە سووریا، نە خەڵکی سووریا و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نە ئەمریکا و نە ئەوروپا قبووڵیان ناکەن و گومان هەیە کە ئیسرائیل ڕۆڵی هەبێت لە هاتنی ئەو جەمەعاتە بۆسەر حوکمی سووریا، بەڵام لە دەرئەنجامدا ئیسرائیلیش قبووڵیان ناکات کە ئەو جۆرە بیر و هزرانە هاوسنووری بن.

*** لە تورکیا باس لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دەکرێت، مەزڵووم عەبدی داوای هاوکاری لە هەرێمی کوردستان دەکات، ئایا لەم پرۆسە ئاڵۆزەی کوردی سووریا و تورکیا، سەرۆك بارزانی دەتوانێت چ ڕۆڵێك بگێڕێت؟**

- کێشەی کورد ئەمڕۆ کێشەیەکی نێودەوڵەتییە، سەبارەت بە جەنابی سەرۆك بارزانی بە تێڕوانینی نێودەوڵەتی و هەموو دنیا مەرجەعێکی کوردی ژمارە یەکە، چونکە هەموو دنیا دەزانن کە جەنابی سەرۆك بارزانی پەیوەندییەکی بەهێزی نێودەوڵەتیی هەیە و جێگەی باوەڕ و متمانەی وڵاتانی دنیایە، بەتایبەتی ئەوروپا و ئەمریکا، کەسێکی ڕاستگۆیە و کابرایەکی کوردستان پەروەرە و خاوەن قاعیدەیە و سەنگێکی گەورە و بەڕێزی نێودەوڵەتی هەیە و خەمخۆری گەلی کورد و کوردستانە و، دوژمنەکانی ڕێزی زیاتر دەگرن لە برادەر و دۆستەکانی، سەرۆك بارزانی کەسایەتییەکی دیارە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە هەقیقەتدا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا جەنابی سەرۆك بارزانی پێش هەموو کەسێك دەستی پێکرد، بەڵام پەکەکە تێکی دا، لەلایەکی دیکەوە پێویستە کوردانی ڕۆژئاوا سوود لە ئەزموونی باشووری کوردستان وەربگرن و پلە بە پلە کار بکەن بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و هێمنانە و زۆر گەرم نەبن و، کار بکەن بۆ ئەوەی داواکاری و مافی کوردی ڕۆژئاوا لە دەستووردا جێگیر بکەن. لە تورکیا پرۆسەی ئاشتی ئێستا دەستی پێکردووە و ئەمەی ئێستاکە بەشێکی ئەساسیی پرۆسەکەیە و ئەو پرۆسەیە بەشێکە لەو ململانێ سیاسییانەی لە نێوان حزبەکانی تورکیادا هەیە.

چارەسەری کێشەی کورد جگە لەوەی هەق و مافی گەلی کوردە، چارەسەری هەر پارچەیەك لە پارچەکانی کوردستان بە جۆرێکە و جیاوازە، ئەگەر تەماشای بۆچوون و تێڕوانینی سەرۆك بارزانی بکەین، لەسەر مەلەفی سووریا و عێراق و تورکیا لەم سی ساڵەی کۆتاییدا هەر چییەکی گوتووە، ئەوە جێبەجێ بووە. پێویستە ئێمە هاوکار بین بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان و خۆشمان بپارێزین و خۆمان نەکەینە قوربانی، لە پاشان یارمەتیی پارچەکانی دیکەی کوردستان بدەین، بەتایبەتی لە چارەسەری کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆ، ئەو هاوکێشەیەش نەماوە کە کورد لە ڕۆژئاوا غەدری لێ بکرێت. هەروەها چارەسەری کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هاوکێشەی سەقامگیری و ئاسایش و سەرکەوتنی حکومەتەکانە و کێشەی کوردیش لە تورکیا، یان لە هەر پارچەیەك تەنیا پەکەکە نییە، دەرکەوتووە لە هەموو دنیادا کە هیچ کێشەیەك بە چەکداری چارەسەر نابێت، بەڵکو بە پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆ لەسەر بنەمای پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری کێشەکان چارەسەر دەبن.

*** تورکیا ئەندازیاری ئەو گۆڕانکارییانەیە کە ئێستا لە سووریا بەڕێوە دەچن، ئەبو محەمەدی جولانی ئەلقاعیدە و جەبهەی نەسرە، ئێستا بە قات و بۆینباخەوە بووەتە ئەحمەد شەرع و سەرۆکی سووریا، جیهانیش خەریکە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئێوە چۆن ئەم هاوکێشە سەیرە دەخوێننەوە؟**

- ئەمە جاری یەکەم نییە ئەو هاوکێشەیە دووبارە بێتەوە، ئەگەر بێین تەماشای مێژووی خوارووی ئەفریقا بکەین لە سەرەتای سیستمی جیاوازی ڕەگەزپەرستی، ئەوە گەورەترین کەس ماندێلا بوو لە تێڕوانی دنیا بە گشتی و (٢٧)ساڵ لە زیندان بوو، کە ئازاد بوو، بووە گەورەترین تێکۆشەر و بوو بە ڕەمزی ئاشتی و سەقامگیری، ئەگەر سەیری یاسر عەرەفات بکەین کە لە تێڕوانینی ڕۆژئاوادا کەسێکی ئیرهابی بوو کە فڕۆکەی دەڕفاند و لە فلان شوێن و فلان شوێن کاری تیرۆیستیی ئەنجام دەدا، لە پاشان ئەویش لە ئۆسلۆ بووە ڕەمزی ئاشتی، ڕێکخراوی (RRA) کە گەورەترین

ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئیرلەندی بوو کە کردەوەی تیرۆریستیی لە بەریتانیا و ئەورووپا ئەنجام دەدا، دواجار لەگەڵیان دانیشتن و بوونە پیاوی ئاشتی، ئەحمەد شەرعیش بە هەمان شێوەی ئەوانە وای لێ هات، بەڵام ئەحمەد شەرع پیاوی ئەو قۆناغەیە و لە کاتێکدا ئەگەر بتوانێت خۆی بکاتە پیاوی ئاشتی، کە ئەو بۆچوونەی منیش بە هیچ جۆرێك نایەتەدی، چونکە بیر و هزری ئیسلامی سیاسی قەت گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، بەڵکو دەگاتە قۆناغێکی شێتیی سیاسی و غرووری دەیگرێت، بەتایبەتی لەلای جەماعاتەکەی خۆی و هیچ کاتێك و هیچ کەسێکی ئیسلامی سیاسی نەیانسەلماندووە کە پیاوی دەوڵەت و حوکمڕانیی باش و ئاشتی بن، هەر وەکو دەبینین کە بیردۆزەیەکی فاشیی وا لە تورکیا و میسر هەیە و لە عێراقیش سوننە و شیعە نەیانتوانیوە ببنە پیاوی دەوڵەت و دادپەروەری و سەرکەوتوو نەبوون، ئێران و ئەفغانستانیش بە هەمان شێوە. هەروەها بۆ ئەحمەد شەرع دەتوانین نموونەی تالیبان بهێنینەوە کە ئەمریکییەکان لەگەڵیان دانیشتن و گەیشتنە ئەوەی دەسەڵاتیان تەسلیمیان کرد، بەڵام نازانی تا چەند تێیدا سەرکەوتوو دەبێت. ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، ١٠٠٪ ڕووداوێکی موخابەراتی بوو کە تورکیا ویستی مەترسیی ئیسرائیل لەسەر خۆی دوور بخات و ئیسرائیلیش بە جۆرێکی دیکە کە توانی سەرکەوتوو بێت و ناوچەکە بەپێی مەرامی خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و مەترسی ئەسەدیشی لە سووریا کە ئێران بەکاری دەهێنا لە دژی ئیسرائیل لە ناو برد، لە کۆتایی ڕووداوەکاندا هیچ کەس و هیچ لایەن و وڵاتێك جگە لە ئیسرائیل لە سووریا قازانج ناکەن.

*** لە ماوەی تەنیا یەك مانگدا، نووری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا باسی کودەتای بەعسییەکان و گۆڕانکاریی سیاسی لە عێراقدا دەکات، ئایا ئەمە بۆ ترساندنی ناوماڵی شیعەیە، یان شتێك لە ئارادا هەیە؟**

- هەر چەندە مالیکی چەندین ساڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە و بە ڕاستگۆیی کاری کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ کوردەکان، بەڵام هەوەسی بەعسییەکانی هەیە، ئەگەرچی بەعسی لە هیچ شوێن و ناوچەیەکی عێراق ئێستا نەماون، تەنیا مەگەر بیر و هزریان هەبێت، کە ئەمەش ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، ئەگینا بەعس لە عێراق نەماون و بەعسیش نایەتەوە، ئەمانە دەیانەوێت بەو قسانە کردەوە خراپ و گەندەڵییەکانیان لەبیر بکرێت، بەڵام بەو دەوڵەتە فاشیلە و گەندەڵی و نادادپەروەرییە بێت، سەرکەوتوو نابن، بەڵکو پێویستە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنن و وڵاتەکە سەقامگیر بێت، واز لە گەندەڵی و دەوڵەتی مزدەوەج بێنن.

*** هەتا ئێستا حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی سوودانی مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ بارودۆخی سووریا کردووە. باس لەوە دەکرێت، عێراق ئاگادار کراوەتەوە ئەگەر گرووپە شیعە وەلائییەکان هەڵنەوەشێنێتەوە، ئەویش لەلایەن ئیسرائیلەوە گورزی بەردەکەوێت، لە لایەکی دیکەوە ئیسماعیل قائانی لە بەغدایە، ئایا عێراق دەتوانێت لەم بارودۆخەدا بڕیار بدات؟**

- عێراق هەوڵ دەدات خۆی بپارێزێت و دوور بێت لەو کێشانەی لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام گورزەکەی پێ دەکەوێت و بە تەئکید دەبێت عێراق چاوەڕوانی ئەوە بێت هەرچی بکات، گورزەکەی پێ دەکەوێت، دەبێت بزانین کە ئیسرائیل مووشەکەکانی ساڵی ١٩٩١ی لە بیر نەچووەتەوە، بۆیە لە دەرفەتێك دەگەڕێت کە گورزێکی زۆر کاریگەر و ویرانکار لە عێراق بدات. عێراق بەو دەستە و دەسەڵاتدارییەی لە ئێستادا هەیە، ناتوانێت وەکو خۆی بمێنێت و گورزی سەربازیی ئیسرائیلی بەردەکەوێت.

*** ئایا هەرێمی کوردستان لە ناو ئەم هاوکێشەیەدا شوێنی لە کوێدایە و بە ڕای ئێوە پێکهێنانی کابینەی دەیەم بۆ ئەم بارودۆخە تا چەند گرنگە؟**

- چەند زووتر کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر تەوافوقی سیاسی پێك بهێنرێت، بەتایبەتی بە هەوڵی پارتی و یەکێتی، ئەوە شتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی ئیدارەکردنی وڵات و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زۆرتر و باشتر پێشکەش بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکرێت، پێویستە یەکڕیز و یەك هەڵویست حکومەتێکی بەتوانا پێك بهێنرێت بۆ قۆستنەوەی هەموو فرسەت و شانسە باشەکانی بەردەممان و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو مەترسییانەی بەرانبەریشمان هەیە.

**ئەگەر تەماشای بۆچوون و تێڕوانینی سەرۆك بارزانی بکەین، لەسەر مەلەفی سووریا و عێراق و تورکیا لەم سێ ساڵەی کۆتاییدا هەر چییەکی گوتووە، ئەوە جێبەجێ بووە**

**هیچ کاتێك و هیچ کەسێکی ئیسلامی سیاسی نەیانسەلماندووە کە پیاوی دەوڵەت و حوکمڕانیی باش و ئاشتی بن**

**ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، ١٠٠٪ ڕووداوێکی موخابەراتی بوو کە تورکیا ویستی مەترسیی ئیسرائیل لەسەر خۆی دوور بخات و ئیسرائیلیش بە جۆرێکی دیکە کە توانی سەرکەوتوو بێت و ناوچەکە بەپێی مەرامی خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی**

**ئیسرائیل مووشەکەکانی ساڵی ١٩٩١ی لە بیر نەچووەتەوە، بۆیە لە دەرفەتێك دەگەڕێت کە گورزێکی زۆر کاریگەر و ویرانکار لە عێراق بدات**



**ڕێبوار تاڵەبانی**

**سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:**

# دانانی دەستووری هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی کابینەی دەیەم گرنگییەکی زۆری بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە

**کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە بارودۆخێکی نادەستووری و نایاساییدا ماونەتەوە و، تا دێت تەعریب بە شێوەیەکی زۆر فراوانتر لە سەردەمی ڕژێمی بەعس بەڕێوە دەچێت. پەرلەمانتاران و بەرپرسانی کورد لە بەغدا لە ئاست ئەم واقیعەدا نەک هەر ڕۆڵیان نییە، بەڵکو زۆر لاوازن و نەیانتوانیوە داوای مافە دەستووری و یاساییەکانی کورد لە بەغدا بکەن. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بەو پێیەی بەرپرسی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بوویت، دەکرێت سەرەتای پرسیارەکەمان بە بارودۆخی ئێستای کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەست پێ بکەین، تا چەند لەم پارێزگایە و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم پرۆسەی تەعریب بەردەوامە؟**

- ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەگشتی و کەرکووک بەتایبەتی بە هاوبەشی لە نێوان هەرێم و بەغدا بەڕێوە نابرێن، لە کاتێکدا بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و ڕێککەوتنەکان بێت دەبووایە بە هاوبەشی ئیدارە بدرێن، دەبوو هەر هیچ نەبووایە لە ڕێگەی ڕاپرسییەکەوە چارەنووسی کەرکووک و ئەم ناوچانە یەکلا بکرایەتەوە، بەڵام وا پێدەچێت سەرجەم حکومەتەکانی عێراق هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا نیازی جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییە و هیچ بڕیارێکی دادگای فیدراڵیشیان نەبێت کە لە بەرژەوەندیی کورد بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەو ناوچانەدا دراوە. ئەوەتا زۆر لە جاران و لە سەردەمی ڕژێمی بەعس خراپتر ئەم ناوچانە کەوتوونەتە بەردەم شاڵاوی تەعریب و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە و سڕینەوەی ناسنامە کوردستانییەکەی، هەر لەپێناو ئەم مەبەستە بڕیارەکانی مەجلسی قیادەی سەورەی حزبی بەعسیش لە پەرلەمان دەنگی پێ نادرێت، بۆیە لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخی کەرکووک و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە نادەستووری و نایاسایی ماوەتەوە و هەموو ئەو بڕیارانەشی دەردەچن، هیچ بەهایەکی یاساییان نییە .

*** وەکو ئاشکرایە بارودۆخی ئەو ناوچانە ناسەقامگیرە و بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکەش سەرۆک بارزانی بەردەوام جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەکاتەوە، بەڵام وەکو دیارە گرووپ و لایەنی سیاسیی شۆڤێنیی زۆر هەیە لەسەر ئەجێندەی بەردەوامیی ئەم ناسەقامگیرییە بەردەوامن. بۆچی لایەنە سیاسییە کوردییەکان و پەرلەمانتارانمان لە بەغدا ڕۆڵیان لاوازە؟**

- پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا نەک تەنیا ڕۆڵیان لاوازە، بەڵکو سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کورد لە بەغدا کەمتەرخەمن و دەستەوەستانن لە ئاست بەرەوپێشچوونی ئەم پرسە، ڕەنگە ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کەرکووک و هەموو ئەو ناوچە کوردستانییانە بە زەبری هێزی سەربازی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەجێندەی وڵاتانی دراوسێ داگیر کراون. ئەوان زۆر بە نەخشەداڕێژراوی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کاریان لەسەر سڕینەوەی ناسنامە کوردستانییەکەی کەرکووک کردووە. پێشتر لە سەردەمی ڕژێمی بەعس ئەو ناوچانە تەعریب و تەبعیس دەکران، ئێستا تەعریب و تەشەیوعیش دەکرێن، پەرلەمانتارانی عەرەبی سوننە و شیعەش دەنگ لەسەر پڕۆژە و کەیسێك نادەن کە بە قازانجی کورد تەواو بێت و ماف و شایستە داراییەکانی کوردستان بگەڕێنێتەوە، بگرە ئەو کێشانە زۆر ئاڵۆزتر دەکەن، ئەوەتا لە دەستووردا کورد ٥٥ ماددەی هەیە هیچی جێبەجێ ناکرێت، سەرۆک بارزانی بەردەوام لەگەڵ سەرجەم حکومەتەکان و لە سەرجەم قۆناغەکانی دوای ٢٠٠٣ وە لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا بووە و خەمخۆری ئەوەیە هەموو گەلانی عێراق بە کورد و سوننە و

**تەعریب لە هیچ سەردەمێکدا هێندەی مێژووی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر بەو شێوە فراوانە ئەنجام نەدراوە**

**دەبێت شاندەکانی کورد لە بەغدا باسی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووریش بکەن**

**ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەگشتی و کەرکووک بەتایبەتی بە هاوبەشی لە نێوان هەرێم و بەغدا بەڕێوە نابرێن، لە کاتێکدا بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و ڕێککەوتنەکان بێت دەبووایە بە هاوبەشی ئیدارە بدرێن**

**لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخی کەرکووک و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە نادەستووری و نایاسایی ماوەتەوە و هەموو ئەو بڕیارانەشی دەردەچن، هیچ بەهایەکی یاساییان نییە**

**لە سەردەمی ڕژێمی بەعس ئەو ناوچانە تەعریب و تەبعیس دەکران، ئێستا تەعریب و تەشەیوعیش دەکرێن، پەرلەمانتارانی عەرەبی سوننە و شیعەش دەنگ لەسەر پرۆژە و کەیسێک نادەن کە بە قازانجی کورد تەواو بێت**

**لە دەستووردا کورد ٥٥ ماددەی هەیە هیچی جێبەجێ ناکرێت، سەرۆک بارزانی بەردەوام لەگەڵ سەرجەم حکومەتەکان و لە سەرجەم قۆناغەکانی دوای ٢٠٠٣ وە لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا بووە**

**بۆ کەرکووک و کەرکووکییەکان هیچ مێژوویەک هێندەی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ناخۆش نەبووە و بێ دەسەڵات نەبووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەعریب**

شیعە و پێکهاتەکانییەوە، کۆتایی بە کێشەکانی خاك و گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی بهێنن، بەڵام وا دیارە نە عێراق و نە بەشێکی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش لە خەمی چارەسەری بنەڕەتیی ئەم کێشەیەدا نین و تەنیا جار بە جار بە دەستکەوتێکی کەم ڕازی دەبن. هەرچی هەڵوێستی پارتییە لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا زۆر بوێرانە و کوردانە بووە بۆ پارێزگاریکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و قوربانیی زۆریشی دا لە داستانی سحێلا و مەحموودییە و پردێ و شکاندنی ئەو هەموو هێزە نامۆ و چەکدارە بیانییە، هەر بۆیە هەزار و یەك حیساب بۆ ئەو هێزەی پێشمەرگە دەکەن کە بە فکر و عەقیدەی کوردپەروەریی بارزان دامەزراوە و خەبات دەکات، هەر ئەمەش بوو وای کرد، لە کاتی دانەوەی مەکتەب سیاسی پارتی چەندین هێزی نەیاری کورد و شۆڤێنی ئاژاوە بنێنەوە و چەند ڕۆڵەی کوردیان شەهید کرد، بەداخەوە حزبەکانی دیکەی کوردستانی لە کەرکووك دەسەڵاتیان نییە، چونکە دەسەڵات ئەوەیە دەسەڵاتی دەستووری و یاسایی لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکەیت، بۆ کەرکووك و کەرکووکییەکان هیچ مێژوویەك هێندەی مێژووی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ناخۆش نەبووە و بێ دەسەڵات نەبووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەعریب، ئەوەتا ژمارەیەکی زۆری پەرلەمان و وەزیر و بریکار و کەسانی دەستڕۆیشتوومان لە بەغدا هەیە، بەڵام ڕۆڵ و پێگەیان لاوازە و هیچ هەڵوێستێکیان لێ نابینین، بۆ کەرکووك لە پێنج خولی پەرلەماندا تەنانەت یەك بڕیاریشیان دەرنەکرد، بگرە ١٣ دەزگا لە عێراق بەرپرسیارن لە ئاسایی نەکردنەوەی دۆخی کەرکووك و جێبەجێکردنی ماددە دەستووری و یاسا و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، باشە کاتێك دەستوور ماددەیەکی بۆ داناوین بۆ داوای ناکەین، یان وەڵامی داواکاری و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیش نادەنەوە؟ بەپێچەوانەوە چەندین میلیشیاتی چەکداری لە کەرکووك هەبوون و هێزی دیکەش جێگر کراون و بارودۆخەکەیان زیاتر نائارام و ئاڵۆز کردووە.

*** ئەم میلیشیاتە چەکدارانە کە هێنراونەتە پارێزگای کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوی ئیدارەی هەرێم، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد باس لە هێنانی هێزی زیاتر دەکرێت، ئایا هێنانی هێزی چەکداری زیاتر بۆ چ مەبەست و مەرامێکە؟**

- بەپێی ئەو ڕێککەوتنە حکوومی و سەربازییانە بێت دەبووایە بە درێژایی ١٠٥١ کیلۆمەتر هێزی هاوبەشی سەربازی و پێشمەرگە پێکەوە ناوچەکانی بۆشایی ئەمنی بپارێزن، کەچی ئەوان هێزی زیاتریشیان هێناوە و بەردەوام تەواوی ئەم ناوچانە بە سەربازگە کراون. مێژوو سەلماندوویەتی هەر کاتێك کورد خاوەنی پرۆژەی خۆی بووە و خەباتی بۆ کردووە، لە ڕووداو و گۆڕانکارییە ناوچەیی و گەورەکاندا توانیویەتی دەستکەوتی هەبێت، بەڵام هەرگیز تەنیا بە خەباتی مەدەنی نەبووە و بە پشتیوانیی هێزی پێشمەرگە و خەباتی چەکداری بووە، ئەوان لە ڕێگەی دەستووری و یاسایی و مەدەنییەوە کەرکووکیان داگیر نەکردووە، بەڵکو لە ڕێگەی سوپا و هێزی چەکداری و کوشتن و تاڵانکردن و هاوکاری و یارمەتیدانی میلیشیاتە چەکدارەکانی نێوخۆ و بیانییەوە بووە، لەم بارودۆخ و قۆناغەشدا زەحمەتە لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بتوانین فشار دروست بکەین بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك و ئەو ناوچانە. دانوستاندن و ڕێککەوتننامەی شنگال جوانترین بەڵگەیە کە بە لایەنگریی هێزەکانی هاوپەیمانانیش لە نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان واژۆ کرا، کەچی تاکو ئێستا نەك جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو عێراق نەیتوانی هێزی چەکداری میلیشیاتەکان و هێزە چەکدارە بیانییەکانیش لە شنگال و ئەو ناوچەیە دەربکات و قۆناغی ئاوەدانکردنەوە و ئاساییکردنەوەی ناوچەکە دەست پێبکات. هەرچەندە وا پێویست بوو، وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان لەو بودجەیەی کە حکومەتی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردن و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دایناوە، پشکیان هەبێت، هاوکات هەموو ئەو ڕێگرییانەش هەڵگیرێن کە لە بەردەم ئاوەدانکردنەوە و گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو ناوچانە تەرخان کراوە، کە داعش زیانی گەورەی پێ گەیاندوون، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە و کاری زۆری لەو ناوچانەدا ئەنجام داوە، بەڵام ڕێگرییەکان هەر ماون.

*** لە ڕێگەی دادگای فیدراڵی و دادگاکانی دیکەی عێراقەوە بڕیاری سیاسی لە دژی کورد دەردەکەن، ئایا ناکرێت ئێمەش بە**

**هەمان شێواز و ڕێگەی ئەوان داوای مافەکانی خۆمان بکەین؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، بۆ نا، بەغدا سکاڵا لە دژی یاسای نەوت و غاز و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دەردەکات و وەزیری دارایی مووچە و بودجەی هەرێم دەبڕێت، ئەی بۆچی ئێمەش بە هەمان شێواز و ڕێگە و لە هەمان دەزگا داوای مافی خۆمان نەکەین؟ دەبووایە کورد بە سەدان کەیسی لە دادگای فیدراڵیی عێراق هەبووایە و ئەو دادگایەمان بخستایەتە ژێر بەرپرسیارێتییەوە و، بۆ ناوخۆ و دنیا ڕوون بووایەتەوە کە تا چەند دادگاکە بێلایەنانە هەڵسوکەوت لەسەر ئەو کەیس و سکاڵانە دەکات. پەرلەمانتارانمان بە پێنج خول نەیانتوانیوە بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن و ماف و شایستە داراییەکانی کورد بهێننەوە. لە ئێستادا کورد بێدەنگیی هەڵبژاردووە و هێزی سیاسی هەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی سازش دەکات و پێشتریش لەگەڵ هێرشی سوپای عێراق و گرووپە چەکدارەکاندا بووە، ئیتر چۆن ماف بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە؟ بۆیە دەبێت کار بۆ یەکڕیزیی نێوماڵی کورد بکەین و ستراتیژی و هەڵوێستمان یەک بخەین و هێزی پێشمەرگە بەهێز بکەین، چونکە ئەوان کەرکووك ناگەڕێننەوە بۆ کورد، لە ساڵی ١٩٩١ کەرکووك گەڕایەوە بۆ کورد و دواتر داگیر کرایەوە و لە ٢٠٠٣ ئازاد کرا و لە ٢٠١٧ داگیر کرایەوە، دەیانەوێت کەرکووك ناسنامەی کوردستانی نەمێنێت، ئەگەر یەکڕیز و یەکگرتوو نەبین، هیچ سوود لە وەرچەرخانە مێژووییەکان نابینین و لەو گۆڕانکارییانەی سووریا و ناوچەکەدا کورد هیچ سوودمەند نابێت.

*** باسی ئەوەت کرد مادام دۆخی کەرکووك نادەستووری و نایاساییە هەر بڕیارێك و کارێك دەکرێت نایاساییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە لە کاتێکدا ئەو هەموو تەعریب و تەشیعە لە کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکان هەیە، کەچی سەرژمێری لەو ناوچانەدا بەڕێوە چوو، تا چەند پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان لەو پارێزگایانە دەستووری و یاسایی بوو؟**

- من نازانم چۆن بابەت و پرۆسەیەکی وا گرنگی سەرژمێری بەسەر پەرلەمانتاران و دەسەڵاتی سیاسی کورددا تێپەڕ بوو، لەکاتێکدا بەپێی دەستوور دەبێت دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و تەرحیلکراوەکان بگەڕێنرێنەوە و قەرەبوو بکرێنەوە و عەرەبی هاوردە بگەڕێندرێنەوە سەر زێدی خۆیان، کەچی بە پێچەوانەوە لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر عەرەبی زیاتر هێنراونەتە کەرکووك و بگرە لە ناوخۆی پارێزگاکەشدا لە ڕیاز و حەویجە و ڕەشاد و گوندە عەرەبەکانەوە زۆرترین خێزانی عەرەب هاتنە ناو سەنتەری شاری کەرکووك، ئەی خۆ ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەڵێت تا دۆخی کەرکووك و ئەو ناوچانە ئاسایی نەکرێنەوە، هەر پرۆسەیەك جێبەجێ بکرێت نادەستووری و نایاساییە، پرۆسەی گشتیی سەرژمێری تەنیا بۆ مەرام و مەبەستێکی ئاشکرا بوو، کە گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە و پارێزگا و تەواوی ناوچە کوردستانییەکان بوو، ئەنجام درا، ئەمڕۆ قۆناغێکی نوێی تەعریب دەستی پێکردووە و خێراتر و فراوانتر بووە. جاران ڕژێمی سەدام بە ٣٥ ساڵ ٢٠٠ هەزار عەرەبی هاوردەی لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان جێگیر کرد، کەچی ئێستا لە ساڵی ٢٠٠٣وە هێنانی عەرەبی هاوردە بە شێوازی جیاواز لە ٦٠٠ هەزار کەسی تێپەڕ کردووە.

*** لە ناو هەموو ئەم ئاستەنگ و بەربەستانە و ئەجێندەی ئیقلیمی و بەرژەوەندیی زلهێزەکاندا، کورد دەبێت بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو ماددە دەستووری و یاساییانەی لە بەرژەوەندیی کورددایە چۆن مامەڵە بکات؟**

- کورد دەبێت لە قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەکان و گۆڕانکارییە گەورەکاندا ئامادەیی تێدا بێت هەل و دەستکەوتەکان لەدەست نەدات، کاتێك بەرەی کوردستانی یەکڕیز بوو، کورد حکومەتی هەرێمی کوردستانی دروست کرد، سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دەست کەوتەوە، بەڵام لە پەرتەوازەییدا ئەوەی هەشمان بووە لە دەستمان داوە. بە دامەزراندنی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکگرتوویی کورد دەستکەوتی گەورە بەدەست دەهێنین، ئەم یەکگرتووییە دەمانباتەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ کورد، لەلایەکی دیکەوە کاتی ئەوە هاتووە دانوستان و گفتوگۆکانی کورد لەگەڵ بەغدا تەنیا لەسەر پرسی مووچە و بوودجە نەبێت، بەڵکو دەبێت باسی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووریش بکرێت.

**بەغدا سکاڵا لە دژی یاسای نەوت و غاز و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دەردەکات و وەزیری دارایی مووچە و بودجەی هەرێم دەبڕێت، ئەی بۆچی ئێمەش بە هەمان شێواز و ڕێگە و لە هەمان دەزگا داوای مافی خۆمان نەکەین؟**

**هێزی سیاسی هەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی سازش دەکات و پێشتریش لەگەڵ هێرشی سوپای عێراق و گرووپە چەکدارەکاندا بووە، ئیتر چۆن ماف بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە؟**

**پرۆسەی گشتیی سەرژمێری تەنیا بۆ مەرام و مەبەستێکی ئاشکرا بوو، کە گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە و پارێزگا و تەواوی ناوچە کوردستانییەکان بوو، ئەنجام درا**

**جاران ڕژێمی سەدام بە ٣٥ ساڵ ٢٠٠ هەزار عەرەبی هاوردەی لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان جێگیر کرد، کەچی ئێستا لە ساڵی ٢٠٠٣وە هێنانی عەرەبی هاوردە بە شێوازی جیاواز لە ٦٠٠ هەزار کەسی تێپەڕ کردووە**

دیمانەی تایبەت



جۆزێف ئۆڵمەرت، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی، پێشتریش پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆکانی (تەل ئەبیب، بار ئیلان لە ئیسرائیل)، هەروەها وانەبێژ بووە لە زانکۆی کۆرنێل لە ئەمریکا و زانکۆی یۆرك لە کەنەدا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە مێژووی هاوچەرخی لوبنان و سووریا، کەمینەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیسرائیل دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی نوێی سووریاوە، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد و گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن حوکمڕانە نوێیەکانەوە، بەتایبەتی دەستەی تەحریری شام و چارەنووسی خۆبەڕێوەبەرییە کوردییەکەی نێو ئەو وڵاتە و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## جۆزێف ئۆڵمەرت

تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# تا ئێستا کاردانەوەکان بە ڕاددەیەکی زۆر چاوەڕوانی و تەماشاکردن بوون لە ئاست دۆخە نوێیەکەی سووریادا

*** هەروەك ئاشکرایە کە دۆخی سووریا پەرەسەندن و پێشهاتێکی پێشبینینەکراو بوو و مایەی سەرسوڕمانی هەمووان بوو، ئەم ڕووداوانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش هەبووە، بەڵام پرسی مامەڵەکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەم هەلومەرجە نوێیەدا مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەتایبەتی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێوە چۆن لە کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەڕوانن و ئایا پێتان وایە ئیدارەی نوێی دۆناڵد ترەمپ چۆن لەگەڵ ئەو هاوکێشەیە مامەڵە دەکات؟**

- تا ئێستا کاردانەوەکان بە ڕاددەیەکی زۆر چاوەڕوانی و تەماشاکردن بووە لە ئاست دۆخە نوێیەکەی سووریادا، لەگەڵ بوونی خواستێکی بەرچاو بۆ هاوکاریکردنی حوکمڕانە نوێیەکانی ئەو وڵاتە، یان با بڵێین، ئەوانەی دەبنە، یان پێدەچێت ببنە حوکمڕانی نوێی سووریا. ئەوەی پەیوەست بێت بە دۆناڵد ترەمپەوە، ئەوا هاوکارییەکی زۆری لێ بەدی ناکرێت، پێم وایە بەراورد بە ئەورووپییەکان هاوکارییەکانی کەمتر بەرچاو دەبن. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئیدارەی نوێی دۆناڵد ترەمپ دەست بە ڕاوێژکاری لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکات، هەوڵ دەدات سیاسەتەکانی بە گوێرەی ئیسرائیل بگونجێنێت. هەرچۆنێك بێت، هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی ترەمپ لەسەر بنەمای تێڕوانینەکانی لە ئاست کورد و بە دیاریکراوی هێزەکانی سووریای دیموکراتدا ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەش ڕەنگە بە مانای ڕوودانی ڕووبەڕووبوونەوە بێت لەگەڵ تورکیادا، بۆی هەیە پێچەوانەی ئەمەش ڕوو بدات. واتە ڕەنگە دۆناڵد ترەمپ پشت لە کوردی سووریا بکات، بە چەشنی ئەوەی لە سەروەختی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لەلایەن کوردی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠١٧ کردی و پتر بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەبەرچاو بگرێت و زاڵیان بکات. من ئومێد دەکەم ئەمە ڕوو نەدات. تا ڕاددەیەك لەم ڕوانگەیەوە من گەشبینم، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەوروبەری ترەمپن دۆستی تورکیا نین.

**ڕەنگە دۆناڵد ترەمپ پشت لە کوردی سووریا بکات، بە چەشنی ئەوەی لە سەروەختی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لەلایەن کوردی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠١٧ کردی**



*** هەر لە پەیوەندی بە سیاسەت و هەڵوێستی ئیدارەی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ، ئایا پێتان وایە ئەم ئیدارەیە ناچارە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی تورکیا و بەرژەوەندییەکانی کورددا هەڵبژاردن بکات و یەکێکیان زاڵ بکات بەسەر ئەوی دیکەدا، یان ئەوەتا دەکرێت ڕێگاچارەیەك بگرێتەبەر کە ئەو بەرژەوەندییانە پێکەوە بگونجێنێت بە چەشنێك کە سەقامگیری لێبکەوێتەوە؟**

- من پێم وایە لە نێو ئیدارەکەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا کەسانێك هەن کە هەوڵی ئەوە دەدەن ئیحتیوای خواستەکانی تورکیا لە سووریا بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم خواستانە دەبنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل، هەروەها وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك عەرەبستانی سعودیە، لەگەڵ ئەم خواستانەی تورکیادا نین. بە تێڕوانینی من ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی ئیسرائیل واڵا دەکات لە باشووری سووریادا کە درووزەکانی تێدا نیشتەجێن، کە ئەمەش تەنیا لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدا نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئەمە لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانێکی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، مەبەستم وڵاتی ئەردەنە.

*** ئێوە باسی ئیسرائیلتان کرد، کە ئاشکرایە ئەو پێشهاتانەی لە ناوچەکەدا ڕوویان دا، بەتایبەتی پەرەسەندنەکانی نێو وڵاتی سووریا بە لای کەمەوە لە بەشێکیدا بە دەرهاویشتە و دەرئەنجامی گورزەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حزبوڵڵا و هێرشکردنەسەر ئامانجەکانی نێو سووریا لێك دەدرێتەوە. ئایا پێتان وایە ئیسرائیل چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەدا دەکات؟**

- من پێم وایە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیسرائیلەوە، ئەوا ئیسرائیل فشار لەسەر ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەکات لە پەیوەندی بە کوردەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە وەك پرسێکی کراوە دەمێنێتەوە، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، پرسیارەکە ئەوەیە دۆناڵد ترەمپ ڕادەستی خەون و خواستەکانی تورکیا دەبێت، یان پێداگری دەکات لەسەر پارێزگاریکردن لە خۆبەڕێوەبەرییە کوردییەکە. خۆ ئەگەر لێرەدا ئەو پرسیارەش بکەین، ئایا ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هاوکاریی دارایی دەستەبەر دەکات، ئەوا پێم وانییە لەم ڕووەوە بەخشندە و دەستکراوە بێت، بەڵام هێندەی مەسەلەکە پەیوەست بێت بە کوردەوە، ئەوا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا پەیوەندیدارە بەو نەوتەی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریادا هەیە.

*** هەر لە پەیوەندی بە دۆخی نوێی سووریا و باسکردن لە ئەگەر و ئاراستەکانی ئایندەی ئەم وڵاتە، ئەوا زۆرێك لە وڵاتان نوێنەر و بەرپرسی باڵای خۆیان دەنێرنە سووریا و لەگەڵ حوکمڕانە نوێیەکانی ئەم وڵاتەدا کۆدەبنەوە، بەتایبەتی کە بینیمان وەزیری دەرەوەی هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و فەڕەنسا پێکەوە سەردانی دیمەشقیان کرد و لەگەڵ ئەحمەد شەرع کۆبوونەوە، بە گشتی چۆن لە مامەڵەی وڵاتانی ئەورووپا لەم ڕووەوە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەورووپا چیرۆکێکی دیکە و جیاوازە، چونکە من پێم وایە ئەورووپییەکان

**ئەمریکا دەستی ئیسرائیل واڵا دەکات لە باشووری سووریادا کە درووزەکانی تێدا نیشتەجێن**

**پێویستە پارێزگاری لە خۆبەڕێوەبەرییە کوردییەکە بکرێت و بمێنێتەوە**



دژی هەر دابەشبوونێکی فەرمی، یان نافەرمیی سووریان، هەروەها باوەڕم وایە ئەوروپییەکان هاوکاریی دارایی دەستەبەر دەکەن بۆ ئەو حکومەتە نوێیەی لە سووریا کاروبارەکان بەڕێوە دەبات، هەر کاتێك دەرکەوت ئەمە حکومەتێکی سەقامگیر دەبێت. لە هەمان کاتدا بە چەشنێکی کارا و چالاك هانی پەنابەرانی سووریا دەدەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان، بەتایبەتی ئەڵمانیا تا کۆتایی لەم ڕووەوە بەشدار دەبێت. هەروەها فەڕەنسا هەر هاوکارییەکی دارایی مەرجدار دەکات بەوەی حکومەتی نوێی سووریا دەستتێوەردان لە لوبناندا نەکات.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد، پرسی کورد لە سووریا و چارەنووسی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە کوردییە لەم وڵاتەدا جۆرێك لە نادڵنیایی باڵی بەسەردا کێشاوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تورکیا گوشارێکی توند دەکات لەم ڕووەوە و ڕوون نییە کە ئایا ئیدارەی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ڕووەوە بە ڕووی تورکیادا ڕادەوەستێتەوە. پێتان وایە چۆن دەکرێت بە باشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکرێت؟**

- تێڕوانینی شەخسی من ئەوەیە کە پێویستە پارێزگاری لە خۆبەڕێوەبەرییە کوردییەکە بکرێت و بمێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەگەرەکانی مانەوەشی خراپ نییە، بەڵام بە ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە هەڵوێست و سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ لەم ڕووەوە. ئێمە دەزانین بیرکردنەوەی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان لەم بارەیەوە چۆنە، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیا نین، بیرکردنەوە و هەڵوێستی دۆناڵد ترەمپە، ئەوەی لە پەیوەندیی بەم پرسەوە دەتوانین ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە ئومێدی ئەوە بخوازین بە هۆی بەرژەوەندییەکانی پەیوەندیدار بە نەوتەوە ڕاوێژکارە دژ بە تورکەکان و گوشارەکانی ئیسرائیل کارێك بکەن کە ترەمپ بە خێرایی بە ڕووی خەون و خواستەکانی تورکیا ڕابوەستێتەوە.

*** پێشتریش پرسیارمان لەبارەی ئیسرائیلەوە کرد، ئێوەش لە وەڵامەکەی سەرەوەدا ئاماژەتان بەوە کرد، کە ئومێد دەکەن ئیسرائیل گوشار لەسەر ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بکات، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیسرائیل دەتوانێت لەم ڕووەوە چی بکات؟**

- ئەوە ڕوونە کە ئیسرائیل ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوکاری بۆ هێزەکانی سووریای دیموکراتی دابین و دەستەبەر بکات، ئەویش بەهۆی فاکتەرە جوگرافییەکان و کێشە و گرفتە لۆجیستییەکانەوە، بەڵام دەتوانێت لە ڕێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە کار بکات. مەبەستم ئەوەیە هەوڵ بدات دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆی لە نێو کۆنگرێسی ئەمریکا بەکار بهێنێت. هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە پێویستە هێزەکانی سووریای دیموکراتی یەکگرتوویی و یەکبوونی نێوخۆی کورد بپارێزن، لە هەمان کاتدا زۆر گرنگە کە ئێران ڕاو بۆچوونێکی لەبارەی کێشە، یان دۆخی کورد لە نێو سووریادا نەبێت.

**پێویستە هێزەکانی سووریای دیموکراتی یەکگرتوویی و یەکبوونی نێوخۆی کورد بپارێزن**

**زۆر گرنگە کە ئێران ڕاو بۆچوونێکی لەبارەی کێشە، یان دۆخی کورد لە نێو سووریادا نەبێت**

دیمانەی تایبەت



**ڕۆبی بارێت**

**تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# ئێران نایەوێت ئەو پێگەیەی لە عێراقدا ماوەتی لە دەستی بدات

رۆبی بارێت، توێژەرە لە کۆڕبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە زانکۆی کامبریدج و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە. شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەکیی ناوچەکە و پرسەکانی پەیوەست بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکان. بۆ شرۆڤەکردنی هەلومەرجی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە پەرەسەندنی خێرا و بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێت، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

*** نکۆڵی ناکرێت کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری و هەژانێکی قووڵی بە خۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پێشهاتەکانی سووریا و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەل ئەسەد لەم وڵاتەدا، کە زۆرێك لە شرۆڤەکاران ئەم پەرەسەندنانە بە زەمینلەرزەیەکی جیۆسیاسی دەچوێنن، کە بینیمان زۆرێك لە وڵاتان کاتیان بە فیرۆ نەدا، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکە و پەیوەندی کردن لەگەڵ حوکمڕانە نوێیەکانی ئەم وڵاتە، ئێوە چۆن لەم کاردانەوانە دەڕوانن و پێتان وایە تا چ ڕاددەیەك کاریگەرییان لەسەر ڕەنگڕێژکردنی ڕەوتی ڕوودا و ئاراستەی ئایندەی ئەم وڵاتە دەبێت؟**

- سەرەتا دەمەوێت لە پەیوەندی بە ناوخۆی سووریاوە ئاماژە بەوە بکەم کە هێشتا لەم وڵاتەدا سیستمێکی نوێی سیاسی نەهاتووەتە ئاراوە. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵێك پرسیار، نەك وەڵام، لە ئارادان، بۆ نموونە ئایا دەستەی تەحریری شام بە ڕاستی دەتوانێت حکومەتێکی کارا دابمەزرێنێت و کۆنترۆڵ بکات؟ تەنانەت ئایا دەستەی تەحریری شام لە ماوەی ساڵێکدا وەك سەرکردەی ئەم وڵاتە دەمێنێتەوە؟ هەروەها کۆمەڵێك پرسیاری دیکە هەن لە پەیوەندی بە پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا بۆ سووریا، کە دەکرێت بوترێت پەیوەستن بە چەند پرسی سەرەکییەوە: (١) ئایا دەستەی تەحریری شام دەتوانێت حکومەتێك پێکبهێنێت کە توانای کۆنترۆڵکردنی زۆربەی خاکی وڵاتەکەی هەبێت و بە دیاریکراوی توانای ڕووبەڕووبوونەوە و سەرکوتکردنی پاشماوەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و داعشی هەبێت؟ (٢) ئێمە دەزانین کە سووریا وڵاتێکی دابەشبووترە بەراورد بە عێراق، لە دەرئەنجامدا، گریمانەی ئەوە دەکرێت

**واشنتۆن هەمیشتە پاساوێک دەدۆزێتەوە بۆ دواخستن، یان کارنەکردن بۆ خۆبەڕێوەبەرییەکی تەواو بۆ کوردستان، ئەمە ئەگەر هیچ نەڵێین لە بارەی سەربەخۆییەوە**

**پاڵێوراوی وەزیری دەرەوەی ئیدارەکەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ، مارکۆ روبیۆ، مێژوویەکی هەیە لە پشتیوانیکردن لە کورد**

**ئەمریکا پێویستی بەوەیە کە لە هەر دوو وڵاتی سووریا و عێراقدا کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەبێت**

**کوردستان پێگەیەکی بەهێزتر بۆ ئەمریکا دەستەبەر دەکات لە مامەڵەکردنی لەگەڵ تورکیا و ئێراندا**

کە هەر حکومەتێك کە بتوانێت یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزێت، دەبێت تا ڕاددەیەکی زۆر حکومەتێکی خۆسەپێن بێت، نابێت دووبارەبوونەوەی ڕژێمە تیرۆریستییە عەلەوییەکە بێت، واتە بونیادێکی دەسەڵاتخوازی بێت کە سوننەکان باڵادەست بن تێیدا و کەمینەکانیش قبووڵ بکرێن. ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێت، ئەوا دەبێت هاوشێوەی ڕژێمێکی پاشایەتی بێت، بە بێ ئەوەی پاشا لەسەر عەرش بێت. کەواتە لەگەڵ ڕوونبوونەوەی ئەم پرسیارانەدا، ئەوا دەبێت ڕۆژئاوا بڕیارێك بدات، ئایا پشتیوانی دەکەن لە ڕژێمێکی دەسەڵاتخوازی کێشەدار، یان سەرکێشی دەکەن و بوار بە دروستبوونەوەی دۆخێك دەدەن کە داعش دەسەڵاتی تێیدا بگرێتەدەست، یان سەرەڕۆیی دەکەن و ڕێگە دەدەن پشێوی و شەڕخوازی باڵ بەسەر بارودۆخەکەدا بکێشێت و ببێتە هەلومەرجێکی هەمیشەیی لە سووریا؟ من پێم وایە ئەگەرەکە زیاتر ئەوەیە کە لەگەڵ ڕژێمێکی دەسەڵاتخوازی کێشەداردا بن، دوای ئەوەی بۆیان دەردەکەوێت کە دەستەی تەحریری شام لە ئارادا دەمێنێتەوە و ئاماژەی ئەوە بەدی دەکەن کە سەقامگیری دێتەئاراوە.

*** دوای ئەوەی دۆخە سەربازییەکە زۆر بە خێرایی و بە چەشنێکی پێشبینینەکراو یەکلا بووەوە و بە بێ ڕوودانی شەڕێکی گەورە و خوێناوی بە هەڵاتنی ڕژێمەکەی بەشار ئەل ئەسەد کۆتایی هات، ئێستا هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕەنگڕێژکردنی پەرەسەندنە سیاسییەکان، بەڵام لەم نێوەدا ناکرێت دۆزی کورد لەو وڵاتەدا نادیدە بگیرێت، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت بەرژەوەندییە پێکناکۆکەکانی هێزە هەرێمایەتییەکانی وەك تورکیا و عێراق، و هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم ڕووەوە بگونجێنرێن؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئەوا من پێم وایە هەڵوێستی ئەم وڵاتە لە ئاست کوردستاندا مایەی سەرسوڕمانە. چونکە واشنتۆن هەمیشە پاساوێك دەدۆزێتەوە بۆ دواخستن، یان کارنەکردن بۆ خۆبەڕێوەبەرییەکی تەواو بۆ کوردستان، ئەمە ئەگەر هیچ نەڵێین لە بارەی سەربەخۆییەوە.

پاڵێوراوی وەزیری دەرەوەی ئیدارەکەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، مارکۆ ڕوبیۆ، مێژوویەکی هەیە لە پشتیوانیکردن لە کورد، هەروەها ئینستیوتی ئەمریکا ئێنتەرپرایز کار لەسەر دیاریکردنی نێردەیەکی تایبەت دەکات، کە ئەمەش هەنگاوێکە بە ئاراستەی ڕاست و دروستدا. ئەگەری ئەوە هەیە دۆناڵد ترەمپ لە دوای دەستەبەکاربوونیەوە، تەحەددای بۆچوونە تەقلیدییەکان بکات و هەنگاو هەڵبگرێت بە ئاراستەی ددانپێدانان بە خۆبەڕێوەبەریی کوردستاندا، ئەمەش بڕیارێکی لۆژیکی دەبێت لە سایەی ئەو هەلومەرجەی لە ئارادایە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بەوەیە کە لە هەر دوو وڵاتی سووریا و عێراقدا کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەبێت، لەوەش زیاتر، کوردستان پێگەیەکی بەهێزتر بۆ ئەمریکا دەستەبەر دەکات لە مامەڵەکردنی لەگەڵ تورکیا و ئێراندا. ئەم کارە هەندێ مەترسی لەخۆ دەگرێت، بەڵام لایەنە باشەکانی زیاترن لە لایەنە نەرێنییەکانی. لەم ڕووەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە چی ڕوو دەدات.

*** زۆر باشە، هەر لە پەیوندی بە دۆخی نوێی سووریاوە دەتوانین بڵێین کە هاوکێشەی هێز لەسەر ئاستی ناوچەکە گۆڕدراوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێران و بە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هاوپەیمانەکانییەوە وەك حزبوڵڵا و گرووپە چەکدارەکانی نێو عێراق و حوسییەکان، ئایا ئەم پەیوەندییانە چییان لێ دێت و ئایا ئێران چ هەنگاوێك هەڵدەگرێت بۆ پارێزگاریکردن لەم هاوپەیمانێتییانە لە سایەی ئەم هەلومەرجە نوێیەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە. مەزەندەی من ئەوەیە کە ئەگەر تاران بیزانیایە بزوتنەوەی حەماس لە ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبەردا هێرشی دەکرێتە سەر، ئەوا لاری نەدەبوو لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکەی سینوار و زەیف کە پڕ لە مەترسی و سەرکێشی بوو، کە دواتر ڕووداوەکانیش ئەمەیان پشتڕاست کردەوە و ڕوون بووەوە کە ئەمە بە ڕاستی شێواز و ستایلی ئێران نییە. بەتایبەتی کە ئەو وڵاتە (ئێران) ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پێشهاتی نەخوازراو بووەوە. ئێران وەك وڵاتی فارس هەمیشە لە ئارادا دەمێنێت، بەڵام هەروەك وڵاتی فارسیش

ڕووبەڕووی کۆمەڵێك نسکۆ بووەتەوە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی و ئامانجەکانیدا. بە باوەڕی من حزبوڵڵا و حەماس دڵنیا بوون لە سنورتێپەڕاندنیاندا، کاتێکیش ئەم کارەیان کرد، ئێران دوو شتی زۆر گرنگی بۆ دەرکەوت. یەکەم، هیچ کاتێك کۆنترۆڵکردنی وەکیلەکانی کارێکی بێ کێشە نەبووە، دووەم، شێوازی وەکالەت هەمیشە کێشەیەکی بنەڕەتی هەبووە، بەتایبەتی ئەگەر ڕکابەرەکانیان توانایەکی سەربازیی بەرچاویان هەبێت و ئەم گرووپە وەکیلانە بە هەڕەشەیەکی وجوودی بزانن. ئێران پشتیوانییەکی ماددیی تەواو دابین ناکات

- بە تێڕوانینی من ئێران لەم ڕووەوە دوو ڕێگاچارە دەگرێتەبەر، یەکەمیان ئەوەیە ئێران زۆر بە توندی هەوڵ دەدات بەرپەرچی هەر هەوڵێکی عێراق بداتەوە کە ئامانج لێی لاوازکردنی وەکیلەکانی بێت، دووەم ئەوەیە هەوڵ دەدات پتر ئەم گرووپانە کۆنترۆڵ بکات بۆ ئەوەی سنوورەکانی تێنەپەڕێنن.

**ئێران زۆر بە توندی هەوڵ دەدات بەرپەرچی هەر هەوڵێکی عێراق بداتەوە کە ئامانج لێی لاوازکردنی وەکیلەکانی بێت**

*** با دوایین پرسیارمان پەیوەست بێت بە حوسییەکان، بەتایبەتی کە لەم دواییانەدا چەند هێرشێکی مووشەکی کردە سەر ئیسرائیل و لە کاردانەوەشدا هێرشی کرایەوە سەر، ئایا پێت وایە ئێران هەوڵ دەدات جڵەوی حوسییەکان بکات،**



بۆ فەلەستینییەکان و بۆ حزبوڵڵا و چاوەڕێی دەرفەتێك دەکات بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە هەندێ لە پێگەی پێشووی بەدەست بهێنێتەوە. لەم ڕووەوە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات و نایەوێت وەکیلەکانی دۆخێکی هاوشێوەی کارەساتەکانی حەماس و حزبوڵڵا بورووژێنن لە عێراقدا. چونکە تەنیا عێراقی بەدەستەوە ماوە و دەیەوێت پارێزگاری لێبکات.

*** با پرسیارەکە هەندێ وردتر بکەینەوە، بەتایبەتی کە ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن، ئێران دەیەوێت یان با بڵێین نایەوێت ئەو کاریگەری و دەسترۆیشتوویەی لە عێراقدا هەیەتی و ماویەتی لە دەستی بدات، ئایا بە دیاریکراوی ئێران دەیەوێت یان دەتوانێت لەم ڕووەوە چی بکات؟ بۆ ئەوەی خۆیشی ڕووبەڕووی کاردانەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا نەبێتەوە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە حوسییەکانەوە، ئەوا من پێم وایە هەمیشە یەمەنییەکان کراون بە قۆچی قوربانی. بە دڵنیاییەوە ئێرانییەکان نایانەوێت هێرشەکانی حوسییەکان بە چەشنێك بێت کە بگاتە ئاستی ئەوەی لە کاردانەوەدا تاران بکرێتە ئامانج، هەرچەندە ڕەنگە نەتوانن لەم ڕووەوە بە ڕاددەیەکی زۆر جڵەویان بکەن. هەرچۆنێك بێت حوسییەکان بوونەتە سەرچاوەی بێزاری بۆ دەوڵەتانی کەنداو و ڕۆژئاوا، بەڵام بە دڵنیاییەوە تاران نایەوێ بە هۆی هێرشەکانی حوسییەکان بۆ سەر ئیسرائیل دوورگەی خارك لە بڵێسەی ئاگردا ببینێت.

**ئێرانییەکان نایانەوێت هێرشەکانی حوسییەکان بە چەشنێک بێت کە بگاتە ئاستی ئەوەی لە کاردانەوەدا تاران بکرێتە ئامانج**

### پڕۆفیسۆر دکتۆر مونا یوخنا یاقۆ

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی هەمیشە لەگەڵ دادپەروەری و پاراستنی مافی پێکهاتەکان بووە

**من ئەو کورسیی کۆتایانەی ئێستا بە نوێنەری خۆمیان نازانم، بەڵکو نوێنەری ئەو حزبانەن کە یارمەتییان داون و دەنگیان پێ داون**

**ئەو یاسای باری کەسییەی لە عێراقدا هەموار کراوەتەوە، گەڕانەوەیە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت**

لە ساڵی ٢٠٢٤ بە بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق، ١١ کورسیی کۆتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕەت کرایەوە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت، لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا ئەو کورسییانە بگەڕێندرێتەوە. هەڵوێستی سەرۆك بارزانی لە جێگیرکردنی مافی پێکهاتەکان لەلایەن خودی پێکهاتەکانەوە دیارە و بەردەوام جەختی لەسەر مافەکانیان کردووە، بەڵام تا چەند هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەو مافانە دەدرێت؟ دیاردەی ماددەی هۆشبەر تا چەند مەترسییەکی گەورەیە لە هەرێمی کوردستاندا؟ ئەمانە و چەند پرسی دیکە تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان بوون، لەگەڵ پڕۆفیسۆر دکتۆر مونا یوخنا یاقۆ، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.





*** یەکێك لەو غەدرە گەورانەی پار (٢٠٢٤) لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە لە پێکهاتە جیاوازەکان (تورکمان و کلد و سریان و ئاشوور و ئەرمەن) کرا، ڕەتکردنەوەی ١١ کورسیی کۆتای پەرلەمانی کوردستان بوو. ئایا وەك پسپۆڕێکی یاسا، پێتوایە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا ئەو ١١ کورسییە بگەڕێندرێتەوە، یان زیاتر بکرێت؟**

- خۆی کورسیی کۆتاکان هەقێکی شەرعیی کەمینەکان بووە. لە دنیا و لە یاسای نێودەوڵەتیدا شتێك هەیە کە پێی دەڵێن «جیاکاریی ئەرێنی»، واتە ئێمەی کەمینەکان دەبێت یارمەتیمان بدرێت، ئەگینا ناتوانین هەموو ئەو دەنگە زۆرانە بێنین بۆ ئەوەی ئەنداممان لە پەرلەمان هەبێت، پێشتر کە ئەو کۆتایەمان بۆ دانراوە، بۆ ئەوەش بوو کە لە بەغداش کورسیی کۆتا هەبێت، کە نۆ کورسییە بۆ مەسیحی و کەمینەکانی دیکە، واتە کورسیی کۆتا بە یاسا دانراوە و لە دەستووردا نییە، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت یاساکە هەموار بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە لەو بارودۆخەدا کە دەیبینین، باوەڕ ناکەین بەو ململانێیەی لە عێراقدا هەیە لەسەر بنەمای مەزهەبی و تائیفی و نەتەوەیی، داوا بکەن کورسیی کۆتاکان زیاد بکرێت، بەتایبەتی لەو بارودۆخەی پەرلەمانی بەغدا، هەر بۆیە باوەڕمان وا بووە کە کورسیی کۆتاکان کەم دەکرێتەوە، یان نامێنێت، چەندین نووسین و توێژینەوەشم لەسەر ئەم بابەتە لە مێژە نووسیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، ئەو کورسیی کۆتایانە کاتێك تام و مانای هەبوو کە لە هەڵبژاردنی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٩٢ ئێمە سندوقی تایبەتمان هەبوو. بۆچی؟ چونکە ئەوەی کە نوێنەرم بوو لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا هەستم دەکرد نوێنەری ڕاستەقینەی منە کە کێشەی من خەمیەتی و چارەسەری دەکات، لە کاتێکدا کێشەمان دەبوو، دەچووینە لایان، بەڵام بەداخەوە پاشان زۆر دەستتێوەردان لە ناو ئەو کورسیی کۆتایانەدا کرا، کەسانێك پاڵپشتی و هاوکاریی چەند کەسانێکیان کرد کە مەسیحین، تاوەکو ببنە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەو کاتەوە ئێمە هەستمان کرد ئەو ئەندامیەتییە زۆر گرنگ نییە، چونکە لەوانەیە من کێشەیەکم هەبێت لە کۆلێژ بچمە لای برادەرێکم کە پارتییە یان یەکێتییە و سکاڵای لەلا بکەم، ناچمە لای ئەو کەسەی کە نوێنەری منیشە لە کورسیی کۆتاکان لە پەرلەمان، چونکە من نایناسم و دەنگم پێی نەداوە و سەپۆرتیشی ناکەم، ئەویش موهتەم نییە بە کێشەی من، هەر بۆیە لەو کاتەوە کۆتاکان تووشی خەلەلێکی زۆر بوون و ڕاستگۆییان نەما لەلایەنی ئێمەی ئاشووری، یان کلدان، یان سریان، یان ئەرمەنی، هەرچەندە زۆر هەوڵمان دا و زۆر داوامان کرد ئەو یاساییە هەموار بکرێتەوە بە شێوەیەك بگەڕێینەوە سەر هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ کە ئێمە خۆمان دەنگ بدەین، بەڵام بەداخەوە ئەوە نەهاتەدی، کورسیی کۆتاکانیش لەلایان دادگای فیدراڵییەوە ئیلغا کرایەوە، ئەوە ڕاستە وەکو کەمینەیەك هەستم کرد کە شتێکی زۆر گەورەمان لەدەست داوە، ئەمە ئیهانەیەکیش بوو بۆ کەمینەکان کە ئێمە ناتوانین بەشداریی سیاسی بکەین لە ڕێگای کورسیی کۆتاکان و بەشدار نەبوونمان لەو پرۆسەیەدا، واتە ئێمە هاووڵاتی پلە دووین و یەکسانی نامێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو پێنج کورسییەی کۆتاکان گەڕایەوە و دابەشی دوو زۆن کران، ئەو کاتە من هەستم کرد ئەو گەمە سیاسییە ئامانجی ئەوەیە کە ڕەزامەندیی دوو حزبی گەورە وەربگرێت و ئێمە وەکو کەمینەکان هیچ ڕۆڵمان نەما و هیچ گرنگییشمان نییە لەلایەن ئەو بەڕێزانە کە کورسیی کۆتاکانیان دابەش کرد، هەر بۆیە من لە پەیجی خۆم هەرچەندە من سەرۆکی دەستەم، بەڵام بە کەسێکی بێلایەن ناسراوم و ئازادانە قسەی خۆم دەکەم و داوام لە گشت حزب و لایەنەکانی خۆمان کرد، کە لەو هەڵبژاردنە بکشێنەوە، چونکە ئەوە یارییەکی سیاسییە، هەر واش بوو حزبەکانی خۆمان کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسییان ئەنجام دا و بڵاویشیان کردەوە کە بەشداریی هەڵبژاردن ناکەن، واتە ئەو بەڕێزانەی ئێستا لە پەرلەمانن و پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگیان پێ داون و کاندیدیان کردوون، یان یەکێتی کردوویەتی، بەڵام بە ڕاشکاوانە من بە نوێنەری خۆمیان نازانم، بەڵکو نوێنەری

**کورسیی کۆتا بە یاسا دانراوە و لە دەستووردا نییە، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت یاساکە هەموار بکرێتەوە**

**باوەڕ ناکەین بەو ململانێیەی لە عێراقدا هەیە لەسەر بنەمای مەزهەبی و تائیفی و نەتەوەیی، داوا بکەن کورسیی کۆتاکان زیاد بکرێت**

**کە ئەو پێنج کورسییەی کۆتاکان گەڕایەوە و دابەشی دوو زۆن کران، ئەو کاتە من هەستم کرد ئەو گەمە سیاسییە ئامانجی ئەوەیە کە ڕەزامەندیی دوو حزبی گەورە وەربگرێت و ئێمە وەکو کەمینەکان هیچ ڕۆڵمان نەما**

ئەو حزبەن کە یارمەتییان داون و دەنگیان پێی داون، لەلایەکی دیکەوە مادام ئێستا دوو حزب لەو پێنج کورسیی کۆتای پەرلەمانی کوردستان سوودمەندن و حزب و لایەنی دیکەش هەیە ململانێیان لەگەڵیان هەیە و داوایان لێ دەکەن، ئەوانیش لە کورسیی کۆتا سوودمەند بن، هەر بۆیە لە کاتێکدا کورسیی کۆتاکان زیادیش بکرێت، ئەوە هەر دابەشی سەر حزبەکان دەکرێت، ئێمە وەکو کەمینەکان لەو کورسیی کۆتایانەش هەر سوودمەند نابین و نوێنەری ڕاستەقینەمان لە پەرلەمان نابێت، هەر بۆیە ئەو بابەتە بەو شێوەیە لای من گرنگیی نەما، بەڵکو ئەگەر بیانەوێت کۆتا نوێنەری ڕاستەقینە بن و گرنگیی خۆیان هەبێت، ئەوە دەبێت بیکەنە دەنگدانی تایبەت وەکو هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بەتایبەتی ئەگەر بیانەوێت ڕێز لە بەشداریی سیاسیی ئێمە بگیرێت.

*** سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دەبێت ئەولەوییەتی کاری ئەم خولەی پەرلەمان نووسینەوەی «دەستووری هەرێمی کوردستان» بێت، بە ڕای ئێوە گرنگیی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟ ئایا دەبێت بە چ میکانیزمێك مافی تەواوی پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکانی کوردستان لەو دەستوورەدا بچەسپێندرێت؟**

- ئێمە دوو ماددەی دەستووریمان هەیە کە یەکێکیان باسی هەرێمی کوردستانی کردووە، کە شەرعییە و بە فەرمی ئیعترافی پێ کردووە، ئەوەی دیکەیان دەڵێت هەر هەرێمێك دەستووری خۆی دەبێت، بەڵام من لە ڕۆژێك دەترسێم کە دادگای فیدراڵی تەدەخول بکات، یان فشار دروست بکات، بۆچی هەرێمی کوردستان دەستووری نییە، هەر بۆیە ئێستاکە ئێمە وەکو هەرێم لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە هەڵوێستێکی ناخۆش و خراپمان هەیە کە بێ دەستوورین، وەکو کەمینەیەك لەو بارەوە قسە دەکەم کە هیوا و ئومێد دەخوازم لە هەرێمی کوردستان دەستوور هەبێت. من لە ساڵی ٢٠١٥ ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و تاکە نوێنەری کریستیانەکان بووم، تەوەقوعم زۆر بەرزترە لە دەستووری هەرێمی کوردستان لەوەی لە دەستووری عێراق هەیە. هەمیشە من قسەیەك دەکەم کە لە شۆڕشەکانی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پارتی بەتایبەتی، کەسانێك هەبوون ئاشووری بوون و شەهیدیش بوون، ئێمە شانازییان پێوە دەکەین، هەست دەکەین ئەو شەهیدانە بە بەخشینی خوێنیان ئایندەیان بۆ ئێمە بنیاد ناوە، زۆر کەسمان هەیە کە ئاشوورین و لە سەرکردایەتیی ئەو حزبەشن و زۆر دڵسۆزیشن بۆ حزبەکە، ڕێزیشم بۆ گشت حزبەکانی دیکەی کوردستان هەیە و بە جیاوازییش قسە ناکەم، بەڵام ئەوە هەقیقەتە و ئاواتەخوازین ئەگەر دەستووری هەرێمی کوردستان بنووسرێت، بە شێوەیەك مافی پێکهاتەکان بپارێزن کە باشتر بێت لەوەی لە دەستووری عێراقدا هەیە، بەتایبەتی مافی ئایینی و نەتەوایەتی، تەنیا باسی مافێك ناکەم، بەڵکو زۆر گرنگە باڵانسێك هەبێت کە هەردوو ماف وەکو یەك بپارێزرێت و بچەسپێت لە دەستوورەکەدا، من ڕەشنووسی یاسای پاراستنی پێکهاتەکان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٥م لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانی ئەو کاتە داناوە، ئەو ڕەشنووسی یاسایە باشە، بەڵام ئەگەر لە کاتی نووسینەوەی دەستووردا ئەو یاسایە دابنرێت و بچەسپێت، ئەوە ئێمە زەرەرمەند دەبین، چونکە هەر چییەکم لە ساڵی ٢٠١٥ لە مافەکانی ئێمە باس دەکرد کە پێویستە لە دەستووردا هەبێت، ئەوە لیژنەکە دەیگوت مادام ئەوانە لە یاساکە هەیە نابێت لە دەستوور هەبێت، لە ڕووی یاساییەوە قسەکەیان ڕاستە، هاوکات لە ڕووی یاساییش ئەوە یاساکە زۆر بە ئاسانی هەموار دەکرێتەوە، چونکە چەسپاندنی مافی ئێمە لە دەستووردا زەمانەتێکە بۆمان بۆ ماوەی دەیان ساڵ، لەبەر ئەوەی دەستوور بە ئاسانی گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، هەر بۆیە ئاواتەخوازم کاتێك دەستوور نووسرایەوە، ئەوا ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە، یان ئیلغا بکرێت.

جەنابی سەرۆك بارزانی هەڵوێستی باشی هەبووە لەگەڵمان، بەتایبەتی لەسەر هەندێك لە کێشەی زەوی و زار، هەر لەم چاوپێکەوتنەی گۆڤاری گوڵانی ئازیزدا داوا لە جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەم دووبارە هەڵویستی لەسەر کێشەی زەوییەکانی دهۆك هەبێت، چونکە

**ئێمە دوو ماددەی دەستووریمان هەیە کە یەکێکیان باسی هەرێمی کوردستانی کردووە، کە شەرعییە و بە فەرمی ئیعترافی پێ کردووە، ئەوەی دیکەیان دەڵێت هەر هەرێمێک دەستووری خۆی دەبێت**

**ئاواتەخوازین ئەگەر دەستووری هەرێمی کوردستان بنووسرێت، بە شێوەیەک مافی پێکهاتەکان بپارێزن کە باشتر بێت لەوەی لە دەستووری عێراقدا هەیە**

**زۆربەی ئەو بەندییانەی چاومان پێیان دەکەوێت، بەداخەوە تەمەنێکی زۆر بچووکیان هەیە کە ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون**

**پێویستە شوێنێک، یان نەخۆشخانەیەک لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون، چارەسەریان بۆ ئەنجام بدرێت**

**من وەکو ئافرەتێک شەرم دەکەم بڵێم لە وڵاتێکدا دەژیم کە یاسا ڕێگە دەدات کچ بە منداڵی مارە بکرێت، چونکە ئەو کار و ڕەفتارە زۆر ناشارستانییە و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت**

**زانکۆکان نەک تەنیا بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بەڵکو لە وەرگرتن و بەدەستهێنانی نامەی ماستەر و دکتۆراشدا بە هەمان شێوە بووەتە پارە و هیچی دیکە نییە**

هەندێك جار دادگاكان یەكلاكردنەوەی كێشەكان پەك دەخەن، یان لایەنگریی كەسێك دەكەن كە لە ئایین و نەتەوەی خۆیانە، بێگومان جەنابی سەرۆك بارزانی هەمیشە لەگەڵ دادپەروەری و پاراستنی مافی پێكهاتەكاندا بووە.

*** لە ئێستادا پەتایەكی گەورە یەخەی هەرێمی كوردستانی گرتووە، كە ئەویش بڵاوبوونەوەی زۆر مەترسیداری «ماددە هۆشبەرەكانە»، ئەم مەترسییە نەك پێشێلكارییە بۆ مافی مرۆڤ، بەڵكو شیرازەی هەزاران خێزانیشی لەبەریەك هەڵوەشاندووەتەوە. ئایا ئێوە وەك دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ چۆن لەم مەترسییە دەڕوانن؟ دیسان وەك پسپۆڕێكی یاسا پێتوایە تا چەند گرنگە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەكان زۆر بە جددی هەموار بكرێتەوە؟**

- ئێمە زۆر بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە دەكەین، بەتایبەتی لە ڕێگەی سەردانیكردنمان بۆ بەندیخانەكان، لە بەندیخانەی ئاسایشی گشتی و ئاسایشی هەولێر و ئاسایشی سلێمانی و چاكسازییەكانی هەرێمی كوردستان بەگشتی، زۆربەی ئەو بەندییانەی چاومان پێیان دەكەوێت، بەداخەوە تەمەنێكی زۆر بچووكیان هەیە كە ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون، ئەمانە لە ناو زیندانەكان یان لە چاكسازییەكاندا ڕۆژانە كەسانێك دەبینن كە كەسێكیان كوشتووە، یان تاوانێكی سیخوڕییان كردووە، ئەوەش مەترسییەكی گەورەیە لەسەر ژیان و ئایندەیان، ئەو كەسانە دوور دەبن لە خوێندن و خێزانەكانیان، هەر بۆیە زۆر پێویست و گرنگە یاساكە هەموار بكرێتەوە، بە شێوەیەك زیاتر وردەكاری و ڕوونكردنەوەی تێدا بێت، ناڵێم یاساكە خراپە، بەڵكو پێویستە بە شێوەیەك هەموار بكرێتەوە كە ئاسان بێت لە ڕووی جێبەجێكردنی پراكتیكییەوە، چونكە كۆمەڵێك ماددەی داناوە بۆ دەستنیشانكردنی ئەو بابەتە بە ماددەی هۆشبەر هەژمار دەكرێت و فڵانە ماددە بە هۆشبەر هەژمار ناكرێت، لە هەمان كاتدا هەندێ لەو ماددانەی بە هۆشبەر داندەنرێن لە عێراقدا لە دەرمانخانەكاندا دەفرۆشرێن و وەكو دەرمان بەكاردەهێنرێن، بەڵام لێرە ئەو دەرمانە بە ماددەی هۆشبەر دانراوە، كەسانێك هەن لە بەغدا هاتوونەتەوە، یان هاتوون و نەیزانیوە ئەو دەرمانە لێرە بە ماددەی هۆشبەر هەژمار دەكرێن، لە ئەنجامدا دەستگیر كراون، بۆیە پێویستە زۆر بە جددی ئەو بابەتە بە هەند وەربگرین و سنوور و سیادەی هەرێمی كوردستان بپارێزرێت لە هاتنی هەر ماددەیەك كە هۆشبەر بێت، هەروەها پێویستە شوێنێك، یان نەخۆشخانەیەك لە هەرێمی كوردستان دروست بكرێت، بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون، چارەسەریان بۆ ئەنجام بدرێت، هەرچەندە بڕیار بوو ئەو نەخۆشخانەیە دروست بكرێت، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا دروست نەكراوە، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە پێویستی بە بودجە و هاوكاری و پاڵپشتی و ستافی بەتوانا و ڕاهێنراو هەیە، ئەو شوێنە زۆر پێویستە بۆ ئەو كەسانەی كە تەمەنیان زۆر بچووكە، من كە دەیانبینم بەزەییم پێیاندا دێتەوە و دڵم بۆیان ژان دەكات.

*** بە سەفقەیەكی سیاسیی لایەنە سیاسییەكانی شیعە، یاسای باری كەسیی عێراقیان هەموار كردەوە و تێیان پەڕاند، لەگەڵ ئەوەی هەمواری ئەم یاسایە لە هەرێمی كوردستان جێبەجێ ناكرێت، بەڵام ژمارەیەكی زۆر لە عەرەبی پارێزگاكانی عێراق ئێستا لە هەرێمی كوردستان نیشتەجێن، ئایا دەرهاویشتە خراپەكانی ئەو هەمواركردنەوەیە كاریگەریی لەسەر هەرێمی كوردستانیش نابێت؟**

- یاساكە یاسایەكی زۆر خراپە و دەمانگێڕێتەوە بۆ پێش هەزار و چەندین ساڵ پێش ئێستا، چونكە یاسایەكە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ فیقە و شەریعە و مدەوەنەیی كە سوننە و شیعە دایدەنێن، هەر چەندە ڕێزم بۆ هەموو ئایین و مەزهەبێك هەیە، بەڵام بەمە یاسا هەیبەتی نامێنێت، بەداخەوە یاسادانەرانی عێراقی بەشێكیان ئەو پڕۆژەیەیان پێشكەش كرد و پاڵپشتی بوون و هەوڵی سەركەوتنیان بۆ داوە كە دەنگی لەسەر بدرێت، ئەوە خۆیان تەنازولیان كرد لە دەسەڵاتی خۆیان، چونكە دەستوور زۆر بە ئاشكرا دەڵێت، تەنیا پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەكان دەتوانن یاسا دەر بكەن، نەك كەس و لایەنی دیكە، ئەمەش وای كرد كە هەیبەتی یاسا بشكێت و مەزهەب زاڵ بێت بەسەر یاساكاندا، هەر

ئەمەش وا دەکات، کە ئافرەت هەیبەت و قیمەتی لە ناو کۆمەڵگەدا نەمێنێت، یاساکە ڕاستە دەڵێت دەگەڕێینەوە سەر مەزهەبەکان، ڕێزم بۆ هەموو کەس و مەزهەبەکان هەیە، بەڵام لە مەزهەبی جەعفەریدا، کە کتابیش هەیە و بەڕێز ئایەتوڵا سیستانی ئەو کتابەی لە ساڵی ٢٠١٤ بڵاو کردووەتەوە، بەپێی ئەو مەزهەبە بە ئاشکرا منداڵ نەك لە تەمەنی (١٤ و ١٥) ساڵی، بەڵکو لە کاتی لەدایکبوونیدا دەکرێت گرێبەستی لەگەڵ بکرێت و لە دوو ساڵییەوە دەکرێت ئیستینتائی پێ بکرێت و دواتر دەکرێت بگوازرێتەوە و بکرێتە ژنی ئەو کەسە، لێرەدا دەپرسین کوا مافی منداڵ؟ هاوکات کوا ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کە عێراق پەسند و قبووڵی کردوون و بەرپرسیاریشە ئەو ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ بکات، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە تەمەنی کەمتر لە ١٨ساڵ بە منداڵ هەژمار دەکرێت و بەو تەمەنە بچووکە مێردکردن کوشتنی ئەو منداڵەیە، ئەو یاسای باری کەسییە کاریگەری ١٠٠٪لەسەر کوردستان هەیە و یاساکە کاریگەریی لەسەر عەقڵییەتی خەڵکی کوردستانیش دەبێت، بۆی هەیە پاش چەند ساڵێکی دیکە کەسانێ لە هەرێمی کوردستان داوا بکەن ئەو یاسایە لە کوردستانیش جێبەجێ بکرێت. من وەکو ئافرەتێك شەرم دەکەم بڵێم لە وڵاتێکدا دەژیم کە یاسا ڕێگە دەدات کچ بە منداڵی مارە بکرێت، چونکە ئەو کار و ڕەفتارە زۆر ناشارستانییە و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت.

*** وێڕای ئەوەی کە سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤیت لە هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتدا مامۆستای کۆلێژی یاساش بوویت، لە ئێستادا خوێندن بەگشتی و خوێندنی زانکۆکان بەتایبەتی بووەتە بزنسێکی تەواو، ئەمەش وای کردووە کە لێهاتوویی قوتابیان بخاتە مەترسییەوە، هەر بۆ نموونە ئێستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین قوتابی بە نمرەیەکی بەرزەوە دەبێت لە کۆلێژی یاسا بخوێنێت، بەڵام لە زانکۆیەکی ئەهلی کە کیلۆمەترێك لە زانکۆی سەلاحەدین دوور نییە، بە نمرەیەکی زۆر نزم لە هەمان کۆلێژ هەیە، ئایا ئەمە ژێرپێ خستنی لێهاتوویی قوتابیان نییە، کە ئەویش بەشێکە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ؟**

- ئەمە بەشێکی هەرە گرنگی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە. لەو بابەتەدا کچی خۆم بە نموونە دەهێنمەوە، کە لەسەر ئاستی عەنکاوە یەکەم بوو و چوو لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین خوێندی، لەو کۆلێژە شوێنی پێویست و دەستشۆری تایبەت بە کچە قوتابییەکان نەبوو، هەر بۆیە دەیگوت من گوناهم چییە بەو نمرە بەرزە بەو جۆرە بخوێنم، لەکاتێکدا قوتابییەکی دیکە لە زانکۆی ئەهلی لە هەمان کۆلیژ دەخوێنێت دەڵێی ئەو زانکۆیە هەر کوردستان و عێراقیش نییە، چونکە گرنگیی زۆر بە هەموو پێداویستییەکانی قوتابی دراوە،



ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی بە پارە دەخوێنێت و کاری ئەو زانکۆ ئەهلییانە بە تەواوی بزنێسە. دەتوانم بڵێم ئێمە خۆمان وامان کرد کە خەڵك وا هەست بکات کە پارە هەموو شتێکە، دەبینین کەسێك بۆ پارە قیەم و ئەخلاقی خۆی لە دەست دەدات، تاوەکو بگاتە شوێنێك تاوەکو پارە وەربگرێت، لەلایەکی دیکەوە زانکۆکان نەك تەنیا بۆ بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بەڵکو لە وەرگرتن و بەدەستهێنانی نامەی ماستەر و دکتۆراشدا بە هەمان شێوە بووەتە پارە و هیچی دیکە نییە، ئەمەش لە ئەنجامی نادادپەروەرییە، بۆیە داواکارم لە لایەنی پەیوەندیدار چاوپێداخشاندنەوەیەك بەو بابەتە گرنگ و هەستیارەدا بکەن، تا نمرە و ئاستی بەرز و لێهاتوویی زانستی ببێتە پێوەر، نەك تەنیا پارە، تاوەکو کەسانی لێهاتوو و بەتوانا و شایستە بەرهەم بهێنین بۆ وڵاتەکەمان.

**هەندێ لەو ماددانەی بە هۆشبەر داندەنرێن لە عێراقدا لە دەرمانخانەکاندا دەفرۆشرێن و وەکو دەرمان بەکاردەهێنرێن**



پ. د. یوسف حەمە ساڵح
پرۆفیسۆری دەروونزانی لە زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:

# پاراستنی کۆمەڵگە و قەوارەی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی گەنجەکانەوە لە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەست پێدەکات

**لە ساڵی ١٩٩١ـەوە کێشەی ئالوودەبوونی گەنجان بە مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە شێوەیەکی زۆر خێرا سەریهەڵدا، ئەمڕۆ بە دەیان جۆری ماددەی هۆشبەر بڵاو بووەتەوە و هەزاران گەنج لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) ئالوودەی ئەم ژەهرە مەترسیدارە بوون، لە ناوەندەکانی چاکسازی و خوێندن و کافتریای نێرگەلەکان تا دێت بەکارهێنان و ئالوودەبوونی مادده هۆشبەرەکان ڕوو لە زیادبوون کردووە، لەسەر ئەم پرسە و هۆکار و ڕێگا چارەسەرەکان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پ. د. یوسف حەمە ساڵح پرۆفیسۆری دەروونزانی لە زانکۆی سەلاحەدین سازدا.**

* بەو پێیەی وەك شارەزا و پسپۆڕێکی دەروونزانی سەرپەرشتیی ٨٥ نامە و تێزی ماستەر و دکتۆراتان کردووە لەسەر لایەنی دەروونیی گەنجان، ئایا بۆچی لەناو هەستیارترین توێژی ناو ئەم کۆمەڵگەیە کە گەنجەکانە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بەو شێوە مەترسیدارە بڵاو بووەتەوە؟

- ئالوودەبوونی گەنجان بە مادده هۆشبەرەکان بە هەستیارترین پرس دادەنرێت. توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر و چڕ لەسەر ئەم بابەتە دەکرێت، بەو پێیەی ئالوودەبوون و بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەناو توێژی گەنجاندا جێگای مەترسیی زۆر گەورەیە و شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە و تەنانەت ئایندەی نەتەوەکان دەخاتە مەترسییەوە. ئەم مەترسییە تێکەڵ بە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتیش بووە، بەو پێیەی گرنگترین توێژی ناو کۆمەڵگە کە هێزی مرۆیی و پارێزەری کۆمەڵگە و نەتەوە و وڵاتە، بە هۆی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانەوە ئیفلیج دەکات. دەبێت زۆر بابەتییانە و زانستییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکەین. من زیاتر ناچمە ناو وردەکاریی ڕووبەڕووبوونەوەی باند و مافیاکانی مادده هۆشبەرەکان و هێنانی ئەم مادده مەترسیدارانە لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردستان و هەڵکشانی ژمارەی ئەوانەی ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان بوون. گۆڤاری گوڵان لە ژمارەکانی ڕابردوو لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار قسە و باسیان لەسەر کردووە. من هێندەی ئەو شارەزایی و پسپۆڕایەتییەی لە پاراستنی توێژی لاوان و گەنجان هەمە، وتوێژێکی زانستییانە دەکەم. دۆزینەوەی هۆکاری تەشەنەکردن و خۆپاراستن لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکە هێندەی دەستگیرکردن و ڕاوەدوونانی بازرگان و قاچاخچییەکان گرنگە، بۆیە دێمە سەر کرۆکی پرسیارەکەتان کە بۆچی ئەم ژەهرە زیاتر بەرۆکی گەنجانی لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) گرتووە؟ یان بۆچی گەنجان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ئەم مادده هۆشبەرانە؟ چ لە ڕووە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکەوە بێت، چ لە ڕووە دەروونییەکە و هەموو ڕووەکانی دیکەشەوە بێت، بە شێوەیەکی گشتی ئالوودەبوونی مادده هۆشبەرەکان لەناو ژمارەیەکی زۆری گەنجان بۆ هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان دەگەڕێتەوە کە زەمینە خۆشکەر و هاندەرن، لەوانە بێکاری و نادادپەروەری و بوونی بۆشایی و خراپ پەروەردەکردنی گەنج لەناو خێزان و چەندین هۆکاری دیکە، کە هەموان وا لە گەنج دەکەن، ئامادەیی تێدا بێت بۆ ئەوەی بێڕێزی بە خۆی و بەرانبەر و خێزانەکەشی بکات، تەنیا لەپێناو ئەوەی بۆ کاتێکی کەم لەم واقیعە تاڵە بێهۆش بێت و دوور بکەوێتەوە. خۆ ئەگەر تەنیا باسی هۆکاری خراپی پەروەردەکردنی منداڵ و گەنجان بکەین، ئەوا لەم ڕوانگەیەوە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لەناو خێزاندا زۆر زۆرن، بەڵام لە هەمووی گرنگتر چاندنی هەستی بەرپرسیارێتیی گەنجە لەناو خێزان و کۆمەڵگەکەیدا، ئەم بەرپرسیارێتییە وا لەو منداڵە دەکات، هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانیدا کەسایەتییەکی بەهێزی لێدەربچێت و لە تەمەنی گەنجێتیدا سەد جار بیر بکاتەوە، ئەو کات بکەوێتە ژێر ڕکێفی کەسانێکی هەلپەرست و بەرژەوەندیخواز کە تووشی ئالوودەبوون بە

**بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەناو توێژی گەنجاندا جێگای مەترسیی زۆر گەورەیە و شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە و تەنانەت ئایندەی نەتەوەکان دەخاتە مەترسییەوە**

**دۆزینەوەی هۆکاری تەشەنەکردن و خۆپاراستن لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکە هێندەی دەستگیرکردن و ڕاوەدوونانی بازرگان و قاچاخچییەکان گرنگە**

**شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لەناو خێزاندا زۆر زۆرن، بەڵام لە هەمووی گرنگتر چاندنی هەستی بەرپرسیارێتیی گەنجە لەناو خێزان و کۆمەڵگەکەیدا**

**بێکاری و هەستکردن بە نادادپەروەریی و بوونی بۆشایی لەلای گەنج کۆمەڵە هۆکارێکن، بۆ ئەوەی گەنج بۆ داهاتووی بێ ئومێد بێت**

**مادده هۆشبەرەکانیش ئەنفالێکی دیکەیە کە تێیدا بەم ئامرازە کاریگەرە گەنج لەخشتە دەبەن و شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەکەمان تێک دەدەن و ڕۆح و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لەناو گەنجاندا لەناو دەبەن**

**وڵاتانی دەوروبەرمان بە خۆرایی ماددەی هۆشبەرمان بۆ دەنێرن و دواتر لە ناوەوە بە پارەیەکی کەم ساخی دەکەنەوە و لە شوێنە گشتییەکان بەسەر گەنجەکاندا دابەشی دەکەن**

**سووریا و ڕژێمەکەی ئەسەد، کارگە و کارخانەکانی حەبی کبتاگۆنی بەرهەم دەهێنا و ڕەوانەی ناوچە کوردنشینەکانی دەکرد**

مادده هۆشبەرەکانی بکات. ئەم کەسایەتییە بەهێزەی گەنج هەموو کات ئاستی هەستی ڕێزگرتن بۆ خۆی و خێزان و کۆمەڵگەکەی تێیدا بەرزە و بەردەوام دەروونی ئارامە.

*** جگە لە پەروەردەیەکی باشی خێزانی، ژینگە کۆمەڵایەتییەکەش هۆکار و هاندەرە بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و ئالوودەبوون. لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- ژینگەی خراپی کۆمەڵایەتی جاری وا هەیە ڕێگاخۆشکەرە بۆ ئالوودەبوون، بێکاری و هەستکردن بە نادادپەروەریی و بوونی بۆشایی لەلای گەنج کۆمەڵە هۆکارێکن، بۆ ئەوەی گەنج بۆ داهاتووی بێ ئومێد بێت. ئەم واقیعە ڕێژەییە و مەرج نییە هەموو گەنجێك بەم شێوەیە بیر بکاتەوە ئەو ڕێگا هەڵەیە بگرێتەبەر. کاتێك گەنج پەنا بۆ جگەرەکێشان و نێرگەلە و خواردنەوەی مادده کحولییەکان دەبات، سەرەتای ڕێگایە بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، ئەو لەم ژینگە نادادپەروەرییە و ناخۆشەدا هەست بە زوڵم دەکات، لە مەزڵوومییەتیشدا ڕوو لە شەڕانگێزی دەکات، کاتێك نەتوانێت ئەو شەڕانگێزییە بۆ لایەنی بەرانبەر دەرببڕێت، ئەوجا شەڕانگێزییەکە ڕووبەڕووی خۆی دەکاتەوە و ئازارخۆی دەدات، بۆیە ڕوو لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەکات و دواجار بە مادده هۆشبەرەکان ئالوودە دەبێت.

*** دەگوترێت زۆرجار وڵاتانی دراوسێ و ئەجندەی دەرەکی لەپشت لەخشتەبردنی گەنجەکانن و بە لێشاو ماددەی جۆراوجۆری هۆشبەر لەناو شوێنە گشتییەکانی هەرێمدا بڵاودەکەنەوە، ئایا ئامانج لەم کارە چییە؟**

- بە درێژایی مێژوو زۆرن ئەوانەی دژایەتی و مەرامی دوژمنکارانەیان بەرانبەر گەلی کورد هەبووە و هەیە. کۆمەڵکوژی و جینۆساید و وێرانکردنی گوند و تەعریب و تەرحیل و کیمیاباران و ئەنفال هەمووی لەم چوارچێوەیەدا هاتووە، مادده هۆشبەرەکانیش ئەنفالێکی دیکەیە کە تێیدا بەم ئامرازە کاریگەرە گەنج لەخشتە دەبەن و شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەکەمان تێك دەدەن و ڕۆح و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لەناو گەنجاندا لەناو دەبەن. وڵاتانی دەوروبەرمان بە خۆرایی ماددەی هۆشبەرمان بۆ دەنێرن و دواتر لە ناوەوە بە پارەیەکی کەم ساخی دەکەنەوە و لە شوێنە گشتییەکان بەسەر گەنجەکاندا دابەشی دەکەن. هەموومان ئەو هەموو بازرگانە ئێرانییەی مادده هۆشبەر دەبینین کە چۆن ڕۆژانە لە ناوچە شاخاوییەکانەوە بە قاچاخ ئەم ژەهرە ئاودیوی وڵاتەکەمان دەکەن، سووریا و ڕژێمەکەی ئەسەد، کارگە و کارخانەکانی حەبی کبتاگۆنی بەرهەم دەهێنا و ڕەوانەی ناوچە کوردنشینەکانی دەکرد، گەنجەکانمان ئالوودەی ماددەی کریستاڵی دەکەن، کە لە ڕووانگە زانستی و پزیشکییەکەوە زۆر زۆر زەحمەتە گەنجەکان دەستبەرداری بن. وڵاتانی دراوسێ هێز و توانا و ئیرادەی گەنجی کورد لەناو ئەم کۆمەڵگەیە لەناو دەبەن، هەروەکو چۆن لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەواڵگرەکانی جوو لەسەر شەقامەکانی شارە گەورەکانی ئەڵمانیا لە ڕێگەی دەرزییەوە گەنجانی ئەڵمانیایان ئالوودەی هیرۆین دەکرد، تاوەکو گەنجەکانی ئەڵمانیا ئیفلیج بکەن و ڕۆحی بەرگریی و هێز و بازوویان لەناو بچێت. پێویستە لە هەرێمی کوردستان دەزگایەکی تایبەتی مەدەنی دروست بکرێت بۆ چاودێریی هەموو ئەو شوێنانەی مادده هۆشبەرەکانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە، تاوەکو گەنج وا بە ئاسانی نەتوانێت پەنا بۆ مادده هۆشبەرەکان ببات و بەکاری بهێنێت، تەنانەت لەناو سەنتەرەکانی چاکسازی لە زیندانەکان نەتوانراوە گەنجە ئالوودەبووەکانمان چارەسەر بکەن، بە ئالوودەبوون زیندانی دەکرێن و بە بازرگان و قاچاخچێتیی مادده هۆشبەرەکان دێنە دەرەوەی زیندانەکان، لەلایەکی دیکەشەوە جێگای خۆشحاڵی و ئومێدە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەڵاچۆکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی کردووەتە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی و، لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستی بەوە کردووە هەرێمەکە لە ناوچەیەکی ترانزێتی مادده هۆشبەرەکانەوە بووەتە ناوچەیەکی بەکارهێنەر. ئێمە پێویستە لە قۆناغی چاودێری و بەدواداچوون و ڕووبەڕووبوونەوە و قەدەغەکردنی مادده هۆشبەرەکان ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی

دابڕێژین. بە داخەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کارا و باشی وایان نەبینیوە لە بواری هوشیارکردنەوەی خێزانەکان و قێزەونکردنی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

*** ئایا ڕێگا چارەسەر چییە بۆ ئەوەی گەنجەکانمان لە ئالوودەبوونی ماددە هۆشبەرەکان دوور بکەونەوە و نەبنە قوربانیی باند ومافیاکانی ماددە هۆشبەرەکان؟**

- سەرەتا پێویستە لە پەروەردەی ناو خێزانەوە دەست پێبکەین، گەنج لەناو خێزانەوە کەسایەتی بەهێزی بۆ دروست دەبێت، کە هەستی بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر تەندروستی و ناو و پێویستی بە کەسانی دیکەیە کاروبارەکانی بۆ بەڕێوەببەن، ئەم جۆرە کەسایەتییانەش تاکێکی خۆپەرست و تاکڕەویان لێ دروست دەبێت کە بەردەوام بە دوای بەرژەوەندی و چێژ و خۆشیی خۆیاندا دەگەڕێن، ئەمانەش ڕەنگە پەنا بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ببەن.

خاڵێکی دیکەی ڕێگری لە ئالوودەبوونی ماددە هۆشبەرەکان لەناو گەنجەکانماندا، ڕزگارکردنی گەنجە لە بێکاری و ئەو بۆشاییە مەترسیدارەی تێی کەوتووە. بێکاری تەنیا گەنج ڕاپێچی ئالوودەبوون ناکات، لەوانەیە پەنا بباتە بەر گرووپ و تاقمە تیرۆریستییەکانیش، ئەم

**پێویستە لە هەرێمی کوردستان دەزگایەکی تایبەتی مەدەنی دروست بکرێت بۆ چاودێریی هەموو ئەو شوێنانەی ماددە هۆشبەرەکانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە**




ناوبانگی کەسێتی و خێزانەکەی و دواتر پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی و کۆمەڵگە و نەتەوەکەی کرد، هەرگیز ئەم کەسایەتییە پەنا نەباتە بەر ڕەوشت و کاری خراپ و بەکارهێنانی ماددەیەکی زیانبەخش، ئەوانەی پاڵپشتیی دەروونی و کۆمەڵایەتییان زۆر بەهێزە و هەست بە ڕێز و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان دەکەن، هەرگیز بەو ئاسانییە ناکەونە ژێر کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکانەوە، لە بەرانبەریشدا لایەنێکی دیکە هەیە کە زۆر بەناز منداڵ پەروەردە دەکرێت و ئەوەش وادەکات لە ئایندەدا نەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت و کەسانە دژی بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵگە هەڵسوکەوت دەکەن و کەسانی شەڕانگێزیان لێدروست دەبێت و پەنا بۆ شتی خراپ دەبەن بۆ ئەوەی دژی بەرژەوەندیی گشتی هەڵسوکەوت بکەن.

لەکۆتاییدا پاراستنی نەتەوە و هەرێمەکەمان لە پاراستنی کۆمەڵگە و خێزان و گەنجەکانەوە دەست پێدەکات، دەبێت ڕێزیان لێ بگرین و هەلی کاریان بۆ دەستەبەر بکەین و خێزان پێکەوە بنێن و بە توندی ڕێگایان لێ بگیرێت تاوەکو پەنا بۆ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان نەبەن.

**جێگای خۆشحاڵی و ئومێدە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەڵاچۆکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانی کردووەتە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی**



پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر
## گەیلان محەمەد تاڵەبانی

شارەزا و پسپۆڕ لە زانستی ئوسووڵی دینی ئیسلام بۆ گوڵان:

# دابەشکردنی ئایینی ئیسلام بۆ سیاسەت و عیبادات کارێکی ناڕەوایە و هۆکاری گێرەشێوێنی و تێکدانی بارودۆخی کۆمەڵگەیە

**بۆ ئەوەی بزانین ئایا دەتوانرێت ئیسلام بۆ سەر عیبادات و سیاسەت دابەش بکرێت، یان لە ئیسلامدا توندڕەوی هەیە و دەکرێت کەسانێ یان لایەنی ئیسلامیی وا هەبن بیانەوێت مێژووی کورد فەرامۆش بکەن و مێژووی عەرەب بخەنە شوێنی، گۆڤاری گولان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر گەیلان محەمەد تاڵەبانی ئەنجام دا.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبووڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسەت و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی و عیبادەت تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- ئەم دابەشکردنەی ئایینی ئیسلام بۆ سیاسەت و عیبادات ئەوە دەگەیەنێت کە ئیسلام و مرۆڤی موسڵمان وا ڕەفتار بکات کە ئیسلام بەکار بهێنێت بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆی، ئەمەش کارێکی ناڕەوایە کە ئیسلام بەکار بهێنیت بۆ بەرژەوەندیی خۆت و گەیشتن بە دەسەڵات و کورسی، پیاوانی گەورە و زانایانی وەکو سوفیانی سەوری فەرموویانە «ئەگەر دنیا کۆ بکەمەوە بە دەهۆڵ و زوڕنا و بڕۆم لە دەرگای خەڵك بدەم، لەوەم پێ خۆشترە کە ئایینی ئیسلام بکەمە بەرگم بۆ بەرژەوەندیی خۆم و دنیا»، چونکە ئایینی ئیسلام لەوە گەورەترە کە بەناو موسڵمان، یان هەر تاخم و گرووپێك بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و گەیشتن بە دەسەڵات بەکاری بهێنن. ئەگەرچی ڕاستە ئیسلام چاکسازی و بەرنامەی جۆراوجۆری بۆ خزمەتی موسڵمان و مرۆڤایەتی تێدایە، بەڵام بچیت خۆت بە مەرام و مەبەستێك ئەو ئایینە پیرۆز و جوانە بکەیتە بەرگێك و بەکاری بێنیت بۆ گەیشتن بەوەی لە دنیادا مەبەستتە، ئەمە نارێك و ناڕەوایە و بۆ دنیایە و بۆ ململانێکردنە لەگەڵ دەسەڵات و حاکم و سوڵتانی زەمانە، لەلایەکی دیکەوە ئەو دابەشکردنە لایەنە سیاسییەکەی پێچەوانەی ئیسلام و پەیامی خودای گەورەیە، هاوکات ئەو دابەشکردنەی ئایینی ئیسلام زۆر مەترسیدارە لەسەر وڵات و هەموو کۆمەڵگەیەك، بەتایبەتی کۆمەڵگەی موسڵمانان، چونکە دەبینین ئەو جۆرە دابەشبوونە چۆن لە چەندین شوێن بووەتە هۆی کارەسات و گێرەشێوێنی و تێکدانی بارودۆخی کۆمەڵگەکان.

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات و، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- لە کاتێکدا بتەوێت سیاسەتی ڕاستەقینەی شەرعی ئیسلام پیادە بکەیت، وەکو بەشێك لە زانایانی ئیسلام فەرموویانە، دین سیاسەتە و سیاسەتی تێدایە، ئەوە یەکێك لەو سیاسەتانەی لە ناو ئایینی ئیسلامدایە کە پێویستە بکرێت لە پێناو خاکدا، پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) فەرموویەتی «هەر کەسێك لە پێناو خاك و بەرگریکردنیدا بکوژرێت و خوێنی بڕژێت، ئەوە لەلای خودای پەروەردگار بە شەهید هەژمار دەکرێت»، یەکێك لەو بەهایانەی ئایینی ئیسلام بایەخی پێ داوە، خاکە. خودای گەورە باسی ئایینەکانی دیکە دەکات، لەوانە کە بەنی ئیسرائیل ئامادە نەبوون بەرگری لە خاکی خۆیان بکەن، دەرئەنجام چل ساڵ سەرگەردان بوون لەسەر زەوی و بێ خاك مانەوە و سەرلێشێواو بوون، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە بە خۆیان سزای خۆیان داوە (فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ)، ئەو سزایەی خودای گەورە بۆ بەنی ئیسرائیل لەبەر ئەوە بووە، کە خەڵك و میللەتەکەی بەرگرییان لە خاکی خۆیان نەکردووە، هەر بۆیە ئایینی

**پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) فەرموویەتی «هەر کەسێک لە پێناو خاک و بەرگریکردنیدا بکوژرێت و خوێنی بڕژێت، ئەوە لەلای خودای پەروەردگار بە شەهید هەژمار دەکرێت»**

**ئایینی ئیسلام فێری کردووین کە خاک بەشێکە لە عەقیدە و بیروباوەڕی ئێمە، بەبێ خاک مرۆڤ بەهای نامێنێت، تەنانەت مرۆڤ پێش ئەوەی دەست بکات بە جێبەجێکردنی ئایین پێویستە خاکەکەی بپارێزی**

ئیسلام فێری کردووین کە خاك بەشێکە لە عەقیدە و بیروباوەڕی ئێمە، بەبێ خاك مرۆڤ بەهای نامێنێت، تەنانەت مرۆڤ پێش ئەوەی دەست بکات بە جێبەجێکردنی ئایین پێویستە خاکەکەی بپارێزێت، پێغەمبەری ئیسلامیش هەر وای کرد کە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی و عیبادەتکردنی خودای گەورە مەدینەی هەڵبژارد، بەڵام ئەو گرووپ و لایەنە سیاسییە ئیسلامییانە بۆ ئەوە دامەزراون و کار دەکەن تاوەکو ئێمە ئینتیمامان بۆ خاك نەمێنێت و خاوەن ئەو سەرکردە و شۆڕشگێڕ و قارەمانانەمان نەبین کە خەباتیان کردووە لە پێناو پاراستنی خاکدا و گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی و شەهید بوون، لەوانە بە نموونە وەکو (شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفا، قازی محەمەد و... هتد، لە ئێستاکەشدا دەبینین کە سەرکردەیەکی وەکو سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەباتی نەپساوەیان لە پێناو سەروەری و بەرگری لە خاکی کوردستان بووە، بەڵام ئەو تاخم و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانەی کوردستان لە دەرەوەی ئیسلامی ڕاستەقینەن و تەنیا بە ناو کار دەکەن و مەبەستی ڕاستەقینەشیان بێبەهاکردنی خاك و بەها باڵاکانی نیشتمان و نەتەوە و پیرۆزی و بەرژەوەندییەکانی میللەتی کوردە. ئیخوان موسلمین و هەموو تەیار و فکرە ئیسلامییەکانی دیکە هەوڵ و مەبەستی سەرەکییان بۆ بەرژەوەندی و وەرگرتنی دەسەڵات و کورسییە و پێچەوانەی شەرعی ڕاستەقینەی ئیسلامیش دەجووڵێنەوە، هەر بۆیە ئەو لایەنە ئیسلامییانە خیانەت لە ئایین و نیشتمان و میللەتەکەمان دەکەن.

سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەباتی نەپساوەیان لە پێناو سەروەری و بەرگری لە خاکی کوردستان بووە

ئیخوان موسلمین و هەموو تەیار و فکرە ئیسلامییەکانی دیکە هەوڵ و مەبەستی سەرەکییان بۆ بەرژەوەندی و وەرگرتنی دەسەڵات و کورسییە و پێچەوانەی شەرعی ڕاستەقینەی ئیسلامیش دەجووڵێنەوە

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی دوو تەرازوو دەکات، دەفەرموێت: «وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ، الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُواْ عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ، وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ»، واتە زۆر مەترسیدار و ناڕەوایە ئەو کەسانەی دوو تەرازوو لە ژیان و هەڵسوکەوتیاندا بەکار دەهێنن، کە تەرازویەکیان بەو جۆرەیە لە کاتێکدا بیانەوێت شتێك بۆ ئەوان بێت ئەوە تەرازوەکە بەو جۆرە دەردەخەن کە بۆ بەرژەوەندیی ئەوان بشکێتەوە، بەڵام خەڵك بیەوێت تەرازوو بەکار بێنێت، لەو حاڵەتەدا غەدر لە خەڵك دەکەن، لەلایەکی دیکەوە ئەو کەس و گرووپانەی دەیانەوێت ئەو مێژووەی کورد بە هەند وەرنەگرن، با تەماشای مێژووی نەتەوەی دیکە بکەن، بەتایبەتی نەتەوەی عەرەب.

ئەو بیر و باوەڕ و لایەنانە لە دەرەوەی کوردستانەوە هاتوون و دەستی خراپی دەرەکیی دژی میللەتی کوردیان لە پشتە، ئەگینا کورد وەکو ئیسلام مێژووەکەی پڕ لە سەروەرییە و زۆر پابەندی بنەما و عەقیدەکانی ئەو ئایینە پیرۆزەیە، کە ئەمەش وای کردووە، هەر لە کۆنەوە لە سەرەتای ئیسلامەوە کورد کەسایەتی و شارەزا و زانایانی گەورەی لە مێژووی ئیسلامدا هەبێت و خاوەنی دەیان حوجرە و خانەقا و قوتابخانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بێت، جگە لەمانە عەرەب لە دەرەوەی ئیسلام نەتەوەیەکی دەمارگیرە بەرانبەر بە نەتەوە و خاك و دابونەریت و کەلتووری خۆی و هەندێك جاریش نەتەوە دەخەنە پێش ئایینی ئیسلام، کوردیش لە سایەی سەرکردەی نەبەردی وەکو جەنابی سەرۆك بارزانی هەنگاوی گەورە و مێژوویی لەسەر ئاستی جیهان ناوە و بووینەتە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆی خۆمان و هێزێکی قارەمانی وەکو پێشمەرگە، لەمانەش زیاتر خاوەنی پەرلەمان و دەزگای شەرعی و یاسادانان و حکومەتێکی خۆڕاگرین کە دەبینین ئێستا هەولێری پایتەخت بووەتە سەنتەری هاتنی سەرۆك و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و بازرگانیی هەموو وڵاتانی دنیا، بەتایبەتی ئەورووپای سەردەم و پێشکەوتوو، هەموو ئەمانە دەردیان دەرخواردی دوژمنانی میللەتەکەمان داوە و چاویان بەو پێشکەوتن و ئاوەدانییەی کوردستان هەڵنایەت.

عەرەب لە دەرەوەی ئیسلام نەتەوەیەکی دەمارگیرە بەرانبەر بە نەتەوە و خاك و دابونەریت و کەلتووری خۆی و هەندێك جاریش نەتەوە دەخەنە پێش ئایینی ئیسلام

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسووڵیدا، تەنانەت باس لەوە دەکرێت یەکەم ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر دەستی**

سەید قوتب بە ناوی «تەنزیمی سڕی» دامەزراوە. چاندنی تۆی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگەدا، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟

- پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێت: «مەترسیدارترین و ترسناکترین کار کە لە میللەتی خۆم (میللەتی ئیسلام) لێی دەترسم توندڕەوییە». لەناوچوونی زۆربەی ئایینەکان لە ئەنجامی توندڕەوی بووە و لە ئایینی ئیسلامدا ئیفرات و تەفریت نییە و خوای گەورە دەفەرموێت: «وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا»، واتە ئێمە ئومەتێکی مامناوەندین لە بیروڕا و میانڕەوین لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ و ناسەقامگیری و تێکدانی کۆمەڵگەکەمان، ئەوەی ئەو حزب و گرووپە ئیسلامییانە دەیکەن، کارێکی شورەییە و ڕەفتار و ئاکارێکی دوور لە ئیسلامە و تەنیا بۆ گەیشتنیانە بە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیان.

**ئەوەی ئەو حزب و گرووپە ئیسلامییانە دەیکەن، کارێکی شورەییە و ڕەفتار و ئاکارێکی دوور لە ئیسلامە و تەنیا بۆ گەیشتنیانە بە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیان**

*** خاڵێکی دیکەی ترسناک لە فیکری ئیسلامی سیاسیدا مەسەلەی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فتوا»دانە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیرولموئمنین فتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگەدا؟**



دەوروبەرماندا، هەموو ئەوانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە لە دینی ئیسلامدا بە هیچ جۆرێك توندڕەوی و ڕق و کینە جێگەی نەبووەتەوە، بۆیە بۆ هیچ لایەن و کەسێکیش ئەو بارودۆخە کە توندوتیژی و ئاشووبە و دەبێتە هۆی نانەوەی دووبەرەکی لە نێو کۆمەڵگەدا قبووڵکراو نییە، لەلایەکی دیکەوە دەبینین کە سیاسەتی ئیسلامی لەلایەن ئەو حزب و لایەنانەی لە کوردستاندان، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن گەیشتووتە ئاستێك وەکو بڵێن ئەگەر یەکێك دەنگ بە ئێمە نەدات، ئەوە دژ بە ئیسلامە، یان دەڵێن ئەگەر خەڵك دەنگ بە لایەن و حزبێکی دیکەی دەرەوەی ئێمە بدات، ئەوە بێ دینە، هەموو ئەوانە لە پڕۆگرام و بنەما و عەقیدەی ئیسلامدا پەسندکراو و قبووڵکراو نین. ئەم قسە و ڕەفتارەی ئیسلامی سیاسی و چەندین کاری دیکەیان نزیکمان دەکەنەوە لە توندوتیژی

- بە تەئکید سەرچاوەی ئایینی ئێمە قورئان و سوننەتە، خودای گەورە کە لە قورئاندا باسی فتوای کردووە و، دەفەرمووێت: «فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ»، واتە فتوا مەدەن تا پرس بە زانا و شارەزایەکانتان دەکەن و شارەزا و زاناکانیش دەبێت ئەو کەسانە بن کە لە هەموو لایەنە شەرعییەکانەوە چوونەتە قووڵایی و وردەکاریی تەواوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بۆیە لە هەموو کاتێکدا نابێت کەسێك، یان لایەن و گرووپێکی ئیسلامی لەلای خۆیەوە فتوا بدات، چونکە فتوادان بەو جۆرە دەبێتە گێرەشێوێنی و نانەوەی بارودۆخێکی خراپ و ناسەقامگیر، بەڵکو دەبێت فتوا لە لایەن لێژنەیەکی وەکو ئەو لێژنەیە بدرێت کە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە و لە چەندین شارەزا و پسپۆڕ و موفتی و زانایانی ئیسلام پێك هاتووە.

**دەبێت فتوا لە لایەن لێژنەیەکی وەکو ئەو لێژنەیە بدرێت کە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە و لە چەندین شارەزا و پسپۆڕ و موفتی و زانایانی ئیسلام پێک هاتووە**



## بڕیار پیرداود مەخمووری:

# داوا لە هەموو کچێک دەکەم، لە پاڵ خوێندن پەرە بە بەهرەکانیان بدەن

بڕیار پیرداود مەخمووری، کچە گەنجێکی دەسترەنگین و پڕ وزەی شاری هەولێرە، ڕۆژانە فێرکاریی و زانیاری دەربارەی خواردن دروست کردن بە تایبەت خواردنە کوردەوارییەکان لە پەیجە تایبەتەکانی بڵاودەکاتەوە. بڕیار پیرداود لە قەزای مەخموور لە دایکبووە و ئەو کچی فۆلکلۆردۆست پیرداود مەخموورییە، وەك خۆی باسی دەکات لە تەمەنی چوار ساڵییەوە لە هەولێر نیشتەجێن، دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی زمان/ بەشی زمانی کوردییە، لە ئێستادا لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە فەرمانبەرە، لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان چیرۆکی دەسترەنگینی و هەنگاوە پڕ وزەکانی بە خوێنەران ئاشنا دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«بەشانازییەوە کچی فلکلۆردۆست (پیرداود مەخمووری)م، هەمیشە هەوڵمداوە ناو و ناوبانگ و ڕێچکەکەی ون نەکەم، ئێمە سێ خوشك و سێ براین، لە تەمەنی چوار ساڵییەوە لە هەولێر دەژین، تەمەنی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییم لە گەڕەکی (نەورۆز) تەواوکرد. ڕۆژانە دوای دەوام جگە لە بەڕێوەبردنی پلاتفۆرمەکانم خەریکی کارەکانی ماڵەوەم، هاوکات بابم ئێستا تووشی نەخۆشی درێژخایەن بووە بەردەوام لەگەڵیدام».

بڕیار پیرداود سەبارەت بە ئەزموونی کارەکەی و هونەری چێشتلێنان و ئامانجی داهاتووی بەمجۆرە هاتەئاخافتن «هەرچەندە قسەکەشم دەبێتە تەقلیدی بەڵام ئەوە ڕاستییە هەر لە منداڵییەوە زۆر زەینم دەدا دەستی دایکم کە وەختێك خواردنی دروست دەکرد، تەنانەت ئەو کاتانەی لەگەڵ دەستەخوشکەکانم لە کۆڵان یاریمان دەکرد حەزم دەکرد خۆم بکەمە کابان و خواردنیان بۆ دروست بکەم، کە گەورەبووم ئەو حەز و ئارەزووەم ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد، بەردەوام لەسەر شێوازی جیاوازی خواردنەکانم دەکۆڵییەوە و تاقیم دەکردنەوە، چوار ساڵ پێش ئێستا پەیجی ئینستاگرام و چەناڵی یوتوبم بە ناوی (Xwani.bryar.p) دانا، ڕۆژانە فێرکاریی و زانیاریم دەربارەی خواردن دروستکردن بڵاودەکردەوە، پشت بە خوا ڕۆژێك دێت بینەرە خۆشەویستەکانم خواردنەکانم لە نزیکەوە دەخۆن و شوێنێکی تایبەت بەخۆمم دەبێت، گەورەترین ئامانجی من ئەوەیە ئەو خۆشەویستانەی چەند ساڵە فێرکاری خواردنەکانم دەبینن بێن و لە نزیکەوە لە چێشتخانەکەمدا خواردنەکانم بخۆن و خزمەتیان بکەم، بەلام لە ئێستادا ئەو ئامانجەی کە پلانم بۆی داناوە بۆ کاتێکی نادیار ڕامگرتووە، ئەویش بەهۆی نەخۆشکەوتنی باوکم کە بە تاقیکردنەوەیەکی سەخت لەلایەن خوای گەورە تاقیکراینەوە، سوپاس بۆ خوا زۆر شوکر بۆ تاقیکردنەوەی خوای گەورە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو بەربەست و ڕێگرییانە چی بوون کە هاتنە سەر ڕێگەی دەرکەوتنت؟ گوتی: «هەر کچێك و هەر ئافرەتێك لە چوارچێوەی ماڵ بێتە دەرەوە و کار بکات بەربەست دێنە سەر ڕێگەی کارکردنی، بەڵام دەبێت خانمان زۆر بەهێزبن و ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگەکان ببنەوە و کۆڵ نەدەن. من بەشبەحاڵی خۆم سوپاس بۆ خوا شکاندنی بەربەستەکانم ئاسانتر بوو، چونکە لە خێزانێك گەورە بووم هەر لە منداڵییەوە پێنووسم بە دەستی باوکمەوە دیتوە، کە جگە لە پیشەی پیرۆزی مامۆستایی نووسەریش بوو لە بواری فۆلکلۆر، هاوکات برایەکانم کە دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانن ئەوانیش زیاتر شارەزاییان پێدەدام، لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم».

بڕیار پیرداود مەخمووری سەبارەت بە هاندەر و پاڵپشتییەکانیشی دەڵێت: «هەر کچێك باب و دایك و برا و خوشکی پاڵپشتیان کرد، ئەوا ئەو کچە بەهێز تر دەبێت، ئەگەر ژیانیش زۆر هیلاکی بکات زیاتر هەوڵدەدات و بەردەوام دەبێت، بەم بۆنەیەوە دەمەوێ زۆر سوپاسی براژنەکانم بکەم ئەوانیش یارمەتیدەرن و هاوکاریم دەکەن، ئەو پیشە جوان و پیرۆزەی کە هەڵمبژاردووە کە ڕۆژانە زانیاری و فێرکاری دەربارەی خواردن دروستکردن بڵاودەکەمەوە هیلاکییەکی زۆری دەوێت، چونکە ئەو فێرکارییەی کە کە بینەر دەیبینێ ماوەکەی یەك خولەکە، ئەمن بەلای کەمەوە سێ کاتژمێر خەریکی خواردن دروستکردنەکە دەبم، بێجگە لە ڤیدیۆ چاککردن، بەڵام کە دەستخۆشی بینەرەکانم دەبینم دڵخۆش دەبم بەوەی کە توانیومە تائاستێك خزمەت بکەم».

ئەو خاتوونە دەستڕەنگینە دەربارەی گرنگی کارکردنی خانمان گوتی: پێویستە کچان و ئافرەتان ئیش بکەن و خاوەنکار و داهاتی خۆیان بن، داوا لە خانمان دەکەم لە تەمەنێکی زووەوە بەهرەی خۆیان بدۆزنەوە و بزانن چ بەهرە و حەز و خولیایەکیان هەیە، تاوەکو لە پاڵ خوێندن پەرە بە بەهرەکانیان بدەن و زانیاری لێ کۆبکەنەوە و ڕۆژانە خۆیان فێری کارەکە بکەن، چونکە ژیانی ئێستا پێویستی بە کارکردن و هەوڵدان هەیە، با ئافرەتیش شان بە شانی پیاو کار بکات و داهاتی خۆی هەبێت، چونکە ئەو کاتەی کە بەرهەمی ماندوو بوونەکەت دەخۆیت دەحەسێیتەوە.»

**ئەو کاتانەی لەگەڵ دەستەخوشکەکانم لە کۆڵان یاریمان دەکرد حەزم دەکرد خۆم بکەمە کابان و خواردنیان بۆ دروست بکەم**

**بەشانازییەوە کچی فۆلکلۆردۆست (پیرداود مەخمووری)م، هەمیشە هەوڵمداوە ناو و ناوبانگ و ڕێچکەکەی ون نەکەم**



# ویڕای نادادی و توندوتیژییەکان ئافرەت بەهێزە و دەتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت



**لە کۆمەڵگە نەریتییەکان و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرجار کچان و ئافرەتان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك نادادی و توندوتیژی دەبنەوە، بە تایبەت لەلایەن خێزانەکانیانەوە تەنانەت هەندێکجار ئامۆزاش دەبێتە بەشێك لەو تراژیدیایە، لە کوردستانی خۆماندا لە ئێستا و لە ڕابردووشدا لە هەندێك ناوچەدا بە شێوەی جیاجیا ستەم لە ئافرەت دەکرێت و لە مافە سەرەتایی و شەرعییەکانی بێبەش دەکرێت.**

نەجیبە خانمێکی تەمەن ٤٦ ساڵەیەی دانیشتووی شاری هەولێرە و تاوەکو ئێستا ژیانی هاوژینی پێکنەهێناوە و لە ماڵی برا بچووکەکەی ژیان دەکات، ئەو خاتوونە داهاتی سەربەخۆی خۆی هەیە و کاری خەیاتی دەکات، هەر لە ڕێگەی کارەکەیەوە ناسیمان و داوامان لێکرد نهێنی هاوسەرگیری نەکردنی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان باس بکات، لە بەرانبەردا ڕازی بوو و بەمجۆرە چیرۆك و سەرگوزشتەی ژیانی خۆی گێڕایەوە.

کاتێك تەمەنم ١٩ ساڵ بوو بۆ برا گەورەکەم بە ژن درام واتا ژن بە ژنەیان لەگەڵ ماڵێکی دیاری شاری هەولێر پێکردم، کە ئەوکات زۆربەی خێزانەکان ئیرەییان بە ئێمە دەبرد کە لەگەڵ ئەو خێزانە تێکەڵ دەبین، لەبەر ئەوەی خێزانەکە باش و دەوڵەمەند بوون و کوڕەکەش زۆر ڕێکوپێك بوو من بێ یەك و دوو ڕازی بووم، هەموو شتێك حازر کرا و چاوەڕێ بووین ڕۆژی هەینی ئاهانگەکە بکرێت، ئێوارەی چوار شەممە من بە تەنیا لە ماڵەوە بووم، دایکم لە حەسار بوو مانگای دەدۆشی حەسارەکەش لە تەنیشت ماڵی خۆمانەوە بوو، بینیم پیاوێکی دەمامکدار لەسەر دیوار ئاودیوی ناو حەوشە بوو، ویستم هاواربکەم، بەڵام دەستی خستە سەر دەمم و منی خستە ناو سەیارەکەی و بەزۆر منی ڕفاند.

ئەو ئامۆزایەم ژن و کۆمەڵێك منداڵی هەبوو، کەچی بەردەوام بە باوکمی دەگوت نەجیبە هی خۆمە و نابێت بۆ کەس بێت، باوکیشم هەمووجارێك پێی دەگوت کوڕم ئەتو ژنەکت هەیە دەڵێی زێڕە، لە خوای بە زیاد بێ کوڕت هەیە و کچیشت هەیە، بەختی کیژەکەم ڕەش مەکە و بابچێتە ڕێی خۆی، هەر لەبەر ئەوەش بوو باوکم ئەمنی بە ژن دا تاوەکو ئامۆزاکەم قسەی نەیەت و واز بێنێت.

بەڵام ئەو دەستی خۆی وەشاند و منی ڕفاند، ڕۆژی دواتر باوکم و براکانم ئەمنیان هێناوە ماڵی خۆمان، بەڵام پاش چی پاش ئەوەی ژیانی لەناو بردم، لە ئەنجامدا هاوسەرگیرییەکەم هەڵوەشایەوە و ماڵی دەستگیرانەکەم بەهۆی ئەو کارە قێزەوەنەی ئامۆزاکەم کشانەوە و گوتیان هەردوولامان ژنەکان تەڵاق دەدەین و تەڵاقدرام، ئەو کارەی ئامۆزاکەم بووە پەڵەیەکی ڕەش هەموو ژیانی تاریك کردم، بەڵام لەو کاتەوە بڕیارمدا کاربکەم و لەسەر پێی خۆم ڕابوەستم، کە ڕێگەیان نەدام کاری دەرەوە بکەم، گوارەکەمم فرۆشت و مەکینەیەکی دروومانم پێی کڕی، دوای مردنی دایك و باوکم لای برا بچووکەکەم مامەوە، هەرچەند لەسەر دەستی خۆمم و بەو مەکینەیە خەرجی خۆم و خەرجی ماڵەکەش دابین دەکەم، کەچی براژن و برازا بێزاریم لێدەکەن وەکو بێگانە ڕەفتارم لەگەڵ دەکەن، پاش ئەو هەموو ناخۆشی و زوڵم و تەعەدایەی لێم کرا، کەس خۆی بە خاوەنم نەکرد، براکەم کە من بۆی بە ژن درا بووم دوای دوو مانگ ژنی هێنا، جەژن و جەژنیش پێم ناڵێت خوشکم وەرە نانێك لە ماڵەکەم بخۆ، لەبەر هەموو ئەوانە هەمیشە دەڵێم حەمد و سەنا لۆ ئەو خوایە کە موحتاجی دەستی کەس نیم و بەخۆم خۆم بەخێو دەکەم.

**ئامۆزاکەم ژن و منداڵی هەبوو، کەچی بەردەوام بە باوکمی دەگوت نەجیبە هی خۆمە و نابێت بۆ کەس بێت، باوکیشم هەمووجارێک پێی دەگوت کوڕم ئەتو ژنەکت هەیە دەڵێی زێڕە**

**بڕیارمدا کاربکەم و لەسەر پێی خۆم ڕابوەستم، کە ڕێگەیان نەدام کاری دەرەوە بکەم، گوارەکەمم فرۆشت و مەکینەیەکی دروومانم پێی کڕی**



# هونەرمەندان بۆ کۆچی دوایی زاهیر عەبدوڵڵا چی دەڵێن

ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢٣-١١-٢٠٢٤ هونەرمەندی ناسراوی هەولێر و کوردستان «زاهیر عەبدوڵڵا» بە نەخۆشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی ڕزگاریی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. لە ڕۆژی ناشتنی لەسەر وەسیەتی خۆی بەناو گەڕەکی تەیراوەدا تەرمەکە بردرا بۆ گۆڕستان، ئەمەش وەك خۆشەویستیی بۆ ئەو گەڕەکەی تێیدا هاتە دنیا و زۆربەی تەمەنی خۆی لەوێ بەسەر برد.

هونەرمەندانی کوردستان بەم شێوەیە باس لە هونەرمەندی کۆچ کردوو زاهیر عەبدوڵڵا دەکەن.





## هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم:

کۆچی دوایی زاهیر عەبدوڵڵا بۆ هونەرمەندان ڕۆژێکی ڕەش بوو، ئەو کەڵە هونەرمەندەی زیاتر لە چل ساڵ خزمەتی هونەری کوردیی کرد، ماڵئاوایی لێکردین، هونەرمەندێك ئەو هەموو ساڵە خزمەتی کردبێت، بێگومان لەدەستدانی خەسارەتێکی گەورەیە بۆ کوردستان بە گشتی و هەولێر بەتایبەتی، تەمەنێکی زۆرمان پێکەوە بەسەر بردووە، ئەو یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی هەموومان شانازیی پێوە دەکەین.

## هونەرمەند عەلی کەریم:

هونەر مەندی کۆچکردوو مامۆستا زاهیر عەبدوڵڵا مێژوویەکە لە سەروەریی شانۆی کوردی، کە هەر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بە خۆشەویستیی شانۆوە ژیانی بردووەتە سەر و خاوەنی ئەزمونێکی زۆرە، ئەمە جگە لە نووسینە بە بەهاکانی، مامۆستا زاهیر بۆشایەکی زۆری لە شانۆدا بەجێهێشت، زۆر بەداخەوە.



## هونەرمەند فەرهەنگ غەفور:

زاهیر عەبدوڵڵا یەکێك بوو لەو هونەرمەندە خۆڕسك و هەڵکەوتووانە، کە هەمیشە لە کارەکانی بە سادەیی، بەڵام بێ ڕتووش و دەمامك و بە ئیقاعێکی هەولێریانە دەردەکەوت، مەبەستم ئەوەیە، ڕۆڵی خۆی وەك کارەکتەرێکی هەقیقی و سەرڕاست دەبینی، نەك بە زۆرلەخۆکردن، ئەمەش وای کردبوو کە زیاتر لە ناو هەواداران و بینەراندا بناسرێ و خۆشیان بوێ و لە ڕۆڵەکانی ڕازی بن.

ئەو ڕۆڵانەی کاك زاهیر دەیبینی وەنەبێ ڕۆڵی لایەنە ئەرێنییەکەی کۆمەڵگە بووبن، بەڵکو بەشی زۆری لە لایەنی نەرێنیی کۆمەڵگە ڕۆڵی دەبینی، ئەمەش زەحمەتە بۆ هونەرمەند و زەحمەتیشە تا بینەر و جەماوەری عەوام قبووڵی دەکەن و دەکەوێتە بەر دڵیان، بەراورد بە ڕۆڵی ئەرێنی، کە هەر بۆ خۆی لە لایەن بینەر و کۆمەڵگەوە قبووڵە، بۆیە ئەرکی هونەرمەند زاهیر عەبدوڵا لەوەدا زۆر قورس بوو، بەڵام زۆر باش توانی ئەو بەرپرسیاریەتییە هەڵبگرێ و پەیامەکە بگەیەنێ و واش لە جەماوەر و خەڵکی عەوام بکات لێی تێبگەن و قبووڵی بکەن و خۆشیان بوێ.

بەڵێ بینەران و خەڵك بە گشتی لە کاکە زاهیر ڕازی بوون و خۆشیان ویست، ئەمەش هەوڵی خۆی بوو، ئامانجی خۆیشی بوو، بۆیە بۆ هەمیشە لە یادەوەری و لە دڵی ئێمە و بینەراندا دەمێنێتەوە.



## هونەرمەند شێرزاد پۆلیس:

زاهیر عەبدوڵڵا هونەرمەندێکی گەورە و دڵساف بوو، هەمیشە دەم بە پێکەنین و قسەخۆش بوو، ڕۆژێك نەمبینیوە کە کەسێك لێی زویر بێت، هەمیشە کارەکانمان بە قسەی خۆش و پێکەنین ئەنجام داوە، لەو کارانەدا ڕۆژێك نەبووە ناکۆکی یان ناخۆشی بکەوێتە نێوانمان، کۆچی دوایی مامۆستا زاهیر بە لای منەوە یەکێك بووە لە بەئازارترین ڕۆژەکان.



## هونەرمەند سەعدون یونس:

زاهیر عەبدوڵڵا زیاتر لە بیست وەك ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنەر یان بەشداریکردن لە ئامادەکردنی دەق لەگەڵ من کاری کردووە، وەك لە تەمسیلەکانی (محەمەد و سێوێ و حاجی قادری کۆیی، شەوچرا،ماڵی نوێ، کەونە دەرکە، هەبوو نەبوو، مەڕانە، ئاسکە، قەڵای دمدم، کۆلارە، گوڵاڵە، قاسپەی کەو و چەندین کاری دیکە، لەو کارانەدا زۆر بەتوانا و دڵسۆز بوو بۆ کارەکانی.

زاهیر عەبدوڵڵا بەم کۆچەی لاپەڕە گەشەکانی داهێنانی هونەری لەگەڵ خۆی برد، بۆیە هەر ئەوەندە دەڵێم ڕۆحت شاد زاهیر عەبدوڵڵا.



## هونەرمەند ئەیام ئەکرەم:

لە ساڵانی نەوەدەکانەوە پێکەوە چەندین کاری هونەریمان ئەنجام داوە و یادگاریی زۆر خۆشمان بەیەکەوە هەبووە، دەتوانم بڵێم ئەو باشترین مرۆڤ بوو، مامۆستا زاهیر عەبدوڵڵا هەمیشە هانی هونەرمەندانی دەدا بۆ پێشکەشکردنی کاری باش، ڕۆژێك لە ڕۆژان باسی هونەرمەندانی نەکردووە ئەگەر بە باشە نەبێت.


## هونەرمەند شوکروڵڵا شێخانی:



سەرەتای ناسینم لەگەڵ گەورە هونەرمەندی کورد و کۆچکردوو «زاهیر عەبدوڵڵا» دەگەڕێتەوە بۆ شانۆگەریی هەبو نەبوو، پاشان لە «کەوەکانی قەرەچوخ» و «ئادیابین»، لە هەردوو شاکارە مەزنەکەدا وەك دوو ئەکتەری سەرەکی تەواوکەری یەکتر بوین و هەردووکمان ئاوێتەی یەکتر بووین بۆ سەر خستنی هونەری کوردی، زاهیر عەبدوڵڵای براو هاوڕێم و هونەرمەند، هەتا بڵێی پیاوەکی پاك و قسەخۆش و بەتوانا بوو لە نواندندا، و مرۆڤێك بوو خاوەن کەسایەتییەکی گەورەو ڕێزدار بوو، ئەو مرۆڤە چاکە لە هەر دانیشتنێکدا بایە دەم بە پێکەنین بوو و نوکتەی خۆشی دەگۆت، هەردەم ڕووگەش و کراوە بوو، ئەو ڕۆژانەی لەسەر قەراتە سەرکەش و سەربەرزەکەی هەولێر بوین، لۆ ئەنجامدانی ئادیابین شاکارە مەزنی دەرهێنەری بەتوانا و پڕ لە سەلیقە حەسەن عەلی خان، هەر کە دەهات یەکترمان لە باوەش دەگرت و وەك کلتوری کوردی یەکترمان ماچ دەکرد، ئیتر ئەوە ژیانە دەبێ هەموو کۆچ بکەین، دەنا کەلێنی ئەو گەورە هونەرمەندە هەرگیز پڕ نابێتەوە، لەو ڕۆژانە خەریکی ئادیابین دوو بووین دیمەنەکانمان تۆمار کرد، بەداخەوە یەکسەر هەستم کرد کە ئەو لێرە بایە، ئەمن و ئەو بەرامبەر یەك پێکەوە بووینایە ئەو دیمەنە دەچووە لووتکە.

# ژیاننامەی هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا

زاهیر عەبدوڵڵا خدر لە ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایك بووە، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر خوێندووە و بەشی کارەبای لە ئامادەیی پیشەسازیی هەولێر تەواو کردووە.
لە ساڵی ١٩٧٢ بۆ یەکەمجار بەشداریی شانۆگەرییەك دەکات بە ناوی «ئەنجامی پووڵپەرستی» هەروەها بەشداریی دەیان شانۆگەری و دراما و فیلمی سینەمایی کردووە.
جگە لە کاری هونەری، لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەستی بە چیرۆکنووسین کردووە و کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی «خەرەند» بڵاو کردووەتەوە.
لە ساڵی ١٩٨٠ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ شیرین سابیر پێك دەهێنن و باوکی سێ کوڕ و دوو کچە.
و بۆ یەکەمجاریش لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی هاوسەرەکەی دەگرێت و دەیباتە سەر تەختەی شانۆ، دواتریش لە چەندین دراما و فیلمدا بەیەکەوە ڕۆڵ دەبینن. بەشداریی دەیان شانۆگەری و دراماى کردووە کە دیاترینیان درامای «هەبوو نەبوو» بوو، کە یەکێکە لە کارە جوانەکانی و زۆر کاردانەوەی گەورەی لەنێو خەڵکدا هەبوو، هاوکات کۆمەڵێك هونەرمەند لە ڕێگەی ئەم کارەوە چوونە نێو خەڵك، لەوانەش زاهیر عەبدوڵڵا بوو کە بە ڕۆڵی عومەر چاوچنۆك بەشداریی ئەم کارەی کردووە.
لە ساڵی ١٩٧٩ کاتێك قوتابیی ئامادەیی پیشەسازی دەبێت، سوود لە حەیرانێك وەردەگرێت و وەکو شانۆنامەیەك دەینووسێتەوە و دەیکاتە شانۆگەریەك بەناوی «محەمەد و سێوێ» و دواتر لە تەلەڤزیۆنی کەرکوك شانۆگەرییەکە تۆمار دەکەن.
دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ بەشداریی لە تەمسیلی «کەونە دەرکە» دەکات، لە ساڵی ١٩٩٣ بەشداریی زنجیرە تەمسیلی «کەوەکانی قەرەچووخ» دەکات کە ڕۆڵی جەوهەر ئاغا دەبینێت و ستەم لە دانیشتوانی گوندەکەی دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٧ بووەتە بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی هەولێر و ماوەی شەش ساڵ لەم پۆستەدا خزمەتی کردووە.
هونەرمەند زاهیر عەبدوڵڵا ساڵی ٢٠١٩ کتێبێکی بیرەوەریی بڵاو کردەوە بەناوی «تەیراوە هەر بە پیاسە» کە تیایدا باسی سەردەمی منداڵیی خۆی دەکات تا ڕۆژی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و لەم کتێبەدا هەوڵی داوە واقیعی ژیانی خۆی بنووسێتەوە.





## دەرهێنەر کارۆخ ئیبراهیم حەکیم

زاهیر عەبدوڵڵا بەشێکی گرنگی یادەوەرییە لەگەڵ هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها بەشێکی گرنگی مێژووە، ئەگەر سەیری مێژووی هونەری شاری هەولێر بکەین ماموستا زاهیر عەبدوڵڵا پشکی شێر و بەشە ڕاستەقینەکەی بەردەکەوێت، ئەویش بە ئامادەبوونی، ئەو نەك تەنیا خۆی بەڵکو خانەوادەکەشی جێپەنجەیان دیار بوو، لە سەردەمێکدا کە «شیرین خان»ی هاوسەری لە کاری هونەریدا بەشداریی دەکرد، تەنانەت بۆ پیاوانیش شتێکی شەرمهێنەر بوو، بۆیە ماموستا زاهیر وەك خانەوادە و کەسێکی لەخۆبردوو لە گۆڕەپانی هونەریدابووە. بۆ من کەسێك بووە کە بەردەوام ڕاوێژم پێی کردووە، چونکە لە دیدنی و تێگەیشتنی ئێمە ئەو کەسێك بوو دەبوایە ڕاوێژی پێ بکرێت، بۆیە بە ڕۆیشتنی بۆشاییەکی گەورەی بۆ ئێمە جێهێشتووە.

## هونەرمەند خەرمان هیرانی:

زاهیر عەبدوڵڵا هونەرمەندێکی ئەوەندە بەئەزموون بوو لە هونەری کوردیدا، کە ناتوانم هەڵسەنگاندنی بۆ بکەم، جێگە و پێگەی خۆی دیارە، ئەزموونێکی زۆری هەبوو و هەر بە گەورەیی و جوانی لە دڵی خەڵك و خۆشەویستانیدا دەمێنێتەوە، ساڵێك پێش ئێستا لە ئادیابین پێکەوە کارمان کرد، بۆیە زۆربەی کاتەکان پێکەوە بووین، بەردەوامیش پەیوەندیمان هەبووە و لە هەواڵی یەکترمان پرسیوە.





سرووشت عومەر

ڕاهێنەری فێرگەکان لە پارێزگای سلێمانی:

# منداڵان فێرگەکان هەڵدەبژێرن بۆ یاریکردن لەوێشەوە بەهرەکانیان دەردەکەوێت



*** ئاستی یاریی تۆپی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لەگەڵ کرانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، ئاستی تۆپی پێی کچانیش بەشێوەیەکی بەرچاو چووەتە پێشەوە و هۆشیارییەکی زۆری وەرزشی لە ناو تاك و خێزانی کۆمەڵگەکەماندا پەیدا بووە، کە هاوکاریی کچەکانیان دەکەن بۆ هاتنە ناو یارییەکە، ئەمەش وای کردووە کە ڕێژەی یاریزانەکان زۆربێت و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی بەرەو بەرزبوونەوە بڕوات .

*** ئایا بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتی بۆ ماوەیەکی کەم سوود بە یاریزانان دەگەیەنێ؟**

- بەڕاستی پاڵەوانێتییە ماوە کورتەکان تەنیا وەکو چالاکییەکی خۆشی سەیر دەکرێن، سوودەکەشی دیاری کراوە، ئەگەر چالاکی و پاڵەوانێتییەکان ماوە درێژبن بەدڵنیاییەوە سودی زۆری دەبێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی تۆپی فوتساڵی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- پێویستە چالاکی و خول و پاڵەوانێتییەکان زیاتر بکرێن و گرنگی بدرێت بە فێرگە و ئەکادیمیاکان، تا زۆرترین یاریزانی کچ بەشداریی تێدا بکات، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەوەوە زۆرترین یاریزانی بەهرەمەند دەربکەوێت و ئاستی یارییەکە بەرەو پێش بجێت.

***گرفتی یارییەکانی تۆپی فوتساڵ لە چیدا دەبینی؟**

- نەبوونی تیمی زۆری کچان و نەبوونی هۆڵەکانی فوتساڵ بۆ ئەنجامدانی یارییەکە و گرنگینەدان بە



هەبوونی فێرگە وەرزشییەکان لە ئێستادا بووەتە هۆکارێکی باش بۆ پەروەردە و دروستکردنی یاریزانان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، فێرگەی «فیوچەرستار»یش یەکێك لەو ژمارە فێرگانەی شاری سلێمانی کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی ئەستەکانی تەمەنە لە یاریی تۆپی پێی. یەکێك لە ڕاهێنەرەکانی فێرگەکەش (سرووشت عومەر)ـە، کە وەکو یاریزان بۆ یانەکانی ئافرەتانی هەولێر و ئافرۆدێت و سیروانی نوێ و نەفتی میسان و بەلەدی شاری بەغداد یاریی کردووە، ئێستاش ڕاهێنەری ئەو فێرگەیە لە شاری سلێمانی، سرووشت لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ ی پارێزگای سلێمانییە و جگە لەوەی یەکێکە لە ڕاهێنەرە بەتواناکان، سەرپەرشتیی یاریزانانی ئەو فێرگەیەش دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتوودا خزمەتێکی زۆر بە یاریی تۆپی پێ بکات و ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی شارەکە پێشکەشی یانەکانی کوردستان بکات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد سەبارەت بەم وەرزشە.

یارییەکە لە لایەن بەرپرسانی وەرزشەوە، لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم یارییەن.

*** بڕیارت نەداوە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەیەك بگریتە ئاستۆ؟**

- بەهۆی کەمیی یانە و چالاکی و خولەکان، نەخێر بڕیارم نەداوە لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەیەکیش بگرمە دەست بەس بۆ کاتی ئەو خولە دەبێت کە دەکرێتەوە، منیش حەز دەکەم لە کارە کانمدا پلانی درێژ خایەنم هەبێت و کاتم زۆر لەبەردەستدا بێت بۆ ئەو تیمەی کە کاری لێ دەکەم .

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە ڕاهێنەرێك؟**

- گەورەکردنی ئەم پڕۆژەیەی کە ئێستا کاری تێدا دەکەم بە بەهێزکردنی تیمی کچانەکەی و پەروەردەکردنی کۆمەڵێك یاریزانی باشی بەتوانا، کە بەیەکەوە گەورەبن تا بتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا ببین بە ژمارەیەکی گەورە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق.

*** لەگەڵ ئەوەدایت یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- بە بڕوای من ئەوە شتێکی ئاساییە و بەشێکە لە پڕۆسەکە، بەڵام وەکو حەز، حەز دەکەم زیاتر پشت بە توانا ناوخۆییەکان ببەسترێت.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- داواکاریم ئەوەیە هەتا بتوانن هاوکاریی پڕۆژە وەرزشییەکان و کادرە لاوەکانی بواری وەرزش بن و هەوڵ بدەن لاوەکان بهێننە پێشەوە تا تواناکانیان دەربخەن .

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

- بەڕاستی من ئێستا وەك ڕاهێنەرێك بەردەوامم و یاری ناکەم، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم خەونم بوون بە ڕاهێنەرێکی باش و بەتوانا و پەروەردەکردن و دروستکردنی تیمێکی زۆر باشی کچانە.

*** کردنەوەی ئەم فێرگانە تا چەند سوودی هەیە بۆ دۆزینەوەی یاریزانان؟**

- سودێکی زۆری هەیە لەبەر ئەوەی ئێستا وەك ساڵانی پێشتر نییە منداڵ لە کۆڵانەکاندا یاری بکەن، ئێستا منداڵان فێرگەکان هەڵدەبژێرن بۆ یاریکردن لەوێشەوە توانا و بەهرەکانیان دەر دەکەوێت .

*** ئێوە بە چ شێوازێك بەدوای یاریزانانداا دەگەڕێن؟**

- فێرخوازەکان ئێمە دەدۆزنەوە و لامان یاری دەکەن و باشترینەکان ئاستەکانیان جیا دەکرێتەوە، بەو شێوەیەش دەچنە قۆناغی داهاتوو.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

- بەردەوامبوون لە کاری ڕاهێنەرایەتی و گەورەکردنی ئەو فێرگەیەی کاری تێدا دەکەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم، هیوای بەردەوامیتیان بۆ ئەخوازم، بە گرینگیدانتان بە بوارەکە، یەکێکن لە هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی وەرزشی کچان.



## یانەی سەنگەسەر هـــ

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سەنگەسەری دەڤەری پشدەر وەرزی ڕابردوو نەیتوانی بگاتە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان. هەر چەندە گەیشتبوو بە یاریی کۆتایی، بۆ ئەم وەرزەش یانەکە دەیەوێت بە گڕو تینێکی زۆرەوە و دەست بە ئامادەکارییەکانی خۆی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم وەرزە پلیتێکی سەرکەوتن بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، بەڵام یانەکە گرفتی دارایی هەیە و تاکو ئێستا هیچ لایەنێك هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتە داراییەکانی یانەکەی نەداوە، لەم بارەشەوە «بەختیار عەبدوڵڵا» سەرۆکی یانەی وەرزشیی سەنگەسەر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ وەرزی ئەم ساڵی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان بەشدار دەبین، هەر چەندە تاکو ئێستا وادەی دەستپێکردنی خولەکە دیار نییە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ بە شێوازێکی زۆر باش خۆمان ئامادە بکەین و ئەوەی لە توانامان بێت خزمەتی وەرزشی دەڤەرەکەمانی بکەین و، لە پێناو ناوی یانەکەمان و بەرزکردنەوەی وەرزشی شارەکەمان کەمتەرخەمی نەکەین»، لە بارەی گرفتەکانی

## یانەی ڕواندز گرف



هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی ڕواندز بە گوڕوتینێکی زۆرەوە شان بە شانی یانەکانی سۆران و هەلۆی دەڤەرەکەیان بەشداریی یارییەکانی وەرزی تازەی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستانی کردبوو، بەڵام ئاست و ئەنجامی تیپەکە وەکو پێویست نەبووە و هیچ سەرکەوتنێکیان لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان تۆمار نەکردوە، ئەنجامە خراپەکانی یانەکەش ڕاهێنەری یانەکەی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کردووە لە یانەکە، بەڵام کارگێڕیی یانەکە هەوڵی باشترکردنی ئاستی تیپەکە دەدات و گرفتە داراییەکانیش هۆکارن بۆ ئەوەی نەتوانن بگەنە ئاستێکی باشتر، لەم بارەشەوە «سەرهەد سەلام» سەرۆکی یانەی وەرزشیی ڕواندز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئەمساڵ بەشداریی یارییەکانی خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستانمان کردووە، بەڵام لە یارییەکانی چوار هەفتەی ڕابردوو ئاست و ئەنجامان وەکو پێیوست نەبوو، بۆیە ڕاهێنەری یانەکەمان دەستی لە کار کێشاوەتەوە، ئێمەش وەکو کارگێڕیی یانەکە هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی

# یانەی شێروانە پێشەنگی یانەکانی کوردستانە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی شێروانەی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان ئەم وەرزە بە تیپێکی تۆکمە و بەهێز هاتۆتە نێو کێبڕکییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، یانەکە ئەم وەرزە ١٢ یاری لە خولی نایاب ئەنجامداوە و زۆرترین سەرکەوتنی لە سەرجەم یانەکان بەدەست هێناوە کە بریتیە لە هەشت سەرکەوتن و دوو یەکسان بوون و دوو شکست، لەکۆی ئەم ١٢ یارییە خاوەنی ٢٦ خاڵە و بێ ڕکابەری پێشەنگی یانەکانی گرتووە، کارگێڕیی یانەکە پشتگیری تەواوی یانەکەی کردوە لەم وەرزە بۆ ئەوەی بتوانێ بە هەمان سیناریۆی وەرزی ڕابردوو ئاست و ئەنجامی شایستە لە خولەکە بەدەست بهێنن و هەنگاو بە هەنگاو لەنازناوی خولەکە نزیك ببنەوە. کارگێڕیی یانەی شێروانە بۆ قۆناغی دووەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی بەتایبەت لە هێڵی هێرشبردن بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی پیشەگەری ئەفریقی محەمەد عەباس یاریزانی پێشووی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کردوە بۆ ئەوەی بتوانێ لەم قۆناغە بتوانێ خزمەتێکی باشی یانەکە بکات. کاپتن عادلی ڕاهێنەری یانەکەش ئەم وەرزە گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك یاریزانی پیشەگەر کردووە و چەندین یاریزانی کۆنیشی گەڕاندۆتەوە یانەکە بە ئامانجی بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان.



## ـــــــــەوڵی گەڕانەوە دەدات

یانەکەشی سەرۆکی یانەی وەرزشیی سەنگەسەر گوتیشی: »ئێمە نایشارینەوە کە گرفتی داراییمان هەیە لە یانەکە و تاکو ئێستاش کەس هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئێمەی نەداوە، ئامانجمان ئەوەیە بتوانین دەرگایەکی هاوکاری بۆ یانەکەمان بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەمساڵ هەموو هەوڵێك بدەین تیپێکی بەهێز و تۆکمە بۆ خۆمان دروست بکەین و، بتوانین کێبڕکێی یانەکانی دیکەی کوردستان بکەین و هەوڵی بەدەستهێنانی گەیشتن بە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بدەین».

## ـــــــــتی دارایی هەیە

بتوانین ئاست و ئەنجامان لە خولی پلە یەکەکان وەکو پێویست بێت، هەر چەندە ئەم وەرزە چەندین یاریزانمان هێناوەتە ڕیزی یانەکەمان بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامان بەرچاو بێت، بەڵام تاکو ئێستا نەمانتوانیوە ئەنجامەکانمان دڵخۆشکەر بێت، گوتیشی: یانەکەمان گرفتی دارایی هەیە و تاکو ئێستا پارەی وەرزی ڕابردووش قەرزارین و بڕە پارەیەك وەکو قەرز لای ئێمە ماوە کە هی خەڵکە، بەهیوای ئەوەین هاوکاریمان بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین گرفتە داراییەکانمان چارەسەر بکەین و بتوانین لە یارییەکانی داهاتوو کاری باش بکەین، بۆ دووبارە گەڕانەوەی یانەکەمان بۆ ئەنجامی باش.





# گرژبوونی ماسولّکە: باوترین هۆکاری ئازاری مل

ئەگەرچی ئازاری مل گەلێك هۆکاری لەپاڵە، بەڵام گرژبوونی ماسوولکەکانی مل و شان بە باوترین هۆکار دادەنرێت، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی گرێی ڕەق Hard knots لەم ماسوولکانەدا کە بە فشاردان ئازار پەیدادەکەن. گرژبوونەکە ڕوو دەدات لە ئەنجامی زیاد ماندووکردنیان، سترێسی فیزیکیی درێژخایەن، سترێسی دەروونی، بۆنموونە دانیشتن بەرانبەر کۆمپیوتەر بۆ ماوەیەکی زۆر، نووستن بە پۆزیشنێکی نەگونجاو کە فشاری زیاد دەخاتە سەر ماسوولکەکانی مل، مەشقی وەرزشی کە ببێتە ئەگەری سووڕانی کتوپڕ و بەهێزی ماسوولکەکانی مل، هەڵگرتنی جانتای قورس، زەبر بۆ ناوچەی مل کە کاریگەری بکاتە سەر ماسوولکە و بەستەرەکان، هەروەها پۆزیشنی نەگونجاو لەکاتی دانیشتن بۆ هەر مەبەستێك. هۆکارەکانی دیکەی ئازاری مل: پووکانەوەی ئێسك، هەوکردنی بڕبڕەکانی مل یان هەوکردنی جومگەکانی بڕبڕەکان، هەوکردنی ئێسك، تەسکبوونەوەی کەناڵی پەتکە دەمار، هەروەها شێرپەنجەی ئێسك. چارەسەرکردن: مەرهەمی دژەئازار، دەنکی دژەئازار و خاوکەرەوەی ماسوولکە، یان دەرزی لەکاتی ئازاری توندا، هەروەها بەکارهێنانی یاخەی مل Neck collar.

# ڕێنمایی خۆراکی بۆ ئافرەتی دووگیان



خۆراکی هاوسەنگ و تەندروست لەکاتی دووگیانیدا بایەخێکی زۆری هەیە بۆ پاراستنی تەندروستیی دایك و گەشەی دروستی کۆرپە. جگە لە دابینکردنی بڕی تەواوی وزە (کالۆری)، پێویستە کە گرنگیی تایبەت بە چەند ماددەیەکی خۆراکی بدرێت کە زۆر پێویستن بە درێژایی مانگەکانی دووگیانی، بۆنموونە ڤیتامین B9 (فۆلەیت)، ئاسن، کالسیۆم، لەگەڵ ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا ٣. ڕێنمایی خۆراکی: شیری کەمچەوری، پەنیر، ماست بۆ دابینکردنی کالسیۆم، ئینجا ماسی لە جۆری سالمۆن، ماکاریل یان هێررینگ هەفتانە دوو جار، لەگەڵ گوێز، زەیتی کانۆلا، تۆوی کەتان کە دەوڵەمەندن بە ئۆمیگا٣، هەروەها نیسك، نۆك، سۆیا و پاقلەمەنییەکانی دیکە، پاقلەی سودانی، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، سپناغ، برۆکۆلی، سلّق، گەڵای خەردەل، لەگەڵ میوەی ئاڤۆکادۆ کە دەوڵەمەندن بە فۆلەیت، لەگەڵ خۆراکی دەوڵەمەند بە ئاسن وەکو: گۆشتی سوور، مەحار(گوێچکەماسی)، جگەر، مریشك، ماسی، تۆوی کولەکەی زستانە، بندق، پاقلەمەنییە وشککراوەکان، نیسك، نۆك، لەگەڵ سەوزە گەڵا تاریکەکانی وەکو سپێناغ و سلّق، هەروەها میوەی جۆراوجۆر.



# زیادبوونی ڕێژەی ئاسن لە لەشدا

ئاسن بۆ دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن پێویستە، پاش تەواوبوونی تەمەنی خڕۆکە سوورەکان لەش ئاسنەکە دووبارە بەکار دەهێنێتەوە. زیادبوونی ڕێژەی ئاسن لە لەشدا Haemo- chromatosis حاڵەتێکی زۆر باو نییە، بەڵام ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەوا لە چەند ئەندامێکی لەشدا کۆ دەبێتەوە و زیانی پێ دەگەیەنێت، بەتایبەتی جگەر. هۆکارەکان: بۆماوەیی، نەخۆشیی تالاسیمیا، هەندێك جۆری کەمخوێنی، زیاد وەرگرتنی خوێن یان خوێن گواستنەوە، هەروەها ڕاهاتن لەسەر ئەلکهول. نیشانەکان: کەمبوونی ئاستی وزەی لەش، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، بێهێزبوونی لەش، ئازاری جومگە، تاریکبوونی ڕەنگی پێست، کەمبوونەوەی کێشی لەش، هەروەها ئەگەر چارەسەرکردن دوا بخرێت ئەوا دەبێتە ئەگەری: مۆمبوونی جگەر، شێرپەنجەی جگەر، نەخۆشیی شەکرە، لەگەڵ نەخۆشیی دڵ. چارەسەرکردن: وەرگرتن یان کێشانی بڕێك خوێن Venesection لە تووشبوودا، سەرەتا هەفتانە یەك جار تا ئەو کاتەی کە یەدەکی ئاسن لە لەشدا دەگەڕێتەوە ئاستی ئاسایی، کە لەوانەیە یەك ساڵ درێژە بکێشێت، پاشان ساڵانە ٢-٤ جار بە درێژایی تەمەن، هاوکات لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە خواردنی گۆشتی سوور.




# لە پێشانگای ساڵانەی CES ٢٠٢٥دا ژیـــ

وەك هەموو ساڵانی ڕابردوو لە سەرەتای مانگی ساڵدا پێشانگای ساڵانەی CES لەشاری لاس ڤیگاسی ئەمریکا کرایەوە. پێشانگاکە لە ڕۆژی ٧/ی ئەم مانگەدا کرایەوە و تا ڕۆژی ١٠ی مانگ بەردەوام بوو.
بۆ یەکەمجار ئەم پێشانگایە ساڵی ١٩٦٧ کرایەوە و ئەوکات نوێترین تەکنەلۆژییەکانی سەردەمیان تێدا نمایش دەکرد، لەسەرەتادا دووجار پێشانگا دەکرایەوە لە وەرزی هاوین و لە وەرزی زستاندا. لە پێشانگای ئەمساڵدا ژیریی دستکرد و ئەو ئامێرانەی پاڵپشتی لە ژیریی دستکرد دەکەن یا پێچەوانە ژیریی دستکرد قۆناغێکی بەرەو پێشبردوون نمایش

## ژیریی دەستکرد داهاتووی نیشاندانی تەلەڤزیۆن دەگۆڕدرێت

### تەلەڤزیۆنەکانی LG لە پێشانگادا

لە پێشانگای ساڵانەی CESدا کۆمپانیای LG دوو تیڤی خۆی لە ڕۆژی یەکەمدا نمایش کرد، تەلەڤزیۆنی جۆری OLED Evo M5 و OLED Evo G5 کە هەردووکیان لە یەکەی لێکدانەوەی جۆری Alpha 11 Gen 2 سوود وەردەگرن. بەهۆیەوە چەندین تایبەتمەندی ژیریی دەستکرد لە تیڤیەکاندان، وەك باشتر کردنی وێنە، بۆ نموونە کاتێك دیمەنی فیلمێکی کۆنیش کە بە ئامێرە کۆنەکان هەڵگیراوەتەوە جارێکی دیکە نوێ دەکاتەوە و کوالیتی بەرز دەکاتەوە. هەروەها ژیری دەستکردی کۆپایلێتی تێدایە. لەگەڵ ئەوەشدا تەلەڤزیۆنەکان پێویستیان بە ساڵانی داهاتوو پێویستیان بە گۆڕان نییەو بەڵکو لەلایەن خودی کۆمپانیاکەوە نوێ دەکرێنەوە.






# ـــــــــریی دەستکرد لە پێشەنگدا بوو

کران.
بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ لەمساڵدا ویستیان جارێکی دیکە تەلەڤزیۆن کە بەهۆی بەرهەمهێنانی مۆبایلەوە بایەخێکی ئەوتۆی نەمابوو سەرلەنوێ گرنگی پێبدەنەوە.
کۆمپانیای کۆرییەکان وەك پێشەنگی پێشانگاکەکە بوون وەك LG و سامسۆنگ، لەگەڵ ئەوانەش ئەنتەل، هایسێنس، تەی ئێم دی، نوێترین بەرهەمەکانی خۆیان خستەڕوو.
ئەمساڵیش وەك هەموو ساڵانی ڕابردوو لە فایلی ITای گۆڤاری گوڵاندا گرنگییەکی زیاتر بە پێشانگاکە دەدەین.

**هەروەك لە کورتە ڕاپۆرتێك لەسەر CES ٢٠٢٥دا ئاماژەمان پێدا ژیریی دەستکرد جارێکی دیکە گیانێکی تازەی بە تەلەڤزیۆنەکان بەخشی و هەوڵ دەدا سەرلەنوێ تیڤیەکان بگەڕێنەوە. لێرەدا نموونەی چەند تەلەڤزیۆنێك بخەینەڕوو کە لە پێشانگاکەدا نمایش کران.**

## سامسۆنگ تەلەڤزیۆنی جۆری Neo QLED پاڵپشتی ژیریی دەستکرد دەکات



سامسۆنگ جارێکی دیکە تەلەڤزیۆنی جۆری Neo QLED خستەڕوو، ئەمجارەیان ژیریی دەستکردی پێوە زیاد کرابوو. تەلەڤزیۆنی ناوبراو پشتیوانی لە سیستەمی Vision AI دەکات، بەهۆیەوە تەلەڤزیۆنەکە لە تەلەڤزیۆنێکی ئاسایی دەبێتە تەلەڤزیۆنێکی ژیر، بۆ نموونە زانیاری لەسەر ئەو بابەتەی لە تیڤیەکە بڵاو دەکاتەوە بە ژێر نووس نیشان دەدات. تەلەڤزیۆنی Neo QLED لەکاتی نیشاندانی فیلمێکدا بە ژێرنووسی ئەو زمانانەی کە تیڤیەکە پشتیوانی لێدەکات ژێرنووسەکە نیشان دەدات. دەکرێ لەو کاتانەی کە تەلەڤزیۆنەکە سوودی لێوەرناگیردرێ وەك تابلۆیەکی هونەری بە کوالیتی زۆر بەرز و بەو تابلۆیانەی کە بەکارهێنەر مەبەستیەتی سەیر بکرێ.



# شۆڕشێک لە جیهانی لاپتۆپدا

کۆمپیوتەری لاپتۆپ جگە لە کاروباری ئیداری نەبێت، ئەگینا بەتەواوی شوێنی کۆمپیوتەری دیسکتۆپی گرتۆتەوە. لاپتۆپ هەڵگرتنی ئاسانە، کێشی کەمە، لەکاتی پچڕانی کارەبادا بەکارهێنەر تووشی کێشە نابێت و زۆر تایبەتمەندی دیکەش.

کێشە و گرفتێك کە لە سیستەمی لاپتۆپدا هەیە بچووکی قەبارەی شاشەکەیەتی، هەربۆیە لاپتۆپ Greyshork X3 دەکرێ وەك شۆڕشێك سەیر بکەی لە جیهانی لایتۆپدا.


لاپتۆپی ناوبراو سێ شاشەی هەیە، شاشەی ناوەندی ١٦ ئینجە و دوو شاشەی لای چەپ و ڕاستی هەرکامیان ١٠,٥ن. کوالیتی نشاندانی زۆر بەرزە. هەر سێ شاشەکە دەکرێت ببن بە شاشەیەکی مەزن و هەروەها دەکرێت بە جیاش هەر کامیان پرۆگرامێکی تایبەتی لەسەر بکرێتەوە. کێشی شاشەکە ٢,٦ گرامە. پرۆسیسەری جۆری i7-12650H لەسەرە. هاردەکەی ٢ ترابایتە و ڕامەکەی ١٢ گیگابایتە. لەبواری ئەمنییەتەوە ئاستی بەرزە و سیستەمی ناسینی ڕوخسار و پەنجەمۆری تێدایە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هۆکار چییە مۆبایلەکەم زوو شەحنی باترییەکەی دادەبەزێت؟**

خوێنەرێك بەڕێز هۆکارەکانی دابەزینی شەحنی باتری گەلێکن، وەك کردنەوەی چەند پرۆگرامێك پێکەوە، کردنەوەی بەردەوامی وای-فای و بلوتوس و GPS. بەکارهێنانی بەردەوامی مۆبایل، یان ئاستی رووناکی شاشەکەی زۆر بەرزە. یان جار هەیە باترییەکە کۆن دەبێت، باتری مۆبایلیش کاتێکی دیاریکراوی هەیە و وەك باتری ئۆتۆمبیل ئیدی تێکدەچێت و خراپ دەبێت. بوونی ڤایرۆس لە مۆبایلدا ئەمەش هۆکارێکە بۆ دابەزینی شەحنی باتری. ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێدان هۆکارگەلێکی تایبەتن بە دابەزینی شەحنی باتری.



# ئاوێنە لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا

ژیریی دەستکرد تەنانەت ئاوێنەشی گرتۆتەوە، ئێستا ئاوێنە هەر جامێك نییە بۆ نیشاندان بەڵکو، بەهۆی ژیریی دەستکردەوە لایەنە تەندروستیەکانی بەکارهێنەریش باس دەکات.

ئاوێنەری جۆری Omnia کە پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد دەکات لە پێشانگای ساڵانەی ces2025دا نمایش کرا، ئاوێنەکە سەرەڕای ئەوەی کە ڕوخسار و شێوەی بەکارهێنەر نیشان دەدات، لە خوارەوەی تەرازوویەکی ژیری تێدایە کە کێشی بەکارهێنەریش دەپێوێ و بەهۆی ژیریی دەستکردەوە دەزاندرێ کە چەندە کێشی زیادە و هەروەها ئاوێنەکە زەختی خوێن، کێشەکانی تەندروستیش باس دەکات. سکانێکی جەستەدەکات و بەهۆی ژیریی دەستکردەوە دەزانێت کە بەکارهێنەرەکەی تووشی چ کێشەیەك بووە. هەروەها زانیاری لەبارەی چۆنییەتی خەوتن، کارکردی سییەکان و دڵ و چۆنییەتی خۆراك و گەلێك لایەنی دیکە باس دەکات.




# دەنگ تۆمار دەكات و دەینووسێتەوە

ئامێرەكانی دەنگ تۆماركردن لەسەردەمی پێشكەوتن و ژیریی دەستكرددا گۆڕانێكی زۆریان بەسەرداهاتووە. ئامێری جۆری ifly-tek بۆ ڕاگەیاندنكار و خوێندنكارانی زانكۆ و كەسانی دیكەش گرنگی خۆی هەیە. دەنگ هەڵگرەوەكە قەوارە و ستایلەكەی وەك دەنگ هەڵگەرەوەكانی دیكە دەچێت، بەڵام تایبەتمەندییەكانی زۆر جیاوازن. ئامێرەكە بەبێ ئەوەی بە ئینتەرنێتەوە پەیوەندی هەبێت، هەركاتێك دەنگەكە تۆمار دەكات و لەو كاتەشدا تایبی دەكات و دەینووسێتەوە، بەو تایبەتمەندییەی دەتوانێت ئاسانكارییەكی زۆر بۆ ئەوانەی دیمانە دەكەن، یان ئەو خوێندكارانەی لە زانكۆكاندا گوێ لە مامۆستاكانیان دەگرن بكات. ئامێرەكە شەش مایكی تێدایە. لە دە میتر دوورەوە دەتوانێت دەنگ هەڵبگرێتەوە. دەنگەكان بۆ پێنج زمان دەكاتەوە دەق و لەداهاتوودا زمانی دیكەشی پێوە زیاد دەبێت. شاشەیەكی دوو ئینجی لەسەرە كە دەقی دەنگەكە نیشان دەدات.
بە كاتژمێرێك شەحن دەبێتەوەو دەتوانرێت هەتا ١٧٥ كاتژمێر دەكرێت سوودی لێوەربگیردرێت.



## ژیریی دەستكرد بۆ دروستكردنی ڤیدیۆ

خزمەتگوزارییەكانی ژیری دەستكرد بەتایبەتی بۆ دروستكردنی ڤیدیۆ گەلێكن، زۆر ماڵپەڕ هەن كە تایبەتن بە دروستكردنی ڤیدیۆ بە ژیریی دەستكرد. هەندێك لەو ژیرە دەستكردانە دەقی نووسین دەكەن بە فیلم، واتە كاتێك دەقێكیان بۆ دەنووسی بەپێی دەقەكە فیلم دروست دەكەن و هەندێك لەو وێنانەی كە بەكارهێنەر پێیان دەبەخشێت دەیكەنە فیلم، ئەگەر سەرنجتان دابێتێ لەم ڕۆژانەدا یەكتر لە ئامێزگرتنی دووكەس لە فیلمێكی چەند چركەیە دا بۆتە باو. یەكێك لە ماڵپەڕە سەركەوتووانەی ئەو بوارە ماڵپەڕی Hailuo AIیە. لەو ماڵپەڕەدا بە ئاسانی دەكرێت فیلم دروست بكەی، دەكرێت هەم وێنەی بدەیەی و هەم بە دەقیش بۆی بنووسی.

# پرۆگرامێک بۆ نەخشەسازی ئۆتۆمبیل

هەرچەندە پیشەسازی ئۆتۆمبیل لە كوردستاندا نییە و هیچ كۆمپانیایەكی ئەوتۆ نییە كە پشتیوانی لە پیشەسازی ئۆتۆمبیل بكات، بەڵام لە داهاتوودا ئەم پیشەسازییەش بەهۆی پێشكەوتن و گەشەكردنی ناوچەكە كوردستانیش دەگرێتەوە.
لە پیشەسازی ئۆتۆمبیل دروستكردندا لەسەرەتادا پێویستت بە دیزاین و نەخشەسازی پارچەكانی ئۆتۆمبیلە، گەلێك پرۆگرام هەن ئەركیان نەخشەسازییە لە بواری پیشەسازیدا.
پرۆگرامی Autodesk Alias Automotive یەكێكە لە پرۆگرامە گرنگەكان و لەریزی بەهێزەكانیشدایە. لەسەرەتادا دیزاینێكی ئاسایی دەكات و پاشان دەیكات بە سێ ڕەهەندی. جگە لە كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی پیشەسازی ئۆتۆمبیل، تاكەكانیش ئەوانەی ئۆگری دروستكردنی ئۆتۆمبیلن دەتوانن سوود لەو پرۆگرامە وەربگرن.



# پاککەرەوەی سرووشتی بەکار بهێنە و لە مادەی کیمیایی دوور بکەوە




هەندێ کەرەستە لە هەموو ماڵێکدا بەردەستە، کە ڕەنگە ڕۆڵی هەبێت لە پاککردنەوە و تەعقیمکردندا، هەروەها جێگرەوەیەکی گونجاوە بۆ پاککەرەوەی ئامادەکراوی ماڵان کە مادەی کیمیایی بەهێزی تێدایە. ئەگەر نیگەرانیت لە مەترسییە تەندروستییەکان، ئەوا بە پاککەرەوەی سرووشتی یان ڕووەکی کەلوپەلەکانی ناوماڵ خاوێن بکەرەوە.

سرکەی سپی: سرکەی سپی پێکهاتووە لە ترشی ئەسیتیك و ئاو، هەروەها پاککەرەوەیەکی بەهێزە کە چەوری بە ئاسانی لەناو دەبات و بۆنی ناخۆش و پەڵە و پیسییە مۆمبووەکان لادەبات. ترشی بەرزی سرکەی سپی ڕێگەی پێدەدات بەکتریاکانی ڕووکار کەم بکاتەوە، هەرچەندە سرکەی سپی کەمتر کاریگەرە لە سپیکردنەوەدا، بەڵام پاککەوەیەکی تەندروستە.

لیمۆی ترش: ئەو ترشییەی کە لە لیمۆدا هەیە کارێکی زۆر باش دەکات لەسەر لابردنی پەڵەی وەك پاشماوەی پاککەرەوەکان لە گەرماو و چێشتخانەدا، هەروەها ڕووکارە ناکونیلەدارەکان پاك دەکات و کانزا ئۆکسجین کراوەکان پۆلیش دەکات، دەفر و تاوە مسییە کۆنەکان دەدرەوشێنێتەوە. هەروەها لیمۆ ئەو بەکتریایانە کەم دەکاتەوە کە ڕووکارە ڕەقەکان پیس دەکەن.



## ڕێکخستنی چاکەتی چەرم



چاکەتی چەرم هەمیشە توخمێکی بنەڕەتی بووە لە ڕەوتی مۆدەدا و یەکێکە لەو پارچە جیاوازانەی کە دەتوانیت بۆ بەدەستهێنانی دیمەنێکی نایاب بیپۆشیت، کە هەموو کات لەگەڵ سەلیقەتدا بگونجێت، بەتایبەت کە لەگەڵ چەندین پارچەدا دەتوانیت هەماهەنگی بکەیت بۆ دیمەنێکی تازە.

بۆیە دوودڵ مەبە لە هەڵبژاردنی لە ترسی ئەوەی بە زەحمەت لەگەڵ جلەکاندا هەماهەنگی بکەیت، دەتوانیت دیدگاکەت بگۆڕیت بە گرنگیدان بە جێبەجێکردنی چەند یاسایەکی سادە کە دەتوانێت گەرەنتی دیمەنێکی سەرکەوتووت بۆ کاتی بۆنە و شوێنە جیاوازەکان.

ئامۆژگاریت دەکەین کە چاکەتێکی چەرم بە ڕەنگی بێلایەن وەك ڕەش، بێجی هەڵبژێریت.. ئەم پلەبەندییانە لە ڕەنگەکاندا دەتوانن بە شێوەیەکی سادە و ڕەسەن لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی جلوبەرگدا بگونجێن کە لەبەردەستتاندایە. بۆیە دوودڵ مەبە لەوەی ئەو ستایلە تاقی بکەیتەوە کە پێی ئاسوودەیت، تەرکیز لەسەر ئەو دیزاینەش بکە کە لەگەڵ شێوەی بەژنوباڵاتدا بگونجێت، جا چ بە هەڵبژاردنی مۆدێلی بەرین یان تەسك یان درێژ، بۆ ئەوەی شیك دەرکەویت و دوور بێت لە هەر هەڵە و کەموکوڕیەك.

**ئامادە کردنی: شیلان عەلی**



# ماسکی توێکڵی پرتەقاڵ و نیشاستە بۆ توندکردنەوە و یەکخستنی ڕەنگی پێست

**چۆنیەتی ئامادەکردنی**

١- کەوچکێك پاوەری توێکڵی پرتەقاڵی وشککراو، کە بە هاڕینی توێکڵی پرتەقاڵ دوای وشککردنەوەی دەتوانی بەدەستی بهێنیت.

٢- کەوچکێك نیشاستە.

٣- کەوچکێك ماست یان گوڵاو بهێنە، ئەگەر پێستت هەستیارە باشترە گوڵاو بەکار بهێنیت.

**ئامادەکردن و بەکارهێنان**

لە ناو قاپێکی پاکدا پاوەری توێکڵی پرتەقاڵ لەگەڵ نیشاستەکەدا بە باشی تێکەڵ بکە، وردە وردە ماست یان گوڵاوەکە بۆ توێکڵی پرتەقاڵ و نیشاستەکە زیاد بکە، بەباشی تێکی بدە تاوەکو هەویرێکی نەرم و لاستیکی بەدەست دەهێنیت، کە دەتوانیت بە ئاسانی بەکای بهێنیت کاتێك دەیدەیت لە پێستت.

ماسکەکە لە دەموچاوت بدە، بەڵام ئاگاداربە لە دەوروبەری چاو دوور بکەرەوە، ماسکەکە لەسەر دەموچاوت بەجێبهێڵە بۆ ماوەی ١٥-٢٠ خولەك، یان تا بەتەواوی وشك دەبێتەوە.

دواتر بە نەرمی ماسکەکە بە سەری پەنجەکانت بە جووڵەی بازنەیی بەکار بهێنە، پاشان دەموچاوت بە ئاوی شلەتێن بشۆ.

بە خاولییەکی لۆکە بە نەرمی پێستت وشك بکەرەوە، پاشان کرێمی شێدارکەرەوەی پێستی لێ بدە.



# بچووکترین وڵات





وڵاتی سیلاند بە یەکێك لە نامۆترین وڵاتەکانی جیهان دادەنرێت، بەو پێیەی بێ خاکە و بێسنوور و دانپێدانانی نێودەوڵەتیی نییە، ڕووبەرەکەی لە ٥٥٠ مەتر چوارگۆشە تێناپەڕێت، سیلاند دەکەوێتە دەریای باکوور و دوورگەیەکی دەستکردە کە پێشتر قەڵایەکی دەریایی بووە بە ناوی فۆرت ڕۆفس، هێزی دەریایی شانشینی یەکگرتوو لە ساڵی ١٩٤٢ بۆ بەکارهێنان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا دروستی کرد. ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی سیلاند لە ٢٥ کەس تێناپەڕێت، ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە لە ئێستادا دانپێدانانی نییە، هەرچەندە «پادی ڕۆی بەیتس» لە دوای ڕاگەیاندنی دامەزراندنی وڵاتەکەی لە ٢ی ئەیلولی ١٩٦٧ەوە خۆی بە شازادەی وڵات دەزانێت.

# یاسا



**چەواشەکردنی دادوەری**

چەواشەکردنی دادوەری کردارێکە لەلایەن کەسێکەوە دەکرێت بە مەبەستی سەرلێشێواندن و بەلاڕێدابردنی دادگا یان دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە، بەوەی کە بیرۆکەی هەڵەیان پێ دەدات و وا لەو لایەنانە دەکات کە شتەکان بەڕاست دابنێن، لەکاتێکدا پێچەوانەی ڕاستین، لە ڕووی یاساییشەوە کردەوەکە بە تاوان ئەژمار دەکرێت و بکەریش ڕووبەڕووی لێپرساویەتی و سزادانی یاسایی دەبێتەوە. لە هەرێمی کوردستانیش بەگوێرەی یاسای سزاکانی عێراقی - هەموارکراو ئەم کردەوانە بە تاوان ئەژمار کراون و یاسادانەر لە مادەکانی (٢٤٨-٢٤٩-٢٥٠) باسی کردووە و جۆری سزاکەشی بۆ بکەری تاوان دیاری کردووە. بەگوێرەی مادە (٢٤٨)ی یاساکە چەواشەکاریی دادوەری ئەمانە دەگرێتەوە: گۆڕینی حاڵەتی کەسەکان، گۆڕینی حاڵەتی شوێنەکان، گۆڕینی حاڵەتی شتەکان، شاردنەوەی بەڵگەکانی تاوان، پێشکەشکردنی زانیاریی درۆ پەیوەست بە بەڵگەکانی تاوان. سزای ئەم کردەوانەش بریتییە لە بەندکردن و پێبژاردن یان یەکێك لەم دوو سزایە.

بەگوێرەی مادە (٢٤٩) چەواشەکاریی دادوەری ئەمانە دەگرێتەوە: هەر کەسێك دادگا داخوازیی ناوی لێ کرد یان دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە یان ئەفسەرێك لە ئەفسەرەکانی پۆلیس، ئەگەر کەسەکە ناوێك لە خۆی بنێت جیا لە ناوەکەی، یان سیفەتێك کە نەیبێت، ئەو کەسە بە تاوانبار هەژمار دەکرێت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە کاتکوشتنی مرۆڤ دەکات، کاتێك خەریکی سەردانیکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، کە کاتێکی زۆر دەخایەنێت تەنانەت هەندێك جار تەنیا سەیرکردنێك چەند کاتژمێرێك دەبات.



## دیمەنە سەیرەکان

**شەقامی هاوکاری و یارمەتیدان**

لە شەقامێك لە ئەڵمانیا، چەندین عەلاگەی خواردن و جل بەرگ هەڵواسراوە بۆ ئەوانەی کە پێویستیانەوەك هەژار و برسی و لێقەوماوان، هیچ کامێرا و ڤیدیۆیەك نییە بۆ وێنەگرتنی کارەکە. کێ پێویستی بە چی بوو سەیری دەکات و دەیبات، بێ ئەوەی کەرەستەکی زیاد لەخۆی یان نا پێویست ببات.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەگەڵ هاوپیشەکانت بەشێوەی گرووپ کار دەکەن، ئەمەش هەلێکی باشە بۆ ئەوەی سوود ببینیت، لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەوڵ بدە زیاتر نزیك بیتەوە لە ئازیزانت، تەندروستیت باشە و پێویستە بایەخ بەو هۆکارانە بدەیت کە دەروونت ئارام دەکاتەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هاوکاریکردنی هاوپیشەکانت و ڕێنماییکردنیان هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی لە لایەنی پیشەییەوە بەرەوپێش بچیت و بەرپرسانت ڕازی بکەیت، پێویستە بزانیت چۆن لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە مامەڵە دەکەیت و متمانەی هەمووان بەدەست دەهێنێیت، زیادەڕەوی لە خواردنەوەی کافایین مەکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەندێك کەس هەوڵ دەدەن بەربەستت بۆ دروست بکەن، گرنگە بزانیت چۆن ڕووبەڕووی دەبیتەوە، باشترە لە ژیانی ڕۆتینی لە لایەنی سۆزدارییەوە بێیتەدەرەوە و گۆڕانکاری بکەیت تا پەیوەندیت باشتر بێت، مۆڵەت وەرگرتن و حەوانەوە گرنگە بۆ تەندروستیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەوڵ بدە خۆت بەدوور بگریت لە هەر هۆکارێك یان هاوپیشەیەکەت کە بێزار دەکات، گۆڕینەوەی سۆز و خۆشەویستی بە ڕێزەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانت، بنەمای سەرەکییە بۆ بەردەوامبوون، دەبێت بە شێوەیەکی ئەرێنی لە توانا و وزەکانی خۆت بڕوانیت بۆ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونت نەبێت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

گەڕانی بەردەوام بەدوای کارێکی نوێدا مانای بەهێزی و بەدیهێنانی ئامانجەکانت دەگەیەنێت، هەربۆیە دەبێت هەمیشە ئامادەبیت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، هەمیشە کاتێکی زیاتر بۆ هاوبەش و خۆشەویستی ژیانت تەرخان بکە تا هەست بە تەنیایی نەکەیت، چونکە ئەویش بە هەمان شێوە پێویستی بە پشتیوانی تۆ هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت زۆرباشە و کارکردنی بەکۆمەڵیش وا دەکات هەنگاوی باشتر بنێیت، پێویستە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێزتر بکەیت، کەسێکی هێندە میهرەبان و بەسۆزیت، بە بابەتێکی هەستیار و سادە تووشی خەم دەبیت، ئەمەش وا دەکات لاوازبیت.

بۆ زانیاریت

# هێما و کۆدەکانی سەر تایەی ئۆتۆمبێل

هەر تایەیەك خێرایی و مێژووی بەسەرچوونی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە ئەم زانیارییانە لە سەر لای دەروەوەی تایە نووسراوە، بۆ نموونە ئەگەر لەسەر تایەیەك ژمارەی ١٤٢٣ نووسرا بێت، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەم تایە لە هەفتەی چواردەیەمی ساڵی ٢٠٢٣ بەرهەم هاتووە. هەر تایەیەك بە شێوەی ئاسایی لە نێوان ٢ تا ٤ ساڵ دەکرێ سوودی لێ وەربگیرێ و دواتر بگۆڕدرێ. خێرایی هەر تایەیەك بە پیتێك دیاری کراوە، بۆنموونە پیتی (L) واتا زۆرترین خێرایی ڕێگەپێدراو کە مرۆڤ دەتوانێ بەم تایەیە ئۆتۆمبێلەکەی لێبخوڕێت ١٢٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، پیتی (M)یش ١٣٠ و پیتی (N) ١٤٠وپیتی (P) ١٥٠ و پیتی (Q) ١٦٠ و پیتی(R) ١٧٠ و تەنیا پیتی (H) زیاتر لە ٢١٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە هەندێ لە تایەکان لە خێرایی زۆردا دەتەقن، چونکە ناتوانن لە سنووری دیاریکراو زیاتر بەرگەی پاڵەپەستۆی خێرایی بگرن، بۆیە پێویستە هەموو کاتێ سەیری هێمای دیاریکراوی سەر تایەی ئۆتۆمبێلەکان بکرێت و گرنگی بە خێرایی دیاریکراو بدرێت.




فیلم

## هەناسە مەدە - Hold Your Breath




فیلمێکی ترسناك و درامایەکی کۆمەڵایەتییە، باس لە خۆڵبارینێکی ترسناکی ساڵی ١٩٣٠ی ویلایەتی ئۆکلاهۆمای ئەمریکا دەکات، لەگەڵ هاتنی خۆڵبارینەکەدا، ئافرەتێك لەو ویلایەتەدا وا هەست دەکات دێوەکان لەگەڵ خۆلبارینەکەدا هاتوون و دەیانەوێت ئەزیەتی خێزانەکەی بدەن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٤) خولەکە، لە دەرهێنانی «کاری کراوس، ویل جۆنیس» لە نووسینی زۆی وایت، نواندنی فیلمەکە لەلایەن «سارا پاوڵسن، ئەمیا میلەر، ئەلۆنا جنس، ئەنالیگ ئەشفۆرد، بیل هیك، کۆرتنی کونایت»ـە.



## پەند و وتە

هێنری چارلس بۆکۆوسکی، نووسەری ئەڵمانی - ئەمریکی، ڕۆماننووس و نووسەری کورتە چیرۆك، لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەڵمانیا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٩٤ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی متمانە دەڵێ: کێشەی ئێستای جیهان ئەوەیە کە کەسانی ژیر و زیرەکەکان، گومانیان زۆر هەیە لە ڕووداو و بابەتەکان، کەچی کەسانی دەبەنگ خاوەن متمانەیەکی بەهێزن بە خۆیانن.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن،ئافرەت و پیاوێك، هەوڵ دە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا هەردووانیان بدۆزیتەوە.

لەم وێنەیەدا کەسێك دانیشتووە و کۆشکێکی بچووك لە پشتیەتی، هەوڵ دە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بزانیت کۆشکەکە ڕاستەقینەیە یان وێنەیە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەمێك بە ئاگاوە کارەکانت جێبەجێ بکە و چانسی نوێ لەدەست خۆت مەدە، بوێرانە هەنگاو بنێ، کەسێکی نەرمونیان و بەسۆزیت بەرامبەر هەمووان، ئەمەش وا دەکات متمانەت لای هەمووان هەبێت، واز لە زۆرخۆری بهێنە و ڕاهێنانی وەرزشی ئەنجام بدە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕێگە مەدە بەربەست و قورساییەکان خواست و هیواکانت لە لایەنی پیشەییەوە لەناو بەرن، هەمووان لە دەوری تۆدا هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، چونکە هاوکارییان دەکەیت، ڕەنگە تەندروستیت باش نەبێت، بەڵام کاتییە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کاتێك تووشی کێشەیەك دەبیت، پێویستە ئاگاداری کاردانەوەکانت بیت، بۆ ئەوەی لە لایەنی پیشەییەوە زیان بە پێگەت نەگات، لە ڕۆژانی داهاتوودا سەرکێشی چاوەڕێت دەکات و دڵخۆش دەبیت، گرنگە سیستمی خۆراکیی بەسوود پەیڕەو بکەیت، بۆ ئەوەی کێشت هاوسەنگ بێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ڕەنگە ڕووبەڕووی پرسیاری زۆر ببیتەوە لە لایەنی پیشەییەوە، بەڵام دەبێت ئامادەبیت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی بیتەوە، خاوەن کەسایەتییەکی سرووشتیی سەرنجڕاکێشیت، ئەمەش وادەکات کەسانێکی زۆر سەرسامت بن، یەکێك لەو کەسانە هاوبەشی ژیانت دەبێت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

پشتیوانیی هاوپیشەکانت قبووڵ بکە بەشێوەیەکی گونجاو، چونکە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی هەنگاوی باشتر بنێیت، بایەخ بە ئازیزانت بدە و خۆشەویستیی خۆتیان بۆ دەربڕە، بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز بن، ڕاهێنانی وەرزشی بەتوانات دەکات لە لایەنی جەستەییەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەرگیز کاروچالاکییەکانت دوامەخە، چونکە زیانت پێ دەگەیەنێت، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بە ستراتیژێکی نوێوە هەنگاو بنێیت، لایەنی سۆزداریت زۆرباشە و پێویستە کاتێکی زیاتر بۆ خۆشەویستەکەت تەرخان بکەیت، گەڕان لە ناو سرووشتدا دەروونت ئارام دەکاتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly January 13, 2025 Issue,No.1446


Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ریستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

Contact with us :

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

